# بووکی ئاتە خان

گەلاوێژ

# بووکی ئاتە خان

چیرۆک

نووسینی: گەلاوێژ

بووکی ئاتە خان
نووسینی: گەلاوێژ
بابەت: چیرۆک
بەرگ: مەحمود خۆشناو
چاپ: چاپی نوێ/ سلێمانی/ ٢٠١٨
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
ژمارەی سپاردنی (٤٨٩)ی ساڵی ٢٠٠٥ی وەزارەتی ڕۆشنبیری دراوەتێ

ئاته خان پیاڵە چایەکی بە دوو قووم تەواو کرد و بە پەرۆشی و هەڵەداوانەوە خۆی گەیاندە سەر پێپلیکەکان، کە هێشتا پەخشانی کچی نەگەیشتبووە نیوەی بە گەرمی و هەر وەک پاڕانەوە هاواری کردە کچەکەی و گوتی:

- ئا ڕاوەستە پەشە گیان لە دەورت گەڕێم. بیرم نەبوو تو خوا ناوی مەلیحی ئامۆزاشمی تێبخە.

پەخشان ڕاوەستا و سەیرێکی پارچە کاغەزەکەی دەستی کرد و بە سەرسووڕمانێکەوە گوتی:

- ئەرێ بەڕاست دایە گیان ئەمە تۆ چی دەکەیت و نیازت چییە؟ بەم حیسابەی تۆ شەش-حەوت قەمەرەش بەشمان ناکات. قابیلە هەرچی خزم و ئاشنا هەیە هەموویان هەر ئەبێت بێن.

ئاتە خان دیسانەوە وەک پاڕانەوە گوتی:

- تو خوا ڕۆلە گیان مەلیح گوناحە، ئێستا دڵی بە خۆی دەسوتێت و ئەڵێت ئەوە، چونکە فەقیرم و حاڵم باش نییە. وەکو ئەوانی تر بۆیە منیان نەبرد.

ئاتە خان هێشتا ویستی قسە بکات، کە پەخشان قەڵەمەکەی دەرهێنا و گوتی:

- باشە بەسەر چاو، ئەمەش مەلیحە خان؛ بەڵام ئیتر تەواو، بە سەری باوکم و بە سەری حەسەن خۆی، ئیتر ناوی کەسی تر نانووسم. بەسە چیت کرد! ئێستا خۆیان ئینشەڵڵا بە سەلامەتی ئەگەنە جێ و هەموو ئەیانبینین، ئەمەی بۆ چییە!

ئاتە خان ئارامیی لێ بڕابوو. سرەوتی نەمابوو. سەعات و ڕۆژی ئەژمارد کە کەی ڕۆژی جومعە دێت... ڕۆژی جومعەی لێ بووبوو بە ساڵ و هەر لە بڕانەوە نەدەهات.

ماڵ هەمووی ئامادە کرابوو، ژوور فەرش و قاڵیی تیا داخرابوو. ژووری حەسەن گیان و بووکی نازداری و دوو کوڕەزا جوانەکەی ڕێک خرابوون، تاوەکو کەلوپەلی یاریی منداڵانەش هەموو کڕدرابوون و لە سووچێکی ژوورەکەدا ڕیز خرابوون. لە دوو مانگ پێش ئەوە ئاتە خان ماڵی گەرموگوڕ بوو، هەمیشە دوو-سێ ژنی خزم، یان ئاشنا نزیکەکانی لە دەوری بوون، بێجگە لە شاگردەکانی میرزا عەلیی مێردی، کە هەمیشە بەڕێوە بوون و داخوازییە لەبنەهاتووەکانیان بۆ جێبەجێ دەکرد، کولیچە، پاقلاوە، بستە، دەنکە کوولەکە و ئەو جۆرە شتانە، چەند هەفتە لەوە و پێش هەمووی ئامادە کرابوون. هەرچەندە میرزا عەلی و پەخشانی کچی زوو زوو دەچوون بە گژیدا و پێیان دەگووت: هێشتا زووە بۆ وا خۆت دەشڵەژێنیت، ئەم شتانە کۆن دەبن تاوەکو ئەوان دێنەوە. هەندێک دان بە خۆتدا بگرە ئەم پەلەپەلەی بۆ چییە؟

یاخود وەکو پەخشان پێی گوت: تو خوا ئەمە بۆ چەندەمین جارە ئەچێت تۆ ئەم شتانەت دروست کرد و خۆت شپرزە ئەکەیت و ئاخریش هەموو هەر خۆمان ئەیخۆین. ئەوەتا خۆت ئەزانی گوێز چەند بە زەحمەت چنگ ئەکەوێت و چەند جار ئەینێریتەوە و بەدڵت نابێت و ئەڵێیت هەمووی ڕەش و پووچەڵ و کوێرن.

میرزا عەلیش وەرامی کچەکەی دەدایەوە و بە هەندێک توندییەوە دەیگوت:

- ئاخر بڵێ چی، خۆ ئەو ئاگای لێ نییە کە بە چ شەڕەشەقێک ئەم گوێزە پەیدا ئەکەم.

دواتر هەر لە بەر خۆشیەوە دەیگوت:

- بۆچی ئەم بێشەرەفانە دارگوێزیان هێشتووە؟! تاکو گوێز هەبێت لە بازاڕ. وا ئەزانێت جارانە. ئەم حکومەتە بێویژدانە بۆچی چییان هێشت تاوەکو دارگوێز بهێڵن، هەموویان بڕی و سوتاندیان، ڕەبی ماڵی ئەوانیش وا بسووتێت و کاول بێت. بۆچی دێیان هێشت تاوەکو دارگوێز بمێنێت!

ئاتە خان لەم بۆڵە و خۆتانەدا بێزار دەبوو، ڕادەپەڕی لێیان و دەیگوت:

- ئەوەندە لەسەر شت مەڕۆن و ئەوەندە باسی مەکەن، وای چەند حەز لە بۆڵەبۆڵ ئەکەن و چەند شت گەورە ئەکەن.

مێردەکەشی سەرێکی با دەدا و دەیگوت:

- باشە باش هەمووی قسەی تۆیە. تۆ ئەوەندە خۆت سەغڵەت مەکە و تۆزێک دان بە خۆتدا بگرە. ئینشەڵڵا ئەیانبینی و تێریشیان لێ ئەخۆیت و ڕەنگە بەینێکی تر لێشیان تووڕە بیت و شەڕیشیان لەگەڵ بکەیت.

ئاتە خان کێشای بە سینگی خۆیدا و بە گەرمییەوە گوتی:

- ئەیەڕۆ ئەم قسەیە چی بوو کردت! ئۆە زمانم لاڵ بێت ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان پێیان بڵێم بەری چاوتان کلی پێوەیە.

پەخشان بە پێکەنینەوە گوتی:

- خوا نەکا دوور لە تۆ، بەڵام با بیزانیت.

ئاتە خان بە زەردەخەنەیەکی خۆشەوە سەیرێکی پەخشانی کچی میرزای کرد و گوتی:

- وا بزانم حەسوودیتان دێت.

مێردەکەی بە بزەیەکەوە گوتی:

- ئەی بۆ نا ئاتە خان گیان. ئەمە چوار مانگە نان و ئاوت لێ حەرام کردووین. هەر خەریکی ماڵ ڕێکخستنی و ئەمبەر و ئەوبەری و بە جارێک ئێمەت فڕێ داوەتە لاوە و هەر لە کەس ناپرسیتەوە. ئێمەش وەکو تۆ خۆشمان ئەوێن و چاوەڕێیان ئەکەین؛ بەڵام تۆ خۆتت کوشت ماڵت ئاوا بێت.

ئاتە خان بە نازێکەوە پەلی میرزای ڕاکێشا و گوتی:

- یەڵا یەڵا زۆر قسە مەکە و بڕۆ قەمەرەکانمان بۆ ئامادە بکە، بۆ دوو سبەی ئینشەڵڵا، دوای بەرچاییکردن ئەکەوینە ڕێ.

میرزا چاری نەما و گوتی:

- باشە چەند کەسین و کێ و کێ دێن؟

پەخشان زەردەخەنە گرتی و بەدەم پێکەنینی نادیارەوە گوتی:

- وەڵا ڕەنگە شەش قەمەرەش بەشمان نەکات. پاسێکی بچووکیش پەیدا بکەیت باشە.

حاجی بە سەرسووڕمانێکەوە و بە هەندێک حەپەساوی گوتی:

- شەش قەمەرە و پاسێک!؟ بۆچی چی بووە؟

ئاتە خان دەستی بە سنگ و بەرۆکی خۆیدا هێنا و بە گووڕ هەستایە سەرپێ و خێسەیەکی لە مێردەکەی کرد و بە هەندێک لە توندییەوە گوتی:

- ئەی چۆن؟ کوڕەکەم لە دوای ئەو هەموو ساڵە بێتەوە لەگەڵ ژن و منداڵەکانیدا، تۆ ئەتەوێت هەر خۆم و خۆت بچین بە پیرییەوە؟

میرزا کە خەریک بوو هەڵبچێت، گوتی:

- ئەی چی؟ وا دوو قەمەرە چووین. یەکێک خۆم و خۆت و پەخشان، یەکێک ماڵی حەمەی برام و هەندێک لە مناڵەکان.

ئاتە خان کلکی کەواکەی هەڵکرد و دەستە خرپنە بە بازن و گۆکانی ڕاوەشاند و بە تەوسێکەوە گوتی:

- ماشـائەڵلا خـودا هەڵناگرێـت هیچـت نەهێشـتووە. کـوڕە ئەم قسـانە چییە؟ بە خـوا بە خـوا بەهێی خوشـکم و کـچەکەی و قــومری خـــانی خـــاڵۆژنم و دوو کـــچەکەی و دوو کـــوڕە گەورەکەی و حەلاوی پوورم و کوڕەکەی و نـازداری بـراژنم و هەردوو خوشکی و هێشتا ناوی تر بەسەر دەممەوە بوو...

کە میـرزاش هەر وا سـەیری دەممـی دەکـرد و واقـی وڕمـا بـوو، بە سەرسووڕمانێکەوە گوتی:

- هەر ئەوەندە یان هێشتا ماون؟!

پەخشانی کچی کە هەم لە شەڕی بەینی دایک و باوکی دەترسـا، هەم خەریک بوو لە دەستی دەربچێت و بداتە پڕمەی پێکەنین، چونکە دایکـی هەر نیـوەی ئەو ناوانەشـی بە تەواوی پـێ نەگـوت و ڕەنـگە لە بیریشی نەمابێت کە بەمی گوتبوو بینووسێت، هەروەها وەڵامیشـی بۆ خەڵکەکە ناردبوو کە وا بەیانیی جومعە ئامادە بن بۆ چوونە بەغدا.

حاجی هاتە قسە و گوتی:

- ماشەڵلا! ئینجا ئەمە ئەم هەمـوو خەڵکە بە خێر و سـەلامەت! لە کـــوێ دادەبەزن؟ لە کـــوێ ئەو شـــەوە دەنـــوون؟ ئەوە خواردن ئاسانە، بەڵام ئەی جێگە و ڕێگە؟

میرزا دەستی ڕاوەشاند و گوتی:

- کوڕە باوکم هەر لە تەیارەخانەکە ئەبین بە سینەما، کچـێ بۆ خاتری خوا ئەمانە بۆ کوێ ببەین؟ بەغدای چی و حاڵی چی و قەمەرەی چی؟ ئەمە چۆن وا دەبێت؟

ئاتە خان لێی ڕاپەڕیی و گوتی:

- مـن ئەم قسـانە نـاچێتە مێشـکمەوە، ئەمـانە هەموویـان دێـن و تـۆش قەمەرە و ئۆتۆمبێلیـان بـۆ ئەگریـت خۆشـیت بێـت و ترشیت بێت، وا بزانە کوڕەکەم تازە ژنـی هێنـاوە و بـووکە لە بەغــدایە و ئەچــین ئەیگــوازینەوە، تەواو جێگەشـــمان هەیە. ئەچینە ئوتێلەکەی ئەحمەدی ئامۆزام و لە خواشی ئەوێ، ئەو

ڕۆژە کە هاتبوو بۆ سلێمانی، کە پێم گوت و ئەوەم بۆ باس کرد گوتی: وەی بەسەر چاو یەک دەنک خەمت نەبێت. کێ دێت با بێت و بەخێر بێت، لەبەر خاتری حەسەن گیان.

حاجی قسەی پێ نەما، هەرچەندە لە دڵدا زۆری پێ گران بوو، بەڵام چار نەبوو کە دەبوو بە قسەی بکات، بەتایبەتی کە خەڵکەکە هەموویان دەعوەت کرابوون و کەڵکەڵەی چوونەبەغدایان کەوتبووە سەر. لەبەر ئەوە بە ناچاری سەیرێکی پەخشانی کرد و هەردوو دەستی دا بە یەکدا و گوتی:

– باشە ڕۆلە باشە با وا بێت. هەموو گەڕەکەکەش بێن!

کە دایکی بە تووڕەییەوە ڕۆیشتە سەرەوە، پەخشان سەیرێکی باوکی کرد و بە دڵ پێوەبوونێکەوە گوتی:

– وەڵا بابە گیان خۆ منیش زۆرم پێ گوت کە وا نابێت و ئەو هەموو خەڵکە بۆ کوێ بێن.

پەخشان هەستایە سەر پێ و قسەکەی تەواو کرد و گوتی:

– بەڵام فایدەی نەبوو، دایکم ناناسیت و تۆش گوێی مەدەرێ. دڵی خۆشە و با لێی تێک نەدەین.

باوکی سەری با دا و گوتی:

– با وا بێت، بەڵام بە خوا ئەمە هەمووی چاولێکەرییە. ئەوە چونکە گورو‌ونە ئەفەندی وایان کرد چەند مانگ لەمەو پێش، ئەمیش بۆیە وا ئەکات، بەڵام هەی هاوار خەڵکینە ئەوان چوون بووکیان گواستەوە.

پەخشان وەک پاڕانەوە گوتی:

– بابە گیان قەیناکە گوێ مەدەرێ، توخوا دڵی بەوە خۆشە با لێی تێک نەدەین و با وا بێت. وەکو ئەڵێت.

****

ڕۆژی جومعە بەیانی، نزیک سەعات هەشت، قەمەرە ڕیز بوون لەبەر دەرکی میرزا عەلی و ئاتە خان. هەر ژن بوو بە ڕازاوەیی

و خڕنگ و هووڕی مێخەکبەندەوە دەیانکرد بە ژووردا، هیی واشیان هەبوو یەک-دوو دەستیش جلی تری لەگەڵ خۆیدا هێنابوو، هەموویان بە کۆمەڵ لە حەوشەدا ڕاوەستابوون، چاوەڕێی سواربوونی ئۆتۆمبێلیان دەکرد.

میرزا عەلی کە سەیری ئەو هەموو خەڵکەی دەکرد، هەر ئارەقەی دەسڕیەوە لە داخاندا خەیاڵی پەرش و بڵاو بوو، لە دڵی خۆیدا دەیگوت: ئاخر ئەمانە چی دەکەن و چۆن دەکەن، بەڵام لەبەر چاوی خەڵکەکە خۆی بە کەیف و دڵئارام پیشان دەدا.

حەمەی برای کە پێنج-شەش ساڵێک لە خۆی بچووکتر بوو، بە ئەسپایی هاتە لایەوە و چرپانی بە گوێیدا و گوتی:

- ئەرێ کاکە ئەمە چییە؟ ئەمانە هەموویان دێن!؟

میرزا هەناسەیەکی بە کووڵی هەڵڕشت، ئەویش وەرامی دایەوە و گوتی:

- ئەرێ وەڵا کوڕی باوکم ئەمانە هەموویان دێن. هەر چییەکم کرد فایدەی نەبوو. ئیتر باسی مەکە با حەیامان نەچێت.

ئەحمەدی برای سەری ڕاوەشاند و گوتی:

- هەمووشی قەیناکە، تۆ وەرە ئەم هەموو مناڵە، هەر ژنە و دەستی یەک-دوانێکی گرتووە. دە بڵێ مناڵی وا بۆ کوێ ئەبەن؟

ئاتە خانیش خۆی دابوو لە تەل، سەروپێچ و لاگیرە و دەسماڵی دەدرەوشاندەوە. سەری قاڵ بوو، خەڵکەکەی دابەش دەکرد بەسەر ئۆتۆمبێلەکاندا، کێ و کێ بەیەکەوە بن و کامی تر لە کوێ بێت و کام قەمەرە بۆ خاڵۆژن و مناڵەکانی بێت، با براژنی و دوو خوشکەکەی لەگەڵ ئەو و میرزا سوار بن، با پەخشان بچێتە قەمەرەی ماڵی مامیەوە. ئیتر هەر وا خەریکی ئەو جۆرە قسە و تەگبیرانە بوو. ئاخری هەمووی دامەزراند و پاسە بچووکەکەش پڕ بوو.

دەرودراوسێش هەموو ڕژابوونە کۆڵانەکەوە، هەندێک یارمەتییان دەدان و هەندێک لەگەڵیان سەفەری بوون، هەندێکیش سەتڵە ئاویان بە دەستەوە بوو بۆ ئەوەی کە کەوتنە ڕێ، ئاو بە دوایاندا بڕێژن. بۆ ئەوەی تووشی خێر و خۆشی بن (بە قسەی خۆیان).

قەمەرەکان کەوتنە ڕێ بە دوای یەکدا.

هێشتا ئەوەندەیان پێ نەچوو کە هەندێکیان دڵیان تێک چوو، سەریان گێژ بوو، هەندێکی تریان برسییان بوو، کەوتنە ملچەملچی تێشووخواردن بە بیانووی منداڵەکانیانەوە. کە ڕێچکەی ئۆتۆمبێلەکان یەکیان ڕا دەوەستا و ناچار دوانی تر ڕادەوەستان بزانن چی بووە، بەڵام هەندێکیان ڕا نەوەستان و تێدەپەڕین و ئەوانەی لە ناویدا بوون سەریان گەرم بووبوو، کەوتبوونە چەپڵەلێدان و گۆرانیگوتن. بەتایبەتی کوڕە هەرزەکارەکان کە نیوەیان خۆیان لە مەکتەب دزیبووەوە و ئەم بەپیرەوەچوونەی خزمەکەیان کردبووە بیانوو.

ئەوانەی لە پاسەکەدا سوار بوون، بەشی زۆریان کەمدەرامەت و دەستکورت بوون، لە پلەی مەلیحەخانی ئامۆزای ئاتە خان بوون. ئاتە خان دڵی زۆر باش بوو. هەمیشە بە دزییەوە بەپێی توانای خۆی یارمەتیی ئەو جۆرە کەسانەی دەدا و حورمەتی دەگرتن و ئەوانیش خۆشیان دەویست. ئەگەرچی یەک-دوانێکان حەسوودییان پێ دەبرد. هەرچەندە پێکەوە دابنیشتنایە دەکەوتنە چرپەچرپ لەگەڵ یەکتر، ئەو دەیگوت:

- کوێڕا ئەم ماڵ و سەروەتەیان بەسەردا دباری. هەمووی سێ-چوار ساڵ لەمەو پێش هەر هیچی وایان نەبوو. میرزا عەلی دوکانێکی زۆر بچووکی هەبوو. دوو-سێ ڕادیۆ و دوو-سێ زۆباعەلادین و یەک-دوو دانە مەکینەی دانابوو و دەیفرۆشت، ئەوە چۆن لەم ماوە کەمەدا وایان لێ هات و ئێستا ماڵ و موڵک و پارەیان لە حیساب نایەت.

ئەوی دیکەیـان وەرامـی دەدایەوە و دوای ئەوەی سـەیری ئەمـلاو لای خۆی دەکرد کە بزانێت کەس گوێی لە قسەی نابێت، بەتـایبەتییش کە گرەی پاسـەکەش یـارمەتیی دەدا بـۆیە بە دڵنیـایی سـەری دەبـردە نزیـک ژنەهـاوڕێکەیەوە و لـچ و لێـوی خـۆی دەهێنـایەوە یەک و بە چرپەوە دەیگوت:

- کچێ خوشکم خوا دەزانێت چ فرتوفێڵێکیان لە ژێر سـەرایە و لەژێـرەوە خەریکـی چـین، بەڵام دە چـی بکەیـن، بەس نیـیە ژنەکەی وا باش و بەڕەحمە و کە یەکێک ڕێی تێکەوت کەس نـاموراد ناکـات. دە یـاخوا خەڵکـی وا هەر هەیانبێـت. ئەی خەڵکی وەک ئافتاوی براژنم هەیانبێت؟

ژنەکە لەسـەر قسـەکەی ڕۆیشـت و ئـاخێکی زۆر قـووڵی هەڵڕشـت و گوتی:

- ئەو ئێـوارەیە لەگەڵ مناڵەکانـدا سـەرێکمان دان. دوای ئەوەی پێم گوتن: مناڵ با بچین سەرێکی ماڵی خاڵتـان بـدەین بیریـان دەکەین؛ بەڵام بە خوا لەڕاستیدا زۆرم بۆ هاتبوو وتم بەشکم بچین و کاکم شتێک بدات بە مناڵەکان، خۆت ئەزانـی باوکیـان ئەوەتەی نەخۆشـە و نـاچێتە سـەر ئـیش چەنـد دەسـتمان کـورتە. ئیتـر کە چـووین، تـومەز ئەو ئێـوارەیە دەعوەتیـان هەبـوو. بەو خـوایە کە کردمـان بە ماڵـدا، یەکسـەر بـراژنم دەموچـاوی لـێ گرژومـۆن کـردین و ئەوەنـدە ساردوسـڕ لەگەڵمـان جـووڵایەوە، هەر مـن بـووم بە تنۆکێک ئـاو، لەگەڵ ئەوەشـدا کە ئەو هەمـوو گۆشـت و مریشـکە لەبەر بـۆریی ئـاوەکە بـوو، خـۆی خەریکـی شـتنەوەی بـوو. هەروەهـا دوو کەسـیش دانیشـتبوون لە دەوری سـینییەکی گەورە، برنجیـان دەبـژارد. ژنێکیش بە دیـار بـامیۆە دانیشـتبوو قنچکـی ئەکـرد. منیش هەر زوو پەلـی مناڵەکـانم گـرت و هەسـتاین بـڕۆینەوە. لە دەمی دەرنەهـات بە درۆش بڵێت: ئەیەڕۆ بەم ئێوارەیە بۆ

کـویَ ئەچـن. ئەم هەمـوو نـان و خێـر و بەرەکەتە لەم نـاوە کەوتـووە، دە ئێـوەش لێـرە بـن. دوای میوانەکـان پـاروویەک بخـۆن، ئەی خەڵکـی وا هەیانبێت؟ دە یـاخوا لە بەشـی ئەوان بخاتە سـەر بەشـی ئاتە خـان و میـرزا عەلـی، بەس نییە دوو پیاوەتی لەسەر ئەکەن.

ڕێبوارەکـانی نـاو پـاس و ئۆتۆمبێلەکـانیش هەر وا لەگەڵ یەک خەریکی قسە و باسی جۆراوجۆر بوون. ئەوەی باسـی دەردەسـەریی خۆی لەگەڵ منداڵەکانی دەگێڕایەوە و ئەوەی باسـی شـەڕی خـۆی و ماڵە خەزورانی دەکرد، ئەوەی باسی نەخۆشـی و عەمەلیاتی خزمێکی بۆ دەگێڕایەوە، هیی واش هەبوو باسـی بـازاڕ، کوتـاڵ، قومـاش، جلی کوردی، ئاڵتوون و زێڕوزیویان دەکرد.

هەرچۆنێک بوو گەیشـتە کەرکووک و ئۆتۆمبێلەکان شـوێنی یەک کەوتـن بە نـۆرە خەریکـی شـوێنی ڕاگرتنـی ئۆتۆمبێلەکانینـا بـوون لە دەوری ئـوتێلەکەی سـەر شـەقامە گەورەکەی شـارەکە، چـونکە لەوەو پـێش تەگبیریـان کردبـوو کە لە کەرکـووک ڕاوەسـتن بـۆ پشـوودان و نـوێژکردن و نـانخواردن، لەبەر ئەوەی ئیتـر دەبـوو ڕانەوەسـتن تـاکو بەغدا.

جەماعەت هەموو خەریکی دابەزین بوون و بوو بە غەڵبەغەڵب و دەنگە دەنگ. هەر زوو پەخشـان کەوتە پرتەوبۆڵە کە بـۆچی ئەوەندە ئەم هەرزەکـار و پیـاوانەی سـەر شـەقام و دەوروبەری ئـوتێلەکە چاوباشقاڵن و دەڵێیت کەسیان نەدیوە.

چـاوت لێـیە. هەر کەس بێـرەدا تێـدەپەڕێت ئاوڕێـک دەداتەوە و هەندێکیان هەر خەریکن بمانخۆن!

میرزا عەلیی باوکی هەڵی دایە و گوتی:

- ئەی ڕۆڵە بە خوا ناهەقیان نییە، ئەم هەموو ژنە جل سەوز و سوور و بریسک و هـوڕە بە جارێک دابەزیـن و هـاتن. چۆن خەڵک سەیر ناکات. وەڵا منیش بوومایە هەر وام دەکرد.

کاک موحەممەد دەنگی نزم کردەوە و گوتی:
- ئەمە زۆر ئیشێکی بێمانا بوو.
سەری بادا و لەسەر قسەکەی ڕۆیشت و گوتی:
- براژنم دوایی ئەیتوانی نیمچە شاییەک بکات و وەک دەعوەتێکی گەورە بۆ هەموو خزم و ئاشنا و کەسوکار. ئەم بەزمورەزم و فرکوهورەی پێویست نەبوو. ئێستا ڕەنگە حەسەن خۆیشی زۆری پێ ناخۆش بێت، بەڵام با تازە سڵاواتی لێ بدەین، هەرچۆنێک بێت هاتوون خێری پێوە بێت و گوێ مەدەنێ.
شەمسەخانی ژنی گوتی:
- وەڵا منیش سەرم سووڕماوە لە هاتنی ئەم هەموو خەڵکە! بەڵام دەردی تۆ دەیڵێیت ئاخری خێر بێت و با چیتر باسی نەکەین.
شوانی کوڕی کە لە هەرزەکارە ڕاکردووەکان بوو، بە فێڵ خۆی نەخۆش خستبوو بۆ ئەوەی نەچێت بۆ مەکتەب لەبەر ئەم سەفەرە. ڕووی کردە دایک و باوک و پەخشانی ئامۆزای و گوتی:
- حای ئینجا چی بووە! وەڵا کاکە حەسەن هەر زۆریش پێی خۆش دەبێت. چۆن پێی ناخۆش دەبێت هەموو خەڵکە هاتوون بە پیرییەوە، ئاخر هەموو چەند ساڵە نەیاندیوە.
باوکی سەری بۆ لەقاند و گوتی:
- دەی دەی تۆش لەبەر خۆتەوە با دەرسودەورەکانیشت لەو ناوە بکەون و هەر *سەوزەڵێ گیانم* بڵێ.
هەر سێکیان دەستیان کرد بە پێکەنین.
جەماعەت ئامادەبوونەوە و چوون سواری ئۆتۆمبێلەکان بوونەوە و کەوتنە ڕێ.
شوان بە خۆشییەوە شریتێکی ڕیکۆردەری دایە دەست باوکی کە لە پێشی ئۆتۆمبێلەکە دانیشتبوو، گوتی:

- بابە گیان ئەم شریتەم بۆ بخەرە ڕیکۆردەرەکەوە با گوێی لێ بگرین. ئەوەی تیاشیایە بیدەرەوە دەستم، خێری خۆت.

باوکی لێی وەرگرت کە لە لای لێخوڕەکەوە دانیشتبوو، شوانی کوڕیشی لە پشتەوە لەگەڵ دایکی و پەخشانی ئامۆزای، باوکی بە زەردەخەنەوە گوتی:

- وەڵا ماشەڵڵا چاک گوێت لە قسە و نەسیحەتەکانم بوو.

شوان بە ئەسپایی پێکەنیی و گوتی:

- بۆچی بابە گیان، چیت پێ وتووم و بە قسەم نەکردوویت؟

باوکی بەدەم شریتخستنە ناو ڕیکۆردەری ئۆتۆمبێلەکەوە، گوتی:

- باسی دەرسودەورەکەت دەکەم. لە ماڵیشەوە و لە ڕێگە و بانیش ڕادیۆ و ڕیکۆردەرەکەت هەر بەدەستەوەیە و هەمیشە هەر گرمەیان دێت.

شوان هەڵی دایە و گوتی:

- ئینجا گۆرانی و ڕادیۆ و ئەو شتانە هەقیان چییە بە سەر دەرسەوە، من ئەوەش ئەکەم و ئەمیش ئەکەم.

پەخشان دایە پرمەی پێکەنین و گوتی:

- کوڕە ڕاست دەکات، ئەوە هەقی چییە بەسەر دەرسودەورەوە، ئەوە نییە نمرەی چەند باشی وەرگرتووە. ماشەڵڵا لە چاو نەچێت.

شوان سەری بادا و گوتی:

- نمرەم چییەتی پەخشان خان! منیش ئەگەر حەز بکەم بە فرتوفێڵ و بەرتیلدان بە مامۆستاکان و دەعوەتکردنی گیپە و کفتەی سابونکەران وەکو تۆ نمرەی باش وەردەگرم.

پەخشان و ئەوانی تر دایانە قاقای پێکەنین و هەر یەکەیان قسەیەکی کرد، بە هەموویان لە شوان بەربوون کە چ دەمێکی پێوەیە، هەرچەندە گوناهباریش بێت خۆی دەپەڕێنێتەوە و کەتنەکانی خۆی

دەخـــاتە ملـــی خەڵكـــی تـــر. هەر وەک ئەو بوختـــانەی بە پەخشـــانی ئەمۆزای کرد.

نزیـک ئێـوارە جەمـاعەت گەیشـتنە دەوروبەری بەغـدا. فەسـڵ، پـاییزێکی تەواو بـوو. دنیـا سـاردی کردبـوو. ڕۆژ کـورت بـوو. لەبەر ئەوە هەر زوو چـرا و گڵـۆپی دەوروبەری بەغـدا دەرکەوت و تـابلۆ و پڕوپاگەندەکانی قەراغ شـەقامەکان دەستی پـێ کرد و باخە خورمـا و دار و درەخـت و منـارە و مـزگەوت هـاتنە پێشـەوە. ئەوەندەشـی پێنەچوو کە ئۆتۆمبێلەکان تێکەڵی ئۆتۆمبێلی سەر شەقامەکان بوون و دوکـانی میـوە و قەسـاب بە چـرای سـەوز و سـوورەوە دیمەنـی شـەقامەکانی جـوان و گەرموگـوڕ کردبـوو. خەڵـک دەگەڕانەوە ماڵەکانیـان. ئەوانەی بە پـێ دەڕۆیشـتن. هەمـوو کیسـەی نـان و سەموون و سەوزەیان پێ بوو. دەیانبردەوە بۆ ماڵ و منداڵیان.

ئاتە خان کە چاوی بە دوکانەکان کەوت کە وا ئەو هەمـوو میوە جوانە پایزەیە بە ڕێکی دانراوە و دوکانی پێ ڕازاوەتەوە، بەتـایبەتییش کە گڵـۆپ و چـراش ئەوەنـدەی تـر دیمەنـی جـوان کردبوو، هەروەهـا چەنـد دوکـانی قەسابیشـیان هـاتە ڕێ کە گۆشـتی بەرخـی تـازە و جوانیـان هەڵواسـیبوو. لەبەر ئەوەی ڕێچـکەی ئۆتۆمبێـل هەنـدێک بە سستی دەڕۆیشت لەبەر قەرەبـاڵغی، بـۆیە ئـاتە خـان یەک-دوو جـار گوتی:

- کە گەڕاینەوە، ئینشـەڵڵا هەنـدێک لەم گۆشـتە جـوانە ئەکـڕم. گۆشـتی بەغـدا زۆر جـوان و ناسـکە هەر بە دوو قووڵـپ دەکوڵێت.

لەبەر خۆشیەوە گوتی:

- بیرمان نەچێت هەندێک لەم میوە و سەوزە جوانانەش بکڕین لەگەڵ خورمـا. چـاوت لێـیە! هەر لە دوورەوە خەڵـک ڕا دەکێشێت. تۆ سەیرسەیر! چاوت لەم هەموو دوکانی پاقلاوە و شیرینییەیە؟

میرزا عەلیی مێردی کە خۆی دڵی پڕ بوو، خەریک بوو لێک دەبووەوە و بە درێژایی ڕێگە بیری لە دامەزراندنی ئەم هەموو خەڵکە دەکردەوە، ژن و مێردەکانیان، ژن چۆن بن و پیاو چۆن؟ ئێستا چۆن ئەم قەرەباڵغییە بەرنە سەر ورگی ئەحمەدی خزمیان، خۆ هەر وا ئاسان نییە وەکو ئاتە خانی ژنی بە دوو کەلیمە بڕانیەوە. لەبەر ئەوە کە گوێی لە قسەکانی ژنەکەی بوو، باسی گۆشتی ناسک و سەوزەی جوان لە دڵی خۆیدا گوتی:

- وەڵا هەر ئەوەمان کەمە. ئۆتۆمبێل ڕابگرین و بکەوینە شتکڕین و دەعوەتکەرەکانیش هەموو دابەزن، ئەوانیش بڵێن: ئێمەش بزانین بەشکم شتێک بکڕین، لەوێش ببین بە سینەما.

لەبەر ئەوە میرزا خۆی گورج کرد و بە هەندێک توندییەوە گوتی:

- ئەشەهەدوبیللا هەر ئەم بەزمەمان کەمە. بۆچی لە سلێمانی کەم میوە و سەوزەی جوان هەیە، خۆ وەستا عوسمان هەر بە نیوەلاشە مەڕی ناسکت بۆ ئەنێرێت هەموو جارێک.

ئاتە خان بە زەردەخەنەی تەوساوییەوە گوتی:

- ئۆە لەبەر وەستا عوسمانی قەسابت مرم بۆ خۆی و ئەو گۆشتە نەکلۆکەی بۆمانی دەنێرێت، ئۆە حەواڵەی خوا بێت. هەموو جارێک بە بیانووی ئەوەی بۆمان ورد ئەکاتەوە و خاترمان ئەگرێت، هەرچی ئێسقان و بەز و چەقی هەیە فڕێی دەداتە ناوی، کە ئەو جارەش پێم گوت ئەوە چییە ئەو گۆشتە بێکەڵکەمان بۆ دەنێریت، پێئەکەنیی و دەیویست گاڵتە بکات و گوتی:

- ئای چۆن ئاتە خان ئەگەر ئێوە ئەوەم لێ قبووڵ نەکەن موشتەری بێگانە چۆن لێم قبووڵ ئەکات؟

ئیتر تاوەکو ئەو شەقامە درێژەیان بڕی نزیک شەقامی **ڕەشید** بووەوە کە ئوتێلەکە لەو ناوانە بوو، میرزا و ئاتە خان هەر خەریکی مشتومڕ و وردەقڕە و توانجتێگرتن بوون لە یەک.

جەمـــاعەت هەمـــوو ڕژابـــوونە هـــۆڵی ئـــوتێلەکەوە و بە ســـەر و کۆتەڵەکی شێواو و ماندووەوە، منداڵ هەندێک دەگریان و هەندێک بە باوەش دایکەکانیانەوە خەویان لێ کەوتبوو. کاک ئەحمەدی خاوەنی ئوتێلیش دەستەپاچە بووبوو. هەر بانگی ئەمی دەکرد و بانگی ئەوی دەکرد، حەپەسابوو بەو هەموو خواردەیی و دڵفراوانییەوە لە دڵی خۆیدا دەیگوت:

- ئای ماڵت ئاوا بێت ئاتەی ئامۆزام ئەوە چیت کردووە! ماڵ ئاوا بیرت نەکردەوە هەر خەبەرێکم بدەیتێ. خۆ ئوتێلەکەم چۆڵ چۆڵ نییە؟ ئێستا من ئەمان یان مشتەرییەکانم چی لێ بکەم.

ئاخری بە هەر حاڵێک بوو جێیان بۆ کرایەوە و هەموو دامەزران و نان و چاش خورا و ئیتر شەو هەموو بێدەنگ لێی نووستن.

بۆ ڕۆژی دواتر هەموو ڕاپەڕین و کەوتنەوە خۆیان، نە تەوالێت و حەمـام بەردەکەوت نە ئـاوێنە لەبەر  خۆئامـادەکردن بـۆ چـوونە فڕۆکەخانە.

بوو بە سەعات ٦-٧ی ئێوارە جەماعەت لە فڕۆکەخانەکە دەوری شـورا ئاسـنەکەیان دابـوو، چاویـان بڕیبـووە دەرگـای هـۆڵەکەی کە ڕێبواری فڕۆکەکانی لێ دەهاتە دەرەوە.

ئاتە خان کیسەیەکی پڕکردبوو لە نوقڵ و پارەی وردە کە هەڵی دات بە سـەر کوڕەکەیدا، هەروەهـا شووشـەیەکی گوڵاویشـی دابـووە دەستی ژنێکی ئاشنای کە وەختێک کوڕەکەی هاتە دەرەوە و گەیشتە لایان، ئەو گوڵاوەکە بپرژێنێتە سەر خۆی و ماڵ و منداڵەکەیدا. ئینجا بەسـەر ئەو خەڵکەی کە ڕاوەسـتاون، هەروەهـا قورئانێکیشـی دابـووە دەست مەلیحەی خزمی کە وەختێک حەسـەن و ئەوان هـاتنە دەرەوە لە هۆڵەکە قورئانەکە بەرز بکاتەوە تاوەکو لە ژێریەوە تێبپەڕن.

ئاتە خان دڵی توندتوند لێی دەدا و بە پەرۆشـەوە چاوی بڕیبـووە دەرگای هۆڵەکە. لە پڕ ئاتە خان بانگی کچەکەی کرد و گوتی:

- پەخشان گیان ئا توخوا ڕاکە و جوان سەیر بکە، بزانە ئەو ژنەی عەرەبانەکەی پێیە ژنی حەسەن نییە؟

پەخشان پێکەنی و گوتی:

- ئەرێ دایە گیان ئەوە تۆ چیتە، ئەڵێی لە دوورەوە دوور لە تۆ باش نابینی، ئەیەڕۆ ئەم ژنە دێزە عەرەبە خەڵکی ئێرەیە. ژنەکەی حەسەن ماشەڵڵا ئەڵێی بەفری کوێستانە. بۆچی نازانی؟

ئاتە خان دەستێکی دا لە چاوی خۆی و بە کزییەکەوە گوتی:

- بڵێم چی کچم، بە خوا ئەو کەسانەی دێنە دەرەوە، لە دوورەوە دەبنە حەسەن و مناڵەکانی لەبەر چاوم.

پەخشان گوتی:

- دایە گیان تۆ خۆت ئەوەندە مەشڵەژێنە. دوور بێت ئەڵێیت نەخۆشیت وا ڕەنگت تێک چووە. ئێستا حەسەن (دوور لە گیانی) هەر دەتۆقێت. وا دەزانێت ئاخۆ نەخۆشیت. چیتە دڵی خۆت قایم بکە ئەوەندەی نەماوە، هاتنە دەرەوە و ئیتر دەست دەکەینە ملیان.

میرزا عەلییش خۆی قیتوقینج کردبوو، کەوا و چاکەت و چۆغەی لەندەنی لەبەر کردبوو. سەروجامانەکەی پاکوتەمیز و خۆیشی لێ وەشاوە و ئەویش شڵەژابوو. هەر ورتەورتی بوو. لەگەڵ برا و ئەو کەسانەی لەگەڵی هاتبوون جار جار ڕادەوەستا و جار جاریش دەچوو بەو لاو بەو لادا، وەکو شتێک ئەویش ئارامیی لەبەر بڕابوو. ژنەکانی تریش هەر وا دوان و سیان و چوار بەکۆمەڵ ڕاوەستابوون و لەگەڵ یەک ورتەورتیان بوو. ئەویان بەوەی تری ئەگوت:

- با بزانین ئەم بووکە چۆنە وا خۆیان کوشت بۆی! ئەیەڕۆ چی بۆ ئەکەن! ئەوە کچی لای خۆمان بوایە باوەڕ ناکەم نیوەی ئەویشیان بۆ بکردایە.

ئەوەی دیکەشیان هاتە قسە و دەیگوت:

- کچێ خوشکم ئەوان ئەمە بۆ کوڕەکەی خۆیان دەکەن. چەند ساڵە لەو وڵاتە دوورانەیە و نەیاندیوە.

ئەوەی تر هەناسەی هەڵکێشا و گوتی:

- خوا لێیان نەسێنێت. وا بۆیان هاتەوە بە دوو-سێ شەهادەی بەرزەوە. ئەڵێن خوا نەیبڕێ بووە بە موهەندیسێکی زۆر گەورە. بووە بە دکتۆری موهەندیسەکان. ئیتر نازانم باسی دکتۆریشیان دەکرد.

کچێک وەرامی دایەوە کە لە خوێندەوار و تێگەیشتوو دەچوو، دەیگوت:

- دکتۆری موهەندیسەکان نا، ئەوە دکتۆرای وەرگرتووە لە هەندەسە.

دوو ژنە حەسوودەکەش دیسانەوە پێکەوە بۆ خۆیان ورتەورتیان دەکرد و یەکێکیان هەناسەی هەڵدەکێشا و بە چرپەوە گوتی:

- خوا لێیان نەسێنێت، ئەمەیە کە دەڵێن: کە خوا دای، عەبدیش دوو چنگی دەخاتە سەر.

ئەوی دیکەشیان دیسان بە چرپەوە وەرامی دایەوە:

- ئەی چی! وەکو کوڕی ڕەحمەی خوشکم بێت؟ ئەو خوشکە بەستەزمانەم چی نەکرد بۆ ئەو کوڕە! ناردیانە لەندەن، خانوویان بۆ فرۆشت و ئاخریش هەر وا هاتەوە و هیچی نەکرد بە هیچ. ئەڵێن لەوێ هەر شوێن کچان دەکەوت و ڕۆژی دۆستێکی هەبووە، کە پارەشی لێ ئەبرا، ئەچووە چێشتخانەکانی ئەوێ قاپی شتووە و گسکی داوە. خۆیشت دەزانی چۆن بەخێو کرابوو. تاوەکو ناردیشیانە لەندەن، هەر خوشکم و ئەوان ئاویان دەکرد بە دەمیەوە. ئەوەندە نازدار بوو لە لایان. ئەوەتا لێرە ئێستا هەر وا ئەسووڕێتەوە و هەر ئیشێکی بۆ پەیدا ئەکەن بیانوویەکی لێ دەدۆزێتەوە و بە نیوەچڵی بەجێی دەهێڵێت.

ئاتە خان بە تەواوی تاقەتی چوو بوو. دەتگوت لەسەر ئاگرە. دڵی هەزار خەیاڵی چاک و خراپی دەکرد. لە دڵی خۆیدا دەیگوت:

- ئۆە خوایە گیان لەو بەرزی ئاسمانە ئاگات لێیان بێت، داومەتە دەستت... ئای باوکەڕۆ! ئەو تەیارەیە چەند ترسناکە، وەرە ئەم هەموو خەڵکە لە ناو ئەو ژوورە تەنەکەیەدا دابنێ و بەو ئاسمانە بەرزەوە و بەسەر ئەم هەموو خەڵکە لە ناو دەریا و بیابانەدا تێپەڕ دەبێت و ئەو بەستەزمانانەی لە ناویدا دانیشتوون هیچ دەسەڵاتێکیان نەبێت.

ئەگەر دووربا شتێک بقەومێت، ئاتە خان لەبەر ئەم خەیاڵە ناخۆشانەی خەریک بوو زیرە بکات، هەر ئەوەندەی پێ کرا کە بە دزیی خەڵکەکەوە بکێشێت بە سینگی خۆیدا و بڵێت: ئۆە دایکت بمرێت حەسەن گیان. ئاخۆ خۆت و ئەو مناڵە سەوز و سوورانەت و ژنەکەت ئێستا حاڵتان چۆن بێت! ئینجا بە ترسێکەوە بانگی میرزای کرد کە ئەویش شپرزە بووبوو، چونکە دەبوو فڕۆکەکە سەعات ٧:٣٠ بگاتە جێ، کەچی وا نەبوو. کات تێپەڕیی و هەر هیچ دەنگیان نەبوو، لەبەر ئەوە بە پەرۆشەوە گوتی:

- ئا ئەو کوڕانە بنێرە بپرسن بچنە لای ئەو ژنەی سەر تەلەفۆنەکان. بەشکم بزانێت کە بۆچی فڕۆکەکە وا دوا کەوت.

میرزا چوو، پەخشان هات. خوشکەزا کەوتە پرس و برازا کەوتە هەڵپەهەڵپە و پرس و پرسیار و خوێندنەوەی لەوحەکان کە ناوی فڕۆکەکانی تیا نووسراوە، کە کاک موحەممەدی مامیان بە خۆشی و گەرمییەوە گوتی:

- ئەرێوەڵا ئەوە حەسەن گیانە...

حەسەن لە دوورەوە دەرکەوت. ڕێکوپێک پاڵی بە عەرەبانەیەکەوە دەنا کە جانتا و کەلوپەلەکانیانی تێخستبوو، کوڕە بچکۆلە دوو-سێ ساڵەکەشی لەسەر دانابوو. حەسەن چاوی دەگێڕا

بەنـــاو خەڵــکەکەدا کە لە پــڕ دەســـتی ڕاوەشـــاند لە دوورەوە و زەردەخەنەی خۆیشی کەوتە سەر دەموچاوی.

لە دوای ئەویــش ژنێکــی بــاڵابەرزی ئێسکســووکی قژکــاڵ بە چاویلکەیەکی ڕەشـەوە هـاتە دەرەوە، دیـار بـوو ئەویش **جینی**ی ژنـی بـوو، ئەویـش پـاڵی بە عەرەبـانەیەکی تـرەوە دەنـا. کە چەنـد جانتـای بچـووک و گەورە و کـارتۆنی لەسـەر بـوو، کچێکـی ٦-٧ ساڵیشـی لە تەنیشتەوە دەڕۆیشت.

ئاتە خان هەر لە دوورەوە کەوتە بەقوربـان و لەدەواران گەڕان و فرمێسکی خۆشـی بە چاویدا دەهـاتە خـوارەوە، هەر ئەوەندەیان زانـی پوورە حەبیبی دراوسێیان کە لەگەڵ خەڵکەکە ڕاوەستابوو، ڕاپەڕیی و بەسـەر شـوورە ئاسنەکەی کە کەوتبـووە بەینی ئەوان و ڕێبوارەکـانی فـڕۆکەکە هەڵـگەڕا و بە چاوترووکانێـک بـازی دا و بە ڕاکـردن چـوو پەلامــاری حەســەنی دا. بە ســڵاواتدانەوەوە خەریـک بــوو پەلامــاری **جینی**یش بدات، کە دوو عەسـکەر بە هەڵەداوان ڕایـان کـرد و چـوون قۆڵیـان گـرت و قیڕانـدیان بەسـەریدا: "ممنـوع... ممنـوع" میـرزا عەلـی خەریـک بـوو هەر لە هـۆش بچێت ئەوەنـدە بەم کـردەوەیەی پـوورە حەبێ ناخۆش بوو. ئاتە خـان سڕ بـوو، خەڵکەکە حەپەسـان. هەندێک دەمی خۆیان گرت و دەستیان کرد بە پێکەنینی بە ئەسپایی، هەندێک بە قاقالێـدانی ئاشـکرا و هەنـدێکی تریشـیان بەتـایبەتی پیـاو و کـوڕە هەرزەکارەکــان تــووڕە بــوون و کەوتــنە بۆڵەبــۆڵ، کە قەیچێکــا بەســتەزمانی وا چوزانێــت ئەوە قەدەغەیە و ئەم چەنــد عەســکەرە لـۆزەنگەرە وا پەلاماریــان دا بە "ممنــوع... ممنــوع"، وا گرتوویــانە و مەحکەمەی لەگەڵ ئەکەن.

یەک-دوانێکیان گوتی:

- وەڵا ئەڵێــی بچــین پێیــان بڵێــین بــۆچی بەو جــۆرە و بەو ناشرینییە لەو پیرێژنە فەقیرە بەربوون. ئەو لەکوێ ئەزانێت کە ئێرە قەدەغەیە یان نا.

یەک-دوانێکی تریش لێیان تووڕە بوون. یەکێک گوتی:

- دەی تو خوا ئینجا نۆرەی ئێوەیە. بۆچی هەڵەشەیەکی وا ناکەن کە لەجیاتی هاتنەسەر شایی و گەڕان، هەر یەکسەر هەموومان ڕاپێچ بکەن و خواش ئەزانێت بۆ کوێ...؟ ئەم سەگبابانە خۆیان لە بیانوو ئەگەڕێن.

ئاتە خان کێشای بە خۆیدا و گوتی:

- ئەیەڕۆ پوورە حەبێی دوابڕاو بۆچی وات کرد؟!

میرزای مێردی بە توندی و ناڕەحەتییەوە، وەرامی دایەوە و گوتی:

- هەمووی خەتای تۆیە. ئەگەر تۆ خڵەفاوی وا نەهێنیت بۆ ئەم شوێنە، بۆچی شتی وا ئەقەومێت! وا کوڕەکەشیان ڕاگرت. وا بزانم پرسیاری لێ ئەکەن.

خاڵۆژنی ئاتە خان کە ژنێکی سەلاری ئاقڵ و لەسەرخۆ بوو. هاتە قسە و گوتی:

- دەی گوێ مەدەنێ و خۆتانی پێ سەغڵەت مەکەن. قەیچێکە نەیزانی وا عەسکەرەکانیش وازیان لێ هێنا.

خاڵۆژن پێکەنی و گوتی:

- وا بزانم سەروسەکوت و چوار تەزبیحەکەی ملیان بینی، ئا سەیر بکەن وا ئەوانیش پێئەکەنن بە قسەکانی. وا حەسەن گیانیش کەوتەوە ڕێ... وا هاتن شکوور.

حەسەن گەیشتە لایان، دایکی بە گریانەوە پەلاماری خۆی و ژنەکەی و منداڵەکانی دا، پوور، مام، خاڵ، پوورزا، خاڵۆزا، خزم، دراوسێ و ئاشنا هەموویان لێیان کۆمەڵ بوون. ئەم دەیگرت و ئەم بەری دەدان. بوو بە غەڵبەغەڵب و بەزمێک، نەبێتەوە! **جینیی** قوربەسەر حەپەسابوو. منداڵە بچکۆلەکەیان هەر زوو دەستی کرد بە گریان و گەورەکەش چاوی زەقبوو بوو. توند خۆی بە دایکیەوە نوساندبوو. جینی هەر بەوە ڕادەگەیشت زەردەخەنە دابەش بکات و بە کوردییەکی تێکشکاو بڵێت:

- سوپاس... چۆنی... بەخێرهاتی...

لەو چەند کەلیمەیەی کە حەسەن لە لەندەن فێری کردبوو، گوایە وەختێک میوان و خزمی بینی وایان پێ بڵێت. ئەویش ئیتر ئەو قسانەی دەکرد بێ ئەوەی بزانێت دەبێت کامیان پێش کامیان بڵێت.

حەسەن و منداڵەکانی و جینیی ژنی کەوتنە ناو جەماعەت و هاتنەدەرەوە، کەلوپەلەکەیان خرایە ئۆتۆمبێلەوە و هەموو سواربوونەوە بەرەو ئوتێلی کاک ئەحمەد، کە ئەویش لەگەڵیان چووبوو بۆ فڕۆکەخانەکە. لە ئوتێل کەسە زۆر نزیکەکانی حەسەن لێی کۆبوونەوە.

ئاتە خان هەر حەسەن و ژن و منداڵەکانی بەر نەدەدا و جارێک ئەمی ماچ دەکرد و جارێ ئەو.

حەسەن کە کەوتبووە ناو خوشک و برا و ئامۆزا و پوورزای و زلەی گاڵتەی بەما دەکێشا و گوێچکەی ئەوی دیکەی با دەدا و سەری سوڕمابوو لە هەندێکیان کە وەختێک ئەو ڕۆیشتبوو بۆ لەندەن چەند مناڵ بوون و ئێستا چۆن بەقەدەر ئەو درێژ بوون و نیوە پیاو و کچەکانیش نیوەژنن. خزمەکانی بە جینی دەناساند و لە هەموو لایەکەوە تێیان ئاڵابوو.

پوورە حەبیبیش لە لایەکی ترەوە دانیشتبوو باسی خۆی دەکرد بۆ کۆمەڵێک کە لە دەوری دانیشتبوون. باسی ئەوەی بۆ دەکردن کە چۆن توانیی خۆی ڕزگار بکات لە دەستی عەسکەرەکان وەختێک کە ڕایان کرد بیگرن و چۆن بە عەسکەرەکانی گوتووە:

- مای خالف، مای خالف.

ئەوانیش دەستبەجێ بەڕەڵایان کردووە. هەندێک لە ژن لەژێرەوە پێی پێدەکەنین و هەندێکیشیان پرسیاریان لێ دەکرد و هانیان دەدا کە هەر قسەیان بۆ بکات. پوورە حەبێ لەم قسانە بووەوە و مەلیحەی ئامۆزای ئاتە خان هات بە لای ئاتە خانەوە و گوتی:

- ئامۆزا گیان ئەوە چی بوو، نوقڵهەڵدان و گوڵاوەکەمان هەر لەبیر چوو؟

ئاتە خان وەک بیری کەوێتەوە دەستی دا بە یەکدا و بە پەرۆشەوە گوتی:

- ئەیەڕۆ ئەرێوەڵا ڕاست دەکەیت. هەر بیریشمان نەبوو.

لەژێر لێوەوە بۆڵەیەکی کرد و بە ئەسپایی گوتی:

- بۆچی پوورە حەبیبی خواگرتوو چی لەبیر هێشتین؟

حاجی کە لە باسەکەیان گەیشت دەستی بە ڕیشی خۆیدا هێنا و گوتی:

- کەواتە بە خوا خێری پوورە حەبیب بنووسێت کە وای کرد، تۆ ئەو شتانەت لەبیر بچێت. ئەشهەدوبیللا هەر ئەوەمان کەم بوو.

حەسەن پێدەکەنی و گوتی:

- بۆچی بابە گیان؟ هەندێک لەو عادەتانە لە ئەورووپا و لەندەنیش زۆر باوە.

حەسەن دەستی ڕاوەشاند و بە خۆشییەوە گوتی:

- لە کوێ کە بووک ئەگوێزنەوە هەرچی تەنەکە و قتووی بەتاڵ و شتی خەڕەکەشکاو هەیە هەمووی بە ئۆتۆمبێلی بووکوزاواوە ئەبەستن و هەڵئەواسن. بە خوا هەنێک عادەتی کۆنی وایان هەیە ئەیکەن کە لای ئێمە لادێییش نایکات.

باوکی بە سەرسوڕمانەوە گوتی:

- چۆن ئەوان بەو هەموو پێشکەوتووییە شتی وایان هەیە؟

حەسەن گوتی:

- ئەرێ وەڵڵا ئەوەندە عادەتی سەیرسەیریان هەیە. هەر باوەڕ ناکەیت. خۆ مرووری شین و ڕۆژی شووم و ڕۆژی خێر چاوی بەدی حەسوودی و بەخیلی هەر زۆر زۆرە.

ئاتە خانی دایکی بە خۆشییەوە پێکەنی و گوتی:

- حەسەن گیان هێشتا ئەوان هەر ماون، کە لە سەر جادەکان یەکتری ماچ ئەکەن، بیرتە جارەکەی تر هاتبوون بۆ لات بۆ لەندەن، لە ئێزگەی شەمەندەفەرەکە چۆن کچ و کوڕێک بەیەکەوە نووسابوون و لە ناو ئەو هەموو خەڵکەدا یەکتریان ماچ ئەکرد و دەمیان نابوو بە دەمی یەکترەوە! بێ ئەوەی گوێ بدەنە کەس و ئەتگوت ئەو هەموو خەڵکە مێش و مەگەز بوون کە بە بەردەمیان دا و بەملا و بەولایاندا تێدەپەڕین.

حەسەن دایە قاقای پێکەنین و گوتی:

- ئەی چۆن بیرم نەماوە! ئەی تۆش لە بیرتە چۆن ڕووت لێ وەرگێڕان و لەجیاتی ئەوان تەریق ببنەوە، تۆ خەریک بوو ببوریێیتەوە لە شەرمانا و گوتت: "ئەیەڕۆ بە پەند بن، ئەوە پەنا دیوارێک و پەنا شوێنێکتان دەست ناکەوێت لە ناو قاچوقولی ئەم عالەمەدا بەم ئێوارەیە وا ئەکەن".

میرزا چاوی لە ئاتە خان هەڵتەکاند کە باسی وا مەکە. بووکەکەمان پێی ناخۆشە.

حەسەن پێکەنی و گوتی:

- بابە گیان ئەو چوزانێت باسی چی ئەکەین، ئەو ئێستا وا ئەزانێت گوێزی بۆ ئەژمێرین.

ئاتە خان هەڵی دایە و بە پەرۆشەوە گوتی:

- ئەیەڕۆ ڕۆڵە چۆن؟ ئەی بۆت نەنووسیبووین کە ژنەکە و منداڵەکانیشت وەک بولبول کوردی قسە ئەکەن؟! ئەی ئەوە من چۆن قسەی لەگەڵ بکەم، ئەوە بۆیە لەوەتەی هاتووەتەوە دەمی نەکردووەتەوە. منیش هەر ئەڵێم هیلاکە و با بچێت بەلای منداڵەکانیەوە و بۆ خۆیان هەندێک پشوو بدەن.

حەسەن دیسان پێکەنی و گوتی:

- دایە گیان خەمی پێ مەخۆ، ئێستا خۆیان فێر دەبن لە ناوماندا. من ئەوەندە سەرم قاڵ بووە، ئەوەندە ماندوو و هیلاک بووم، ئێواران کە ئەهاتمەوە ماڵ، خواخوام بوو بۆ خۆم پشوو بدەم، تاقەتی ئەوەم لە کوێ هەبوو ژن و مناڵ فێری کوردی بکەم.

دایکی پەلاماری سەر و ملی دا و چەند ماچێکی کرد و بۆنی کرد و بە ڕوویەکی خۆشەوە گوتی:

- هەی کافری فێڵباز. ئەی بۆ وات بۆ ئەنووسین؟!

کەوت بە گازی پشتدا لەبەر پێکەنین بە قسەکەی دایکی و گوتی:

- ئەی چی بکەم ئەمویست دڵتان خۆش بکەم کە ئەوەندە تووڕە نەبن لێم. کە ئەم کچە ئینگلیزەم هێناوە.

باوکی سەری لەقاند لەگەڵ دەستی و گوتی:

- ئاسانە ئاسانە ئینشەڵڵا. هەمووی چاک ئەبێت و ماوەیەکی تر لە من و تۆش جوانتر کوردی قسە ئەکەن.

پەخشان هەڵی دایە و بە شەوق و گەرمییەوە گوتی:

- ئەی من چیم! ئێستا وا فێریان ئەکەم نەبێتەوە. قازانجیشمە چونکە جینی فێری ئینگلیزیم ئەکات و ئینگلیزییەکەشم بەهێز دەبێت.

لە لایەکی ترەوە بەهێی خوشکی ئاتە خان و شەمسەی هێوەژنی دانیشتبوون و دووبەدوو باسی جینییان دەکرد، بەهێ دەیگوت:

- بووکەکەمان چەند ناسکۆڵە و جوانە. ڕەنگ بێت کە دەستێک جلی کوردی لەبەر بکات هەر لێی بێت بە نەقش، ماشەڵڵا.

بەهێ بە ئەسپایی سیخورمەیەکی لە شەمسە دا و بە چرپەوە گوتی:

- بەڵام تۆ بڵێیت بەڕاستی بووبێت بە ئیسلام؟ چونکە ئەگەر وا نەبێت، ئەبێت حیسابی غەیرەدینی بۆ بکەین.

شەمسە بە بڕوایەکەوە وەرامی دایەوە:

- ئەیەڕۆ خوشکم هەر زوو بووە بە ئیسلام. ئەگینا مام میرزا چۆن ئەمەی قبووڵ دەکرد.

بەهێ گوتی:

- ڕاست ئەکەیت بەو شەرتە نەبوایە قبوولّی نەئەکرد. بیرتە لەگەڵ ئاتەی خوشکم کردیان بە چ هەرایەک وەختی خۆی...؟

شەمسە دایە پڕمەی پێکەنین و بە ئەسپایی گوتی:

- یاخوا خێری پێوە بێت و پێ و قدومی خێر بێت، بەڵام بە خوا من ناوەکەیم هەر بۆ نایەت و زووزوو لە بیرم ئەچێتەوە: جینی... جینی...

بەهێ سەری بردە نزیکی و بە چرپەوە گوتی:

- کچێ زۆر ئاسانە، هەر کە بیرت چووە بە **جنۆکە**دا بیرت بکەویتەوە...

هەردووکیان دەستیان کرد بە پێکەنینێکی بە کوڵ و دڵ.

***

جەماعەت و حەسەن ژن و منداڵی بۆ شەوی دوایی کفت و هیلاک و ماندوو گەیشتنە سلێمانی. دەعوەتکەرەکان یەکسەر هەر کەسە برایەوە ماڵی خۆی، ئەمانیش هەندێک سەریان سووک بوو و هەر خێزانەکە مانەوە لەگەڵ مامیان و ماڵ و منداڵەکەی

دوو منداڵەکەی حەسەن و جینی کە لە ڕێگە خەویان لێ کەوتبوو، بە نووستوویی برانە چینی سەری ژوورەکەیان کە هەر زوو بۆیان ئامادە کرابوو.

خانووەکەی میرزا عەلی و ئاتە خان لە خوار عەقارییەوە بوو، لە دەشتاییەکی هەندێک بەرز و دڵگیردا لەسەر چەشنی مۆدەی تازە دروست کرابوو، چونکە سەردەمانێک بووبوو بە چاولێکەری و باو کە خەڵک خانووی قەدیمی خۆیان بەجێ دەهێشت و دەچوون لەو قەراغ شارە خانوویان دەکرد. حەسەن هێشتا ئەو خانووەی نەدیبوو، چونکە وەختێک ناردبوویان بۆ لەندەن بخوێنێت، هێشتا ماڵی باوکی

له خانووه کۆنه قەدیمەکەیاندا له گەڕەکی گۆیژه بوون. ئەم خانووه تازەیەیان گەوره و دوو نهۆم بوو، هەروەها ژووری زۆری تیا کرابوو، لەگەڵ دوو حەمامی لەسەر چەشنی ڕۆژئاوایی و ڕۆژهەڵاتی. له چینی سەرەوه ژووری نووستنەکان هەمووی باڵەکۆنیان لەبەر دەمدا دروست کرابوو. که دەیانڕوانییه شاخوداخ و دیمەنی جوان و شیرینی کوردستان، که دڵی دانیشتوانی ماڵەکەی پێ ڕوون دەبووەوه. دەوری خانووەکەش هەمووی کرابوو به باخ و چیمەن و گوڵوگوڵزار.

جینی هەندێک حەپەسا و چاوی زەق بوو که ژوورەکەیان پیشان دا، خەیاڵی پەرش و بڵاو بووەوه:

- تۆ بڵێیت ئەم خانووه ماڵەکه بێت؟ ئەوەنده گەورەیه هەر له ئوتێل و شتی وا ئەچێت!

حەسەن له خەیاڵیدا و به بزەیەکەوه گوتی:

- ها "مای لایف" خۆشەویستەکەم... ئەو ژوور و ماڵه چۆنه له لات؟ ئایا به دڵته؟

جینی به سەروچاوێکی ماندوو و شێواوه، به خۆشییەوه وەرامی حەسەنی مێردی دایەوه: که زۆر زۆر لای خۆشه و تەنیا ماتییەک که له چارەیدا دیار بوو، پەرش بوو، لەبەر ئەوه بوو که دەترسا لەوەی حەسەن بگەڕێتەوه شار و وڵاتی خۆی و خزم و کەسوکار و کچی خزمی بهێنێت و ئەوی لەبەر چاو بکەوێت. بەتایبەتی که دەیزانی ئەوان بۆیان هەیه چوار ژن بهێنن. بۆیه جینی به خۆشییەکی دیار و ماتەمینییەکی نادیارەوه گوتی:

- ئۆه ئەمه خانووه یان قەسره! زۆر خۆشه، شتێکی نایابه. من قەت نەدەهات به بیرمدا که وڵاتەکەتان ئەوەنده خۆشه و خانووی واتان هەیه؟!

حەسەن پێکەنیی و گوتی:

- ئەی چۆنــت بیــر لــێ ئەکــردینەوە؟ تــۆش وەکــو زۆربەی قەومەکەت وات ئەزانـــی کە لە بیابـــان ئەژیـــن و ســـواری حوشتر ئەبین و پێمان پەتییە.

ئینجا بە پێکەنینەوە گوتی:

- ئەوانە عەرەبی بیابانن کە وایان پێ ئەڵین. ڕەنگە ئەوانیش ئێستا وا نەمابن. وەکو باسم بۆ کردوویت ئێمە کوردین و وڵاتمان زۆر خۆش و جوانە. ئێستا شەوە و هیچ دیار نییە. تۆ بەیانی سەیر بکە ئەبینیت چ دڵگیرە.

جینی هەر سەیری ئەمبەر و ئەوبەری دەکرد و بڕوای نەدەکرد، چونکە ئەو لە خانوویەکی بچووکی ژووری وەک قتووە شقارتەوە هــاتبووە ئەم مــاڵە و ئەو ژوورە گەورە و دڵگیــر و خۆشـــەوە و کە پێشی ئەڵێن ئەمە ئیتر ژووری تۆیە. زۆر سەری سووڕما و دامابوو، نەیدەزانی لە خۆشییاندا چۆن وەرامیان بداتەوە. لەگەڵ ئەمەشدا لە دڵی خۆیدا دەیگوت:

- ئەم هەمــوو خــزم و کەســوکارەی حەســەن وا لە حەســەن نەکەن منی بیر بچێتەوە و ئیتر منی نەوێت. ئەوە هێشتا یەکەم ڕۆژە چۆن دەوریان داوە. ئەمیش چۆن دڵی خۆشە و چۆن تێکەڵیان بووە، بە درێژایی ئەم دوو ڕۆژە هاتووین هێشتا دوو قسەی لەگەڵ من نەکردووە. هێشتا لە کوێمە، خوا ئەزانێ دوایی چۆن ئەبێت!

- با بزانم جارێ بۆچی لە خۆمەوە بەم بیرانە سەر لە خۆم بشێوێنم، ئەوە نییە دایک و باوک و کەسی چیم بۆ ئەکەن و چەنــد خۆشەویســتیی خۆیــانم بــۆ دەردەبــڕن، ئەوە نیــیە گەیشتوومەتە جێی خۆم و منداڵەکانم ناکەونە سەر ئەرز، بەتایبەت پەخشان هەر شێت بووە لە خۆشیاندا و هەر دەور و خولم ئەدات و هەمیشــە ئامــادەیە بــۆ یارمەتیدانم، وەی

چەنـد دڵـم پێـی ڕوون ئەبێـتەوە. بەخـتم هەیە، بەس نیـیە ئەزانێت ئینگلیزی قسە بکات.

جینی نوقمی ئەم بیر و خەیاڵانە بووبوو کە پەخشان گەیشتە لای و بە دڵسـۆزییەکەوە و بە ئەسـپایی لەبەر منداڵەکان کە نووسـتبوون، بانگی کرد و بە ئینگلیزی گوتی:

- جینی گیان، بێزەحمەت ئەبێت لەگەڵـم بێیـتە خـوارەوە، چـونکە هەموو لەوێ چاوەڕێت ئەکەن.

پەلی گرت و بردییە خوارەوە لەگەڵ خۆی.

لە خـوارەوە سـفرە ڕازابـووەوە بە کفـتەی سـابوونکەران، کە هەر دانەیەک بە قەد فتبۆڵێک ئەبوون، کە حەسەن حەزی لێ ئەکرد؛ لەگەڵ چەنـدەها وردە شـتی تـر و ترشـیات و کاسـە ماسـتاو و هەرچـی ئەو شـتەی کە وەختـی خـۆی حەسـەن حەزی لـێ کردبـوو، لە بەیـانییەوە پوورە ئافتاوی کە بە دیـار مـاڵەوە مـابووەوە، لە بەیانییشـەوە خەریک بووبوو کە ئەم *کفتە بە داک و بابەی* بۆ دروست بکات، دەردی *کۆیی گوتەنی*.

جینییش جێی بۆ کرایەوە لە بەینی خەسووی و پەخشاندا.

جەمـاعەت نـاوی خوایـان لـێ هێنـا و قۆڵیـان لـێ هەڵمـاڵی، پـێش هەمـوو کەس خەسـوو دەسـتی بـرد یەک کفتەی بە قەد نیـوە تـۆپێکی فوتبـۆڵینی خسـتە قـاپەکەی جینیـیەوە و خەزووریـش لەو سـەرەوە کەوچکـی دایە یەک پـلە گۆشـتی گەورە و هـاواری کـردە ژنەکەی کە ئەوەش بخـاتە قـاپەکەی جینیـیەوە. جینـی نەگـبەت سـەیری قـاپەکەی بەردەمی خۆی کرد و بە ئەسپایی هەناسەیەکی هەڵکێشا.

جینی سەری سوڕما و داما کە ئەوە چۆن ئەتوانێت ئەم هەمـوو شتەی کە بۆی خراوەتە قاپەکەیەوە، بیخوات. ئەو ڕەنگە بە هەفتەیەک نەتوانێـت ئەوەنـدە خـواردن بخـوات، ئەی هـاوار ئەی چـار چیـیە، بەتایبەتی بە هەموویان و هەر یەکە لە لایەکەوە چاوی ئەکەنە سەر.

- ده بخۆ بە قوربان نۆشی گیانت بێت، ئەیەڕۆ پەخشان دە کفتەکەی بۆ لەت بکە و ئاوە سڵقاوەکەشی بۆ پیا بکە. دە لێی بپرسە بزانە حەز ئەکەی ئاوەکەی بۆ بکەرە قاپێکی جیاوازەوە نەوەک وای پێخۆشتر بێت.

جینی هەرچەندی کردی و کۆشای لەتێ کفتەشی پێ نەخورا. هەرچەند بە کەساسییەوە ڕووی دەکردە حەسەن، کە بەشکەم سەیرێکی بکات و تاوەکو پێیان بڵێت ئیتر هیچی دیکەی پێ ناخورێت، بەڵام حەسەن لە کوێ ئاگای لە سەیرکردنی ئەو مابوو، حەسەن قۆڵی لێ هەڵماڵیبوو کەوچک و چەتاڵی فڕێ دابووە ئەو لاوەوە و بە دەست و چنگ وەکو ئەوانی تر کەوتبووە پارووتێگلان و هەژدەهەژدە قسە و گاڵتە لەگەڵ خزمەکانی دایکی. هەر بەوە دەگەیشت ماسوولکە بخاتە قاپەکەیەوە و پووری پەرداخە ماستاوی بۆ تێبکات، باوکی کفتەی تری بۆ بخاتە قاپەکەیەوە و بڵێت:

- ئەمەیان ئەڵێی گیپەیە.

مام و ئامۆژنیش لە ئێستاوە پێیان دەگوت: دوو سبەی لە ماڵی ئەوانن لەسەر دەعوەتی گیپە.

ئاتە خان لە پڕ ئاوڕی لە جینی دایەوە و گوتی:

- ئەیەڕۆ بووکەکەم خۆ هیچی نەخواردووە!

دەستی برد بۆ قاپەکە و لە بەردەمی لابرد و قاپێکی پاکی بۆ دانا و یەک کفتەی گەورەتر و باشتری خستە ناو، بەدەم بەقوربان و بەسەدەقەوە گوتی:

- جینە گیان بخۆ بخۆ ... *اوکل ... اوکل*

پەخشان دایە قاقای پێکەنین و خەریک بوو نانەکەی لە بین بگیرێت و بە گوپی پڕ لە کفتەوە گوتی:

- ئەیەڕۆ دایە *اوکل اوکل* عەرەبییە، براژنم چوزانێت!

ئاتە خان پێکەنی و گوتی:

- ئەی دایکم نازانم چۆنی تێبگەیەنم دڵم بۆی ئەسووتێت، حەز ئەکەم هەموو شتێک بخوات.

حەسەن ئاوڕی لێ دانەوە و بە خۆشییەوە پرسیی:

- ئەوە چیتانە بۆ وا پێئەکەنن؟

پەخشان پارووەکەی دەمی قووت دا و گوتی:

- کاکە گیان دایکم ئیشارەتی جینی خان ئەکات و پێی ئەڵێت: ڕۆڵە اوکل... اوکل. بە کفتەکەی پێشووش ڕازی نەبوو وا دانەیەکی تری بۆ خستووەتە قاپەکەیەوە، ئەڵێت نەوەکا ئەوی تری بە دڵ نەبووبێت، ئەمیان جوان کوڵاوە.

هەموو جەماعەت پێکەنین، حەسەن جینی تێگەیاند کە مەسەلەکە چییە، ئەویش پێکەنیی و وای نیشان دا کە ئەویش جۆرە قسە و نیکەتە و هەلانەی لا خۆشە.

هەرچۆنێک بوو جینی بە سەیرکردنی وەک پاڕانەوە حەسەنی تێگەیاند کە لەوەی خواردوویەتی زیاتر، هیچی دیکەی پێ ناخورێت و وازی لێ بهێنن با هەستێت ئیتر خەوی دێت، چونکە شەو زۆر درەنگە.

جینی "گودنایت"ی لە جەماعەت کرد و بە پەلە چووە سەرەوە و بە لای دەست و دەموچاوشتن و جلگۆڕینەوە، هەر زوو پاڵ کەوت و بۆ خۆی نووست، ئەوەندە خەوی دەهات و ئەوەندە کفت و ماندوو بووم.

حەسەن کەوتە باسی جینی و لەندەن و خەڵکی لەندەن و گوتی:

- دایە گیان ئەوان ناتوانن وەکو ئێمە بخۆن، ئەوەی ئێستا تۆ دەرخواردت داوە ڕەنگە بە چەند ڕۆژێک ئەو بیخوات، ئەوان فێرن ڕۆژی ژەمێکی باش بخۆن و ئەوی دیکە هەر وا بەسەر پێوە شتێکی سووکەڵە ئەخۆن.

حەسەن پێکەنیی و گوتی:

- نان و کەرەیان هەبێت ئیتر ئەوە زۆر چاکە، تێکڕا لەگەڵ هەموو خواردنێک ئەبێت نان و کەرەی لەگەڵ بێت.

گورج باوکی سەیرێکی ئاتە خانی ژنی کرد و گوتی:

- ئاخۆ کەرەمان هەبێت؟ بەیانی زوو بنێرە بیکڕن، کەواتە با ئیتر لە ماڵەکەمان نەبڕێت لەبەر جنە خان.

ئاتە خان لەبەر خۆیەوە گوتی:

- سەیری ئەم پیرەمێردە بکەن لە ئێستاوە چۆن خۆی خنکاند.

***

جینی کچێکی ئاقڵ و بێدەنگ و کچی خێزان بوو، دایکی زۆر ئاگاداری دەکرد و نەیدەهێشت وەکو کچەکانی تر زۆر بەڕەڵا ببێت، هەروەها خۆیشی کچێکی بەحورمەت بوو لەچاو ئەوانی تردا، باوکی دوو ساڵێک بوو نەمابوو، تەنیا دایکێکی هەبوو لەگەڵ خوشکێکی لە خۆی گەورەتر، ئەویش بە شوو بوو و دوو منداڵی هەبوو. حەسەن لەوەشدا بەختی هەبوو، چونکە زۆری هاوڕێکانی تووشی کچی هاوڕێی بەڕەڵا بووبوون، دواییش فێڵیان لێ دەکردن و سکی خۆیان پێ پڕ دەکردن و قسەیان نەدەکرد تاکو سکیان دەبوو بە چەند مانگێک، ئیتر زۆریان لەبەر منداڵەکە ناچار مارەیان دەکردن و دوایش تووشی هەزار بەزم و فەلاکەت و گیروگرفت دەبوون بە دەست هەندێکیانەوە؛ هەندێکیشیان سەری خۆیان کز دەگرت و ئیتر بەدیار مێرد و منداڵیانەوە دادەنیشتن و ژنی زۆر باش و فیداکاریان لێ دەرەچوون.

هیی تریشیان هەبوو کە بە کوڕەکەوە دەنووسا و پارەوپوول و هیچ شتێکی پێ نەدەهێشت و هەمووی لێ دەکێشایەوە و دواییش بەجێی دەهێشت.

حەسەن دراوسێی ماڵی جینی بوو، دایکی جاروبار دەچوو ماڵەکەی بۆ پاک دەکردەوە، بە پارە جل و کەلوپەلەکانی بۆ دەشت. جینییش لە دوکانێک ئیشی دەکرد و ئیتر ناسیاوی لەگەڵ حەسەن

پەیدا کردبوو. دوای بەینێک ناسیاوی حەسەن ڕەوشت و خووی کچەی بەدڵ بوو، هەروەها ئێسکیشی زۆر سووک بوو. ئیتر لەگەڵ تووشی بوو مارەی کرد و تا ماوەیەکیش نەیوێرابوو بە دایک و باوکی بڵێت، چونکە پێیان ناخۆش بوو و لە لای خۆیان چاویان لەسەر چەند کچێک دانابوو بۆی، کە نامەی بۆ دەناردن و باسی ژنهێنانی بۆ کردن، لێی تووڕە بوون و وەرامیان دایەوە کە بۆچی تۆ بۆ خوێندن چوویت یان بۆ ژنهێنان. لەو بەینەدا تووشی زۆر گێرمە و کێشە بوون و هەر نامە و تەلەفۆن بوو، ئیشی دەکرد لە بەینیاندا تاوەکو منالیان بوو، چوو بە بێدەنگ ڕەسمی منداڵەکەی بۆ ناردن، ئاتە خانیش کە چاوی بە وێنەی منالەکە کەوت دەستی کرد بە گریان و حەیران و لە دەوری گەڕان، جوابیان بۆ نارد کە تازە قەیناکە و موبارەکی بێت، بەڵام دەبێت ببێت بە ئیسلام، ئەگینا نابێت بێتە ناومان، ئەویش نامەی بۆ ناردن لەگەڵ وێنەیەکدا لە مزگەوت بووە بە ئیسلام، ئیتر بێدەنگ بوون و چاریان نەما کە پێیان خۆش بێت.

***

ئاتە خان ئەو شەوە بەو هەموو هیلاکی و ڕێگەیەوە لە خۆشیاندا هەر خەوی لێ نەدەکەوت و هەر ئەمدیو و ئەودیوی دەکرد، خەیاڵ و بیری لێ دەکردەوە کە سبەینێ چی بکات و چییان بۆ لێبنێت کە بیخۆن، لە ڕۆژانی داهاتوودا چی بکات و چۆن ڕەفتار بکات بۆ ئەوەی دڵیان خۆش بکات، ئیتر دوایی ئاتە خان بەدەم خەیاڵەکانیەوە خەوی لێ کەوتبوو.

ئەوەندەی پێنەچوو کە خەو چووبووە چاوی لەسەر دەنگی گریانی کوڕەکەی حەسەن خەبەری بووەوە، ئاتە خان ڕاپەڕیی و گورج هەستایە سەر پێ و بە هەڵەداوان چووە بەردەرکی ژوورەکەی حەسەن و جینی و بە پەرۆشەوە بانگی کرد:

- حەسەن گیان ئەوە چیتانە؟

حەسەن وەرامی دایەوە و گوتی:

- دایە گیان فەرموو وەرە ژوورەوە.

ئاتە خان خۆی کرد بە ژووردا سەیری کرد منداڵەکە بە باوەشی دایکیەوەیەتی و توندتوند باوەشی پیاکردووە و هەر دەزریکێنێت.

ئاتە خان بە چاوی خەواڵوو و شپرزەوە دەستی کرد بە دوعاخوێندن و فووکردن و یا خدری زیندە و یا غەوسی گەیلانی... لە حەسەنی پرسی:

- وای بمرم ڕۆحم دەرچێت ئەوە ئالان گیان بۆ وا ئەکات؟

هەوڵی دا کە منداڵەکە بچێتە باوەشی ئەوەوە، بەڵام کە نزیکی کەوتەوە منداڵەکە ئەوەندەی تر دایە زریکە و باوەشی کرد بە دایکیدا، بە ئینگلیزی بۆڵەبۆڵێکی کرد بەدەم زریکەوە.

ئاتە خان دەستەپاچە بوو نەیدەزانی چی بکات. جارێکی تر پرسیی:

- ئەرێ دە حەسەن گیان بڵێ ئەم مناڵە بۆ وا ئەکات، ئەوە دیارە جێگەی لێ گۆڕاوە بۆیە وا ئەکات.

حەسەن دەستی هێنا بە دەموچاو و سەر و لاملی خۆیدا و گوتی:

- دایە گیان شپرزە مەبە، هیچ نییە ئەوە لە دەنگی ئەم بانگە ئەترسێت، ئەوەتەی ئەم مەلایە بەم دەنگە بەرزە و بەم مایکرۆفۆنە بەرزە دەستی کردووە بە بانگدان ئەمیش لە خەو ڕاپەڕیوە و ڕقی گرتووە.

ئاتە خان بە پەرۆش و ناڕەحەتییەوە ڕووی کردە منداڵەکە و گوتی:

- نەنە بە قوربانت بێت ئالان گیان، بانگ موبارەکە لێی مەترسە.

دواییش لەبەر خۆیەوە بۆڵاندی و گوتی:

- کورە وەڵڵە مناڵەکە ڕاست ئەکات بە قوربانی خوا و بانگ بم، نازانم ئەم بەزمە چییە دایان هێناوە، وەڵڵا ئەمە هەق نییە، پێغەمبەر (د.خ) بە قوربانی بم خۆ مایکرۆفۆنی نەبوو. بەو

دەنـگ زلـکەرانە بەم بەرەبەیـانە لە چەنـد لاوە بانـگ ئەدەن، ئاخر نالێن منالّ نووستوون. نەخۆش و گونـاهن، ئەوە چییە، بـۆچی وەکـو جـاران بانـگ نـادەن ئەوەی مەتڵەبـی بێـت زۆر چــاک کــات و ســەعات ئەزانێــت و خــۆی پــێ ناگیرێــت و هەڵئەستێت و ئەچێت بە لای نوێژەکانیەوە، ئەم دەنگە زلانە هەبێت یـان نەبێت ئەو گوێ نـاداتێ، چـونکە خواپەرستن و نوێژ هەمـوو دڵ و دەروونـی گرتـووە، ئیتـر بـۆ چیمە تۆبە و اسـتغفراللّه یـارەبی خـوای لـێم نەگـری، وەڵـلا خەڵـک کـافر دەکەن.

ئاتە خان قسەکەی تەواو کرد و بە تەوسێکەوە گوتی:

- بۆ نەگبەتی دەنگی ئەم مەلایەی مزگەوتەکەی تەنیشتمان هەر زۆر ناخۆشــە، خــۆزگە دەنگخــۆش بــوایە، هەر ئەمــان وت قەیناکە.

ئاتە خان لە بۆڵەبۆڵ بووە و مەلاش بانگ و سەلامەی تەواو کرد، کوڕەکەش بە باوەشی دایکیەوە بێدەنگ بوو، خەریک بوو خەوی لـێ دەکەوتەوە.

حەسەن باوێشکێکی دا و بە ئەسپایی گوتی:

- بـڕۆ دایە گیـان بـۆ خـۆت بنـوو، خـۆت نـاڕەحەت مەکە ئیتـر ئەویش ڕا دێت و فێری بانگیش و مزگەوت دەبێت. تۆ خۆت ئەوەندە سەغڵەت مەکە.

ئاتە خان گوتی:

- ئەیەڕۆ بە قوربانــت بــم نووســـتنی چـــی ئەچـــم بە لای نوێژەکانمەوە.

***

لە بەیانی زووەوە ماڵی ئاتە خان زەنگی لێ دا و میرزا عەلـی کەوتبووە گەڕ. خزم و کەسوکار و ئاشنا و دەرودراوسـێ دەهـاتن بـۆ چاوڕوونی و بەخێرهاتن، کە هێشتا حەسەن خۆی لە خەودا بوو.

حەسەن هەستا و خۆی گۆڕی و هاتە ناویان. بە ڕوویەکی خۆشەوە و بۆ هەریەکەیان ئەوپەڕی بەتەنگەوەبوون و خۆشیی پیشان دەدان. ئەمیان دەستی دەکردە ملی و ئەویان خۆشحاڵیی خۆی بۆ دەردەبڕی کە وا هاتووەتەوە.

حەسەن کوڕێکی زۆر کوردانە هەڵکەوتبوو، ئەو هەموو ساڵە لە لەندەن ژیابوو بەڵام نەگۆڕابوو. حەزی لە خواردنی کوردی دەکرد و بە پیاڵە چای دەخواردەوە، بە لفکەی شار نەبوایە (وەک خۆی دەیگوت) نەدەچووە حەمام و خۆی نەدەشت، تاوەکو ناردبووی کە دایک و باوکی کڵاش و جلی کوردییشیان بۆ ناردبوو و هەمیشە هەیبوو. بەرماڵ و سەماوەر، قۆرییە لەسەروو ژوورەکەیانەوە دانرابوون، جەژنان هەزاران ئیمتیحان و تاقیکردنەوەی هەبوایە، دەبوو شلەی قەیسی و کشمیش و پلاو لێبنێت و بیخوات.

لەبەر ئەوە ساڵ و ڕۆژ و دەقیقەی ئەژمارد بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە وڵات لەسەر ئەم ڕەوشتانەی لەندەن زۆری هاوڕێکانی گاڵتەیان پێ دەکرد، کە یەکێک بیویستایە سەری بدات ئەوی دیکەیان پێی دەگوت ئەوە دەچیت بۆ کوێ؟ ئەویش دەیگوت:

- وەڵڵا نیازی چوونە سەرشەقام و مەڵکەنی و دەرگەزێنم هەیە.

کە وای دەگوت مانای ئەوە بوو کە دەیەوێت بچێت بۆ ماڵی حەسەن.

حەسەنیش لە وەرامی تانوتەکانیان پێی دەگوتن:

- ئەی نەک وەک ئێوە بە دوو ڕۆژ خۆتان گۆڕی و بوون بە ئەورووپی. کە قسەش ئەکەن یەک-دوو کەلیمەی ئینگلیزی تێئەخەن و ناوی شت و وشە و کەلیمات بە ئینگلیزی ئەڵێن و هەندێک جار "ئم.. ئم.. ئم"یشی بۆ ئەکەن. بۆ کرسیمس خۆتان لەمان زیاتر سەرقاڵ ئەکەن، کەچی جەژنی خۆیشمان دێت و دەڕوات هەر ئاگاشتان لێی نییە. وەڵڵا عەیبە خەڵک وا

له خۆی بگۆڕێت و ئایین و ڕەوشت و خوو و ئەتوار و کەوش و کڵاشی باوکوباپیری لەبیر خۆی بەرێتەوە. بە خوا کاکە من لە باپیری لەندەن بم لە خۆم ناگۆڕێم، ئیتر ئێوە چی ئەڵێن بیڵێن.

هەندێک لە هاوڕێکانیشی بە تەوسەوە پێیان ئەگوت:

- نەخێر کاکە حەسەن قەت ناگۆڕێت، ئەوە نییە ژنەکەی خەڵکی سابوونکەرانە، ئەوە نییە ژن و منداڵەکانی وەک بولبول بە کوردی قسە ئەکەن.

هەموو دەستیان دەکرد بە پێکەنین، حەسەن بەدەم زەردەخەنە و پێکەنینەوە وەرامی دەدانەوە و دەیگوت:

- باسی ژنەکەم کە هێناومە ئەوەتان ڕاستە، بەڵام هەر خەتای من نییە وەکو گەنجێکی نەدیوبدیی ناوی، منیش هاتمە ئێرە و چاوم بەو هەموو سەربەستی و بەڕەڵاییە کەوت و کەوتمە ناوی، منیش تووش بووم کە بە لای منەوە ئەبوو زووتر بیری لێ بکەمەوە، بەڵام کە منداڵ بوو، گوناهی منداڵەکە چییە؟ ئینسان ئەبێت ویژدان و غیرەتی هەبێت، هەر چەند لە دڵدا هەست بە خەتا و ناڕەزایی بکات، نابێت لەو کاتەدا پشت بکاتە ئەو ژنە و ئەو منداڵە بێخەتایە کە تووشی دواڕۆژێکی تاریک و بێپەنا ببێت. خۆیشتان ناوبانگی جینیتان بیستووە و زۆریشتان ئەزانن کە چەند باش بووە بۆ من و چەند بە تەنگ منەوە بووە.

ڕۆژی سێیەم حەسەن گیان و ماڵی باوکی و هەندێک خزمی زۆر نزیکی بۆ نیوەڕۆ لە ماڵی مامی بانگ کرابوون بۆ سەر دەعوەتی گیپە. دیسانەوە هەموو لەوێ گردبوونەوە. بۆنی سەروپێ و گیپە بەو داو و دەرمان و مێخەک و زەردەچەوەیەوە پڕ ماڵەکە بووبوو. گەیشتبووە بەر دەرگا و کۆڵانیش. مامی حەسەن هەندێک دوودڵ و حولحولی و ڕاڕا بوو، هەر بەوەدا دەگەیشت کە بچێتە سەر ژنەکەی و بڵێت:

- دەستم دامانت گیپە و میپەکانت باش و تێروتەسەل بن.

سەیرێکی مەنجەڵی سەر ئاگرەکەی دەکرد، سوکەدا کەلە و پێچکە و زمـان و ئەو نەوعە شـتانەی تیـا بـوو، دەکـوڵان. ژنەکەش لەگەڵ ژنێکی تـردا دانیشـتبوون. ورگەکانیـان پڕ دەکرد و دەیدوورن. چەند کەسی خزم و خوشکەزا و برازاش خەریکیماڵەکە بوون، کەچی ئەو هەر دەسـتی دەدا بە یەکـدا و لەسـەر سـەری ژنەکەی ڕاوەسـتا و دەیگوت:

- بە خوا لام وایە ئەمە زۆر کەمە و بەشمان ناکات. هەر پێم گوتی یەک-دوو سەلک و ورگی تر بکڕە. بە قسەت نەکردم.

ژنەکەشـی دەبـوو بە فیشـەکە شـێتە و بە تووڕەبـوونەوە دەسـتی چەوری ڕادەوەشاند و دەیگوت:

- ئەهـا بە مەرقەدی پێغەمـبەر (د.خ) نەچـی بەولاوە و لە کـۆڵم نەبیتەوە، هەر ئێستا یەخەی کراسەکەم دادەدڕم لە داخی تۆ. پیاوەکە من ئەزانم چەند کەسن و چەندمان بەش ئەکات و بە زیـادەوە هەمـووی کـراوە، بە خـوا بەشـی دراوسێیەکیشـمان ئەکات و سبەینێش لێی ئەخۆین. دە ئیتر ئەم پرتەپرتەت لە چییە؟ زوو بیبڕەوە.

کـاک مـوحەممەدیش چـاری نەدەمـا و دەچـووە ئەولاوە و دوور دەکەوتەوە، دڵی هەر دەترسا کە نەکا گیپەکە کەم بێت و بەش نەکات، هەر دەهـات و دەچوو، لە دڵـی خۆیـدا میوانەکـانی دەژمـارد و گیـپەی دابەش دەکرد بەسـەریاندا، کە هەر کەسـە چەندی بەر دەکەوێت وەک خۆی هەمیشەیی کە بۆ هەموو دەعوەتێک ئەمە حاڵی بوو.

میوان گەیشتن و بوو بە غەڵبەغەڵب و دەنگەدەنگ:

- بەخێر بێن یـاخوا بەخێر بێن. جنە خـان مـاڵەکەم پێشکەشـت بێت، ئەهـا بـۆنی گیـپە مـاڵەکەی پڕ کـردووە و دەممـان ئـاوی کرد. خێراکەن جەماعەت برسیمانە.

- وەی بەسەر چاو هەر ئێستا. ئا کچینا ڕاکەن با نان تێکەین.

ئەم قسانە و قسەی تریش لەگەڵ قاقالێدانی هەندێک و تەقەی قاپ و کەوچک و سینی هەمووی لەماڵەکەدا دەنگی دەدایەوە.

هەرچەندە جینی خۆی گۆڕیبوو، هەوڵی دەدا خۆی دڵخۆش پیشان بدات و لەگەڵ "سوپاس" و "چۆنی" و "بەخێرهاتی" زەردەخەنەش دابەش بکات بەسەر میوان و دانیشتوانی ماڵەکەدا، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی بە چاکی سەرنجی پێ بدایە، کزی و ماتەمینییەکی نادیاری لە چارەیدا هەست دەکرد، چونکە وەکو کەڕ و لاڵ لە ناویاندا دانیشتبوو. ئاتە خان و خوشک و خاڵۆژن و هێوەژنی بۆ خۆیان قسەیان دەکرد و پێدەکەنین، ئەمیش دەتگوت گوێزی بۆ دەژمێرن، جار بە جار کە ناوی بهاتایە لە قسەکانیدا، یان ناوی حەسەن کە ڕەنگ بووبێت باسی حەسەنی دراوسێیانی کردبێت، ئەو سەری ڕادەوەشاند و زەردەخەنەیەک دەکەوتە سەر لێوی، هەروەک تێیانبگەیەنێت کە وا دەزانێت باسی ئەو دەکەن، هەرچەندە نەیدەزانی بە باش باسی یەکەن یان بە خراپ، بەڵام لەوە دڵنیا بوو کە هیچ نەبێت لەبەر چاوی ئاتە خانی خەسووی دەبێت باسەکە باش بێت.

پەخشان سەری خۆی قاڵ کردبوو بە برازاکەیەوە کە ناوی سۆزان بوو. کچەکە لێی نەدەبووەوە و خەریک بوو لەگەڵی ڕادەهات، بەتایبەتی کە کەس نەیدەتوانی بە ئینگلیزی قسەی لەگەڵ بکات، ئەویش بە دڵ و بە گیان دڵی ڕادەگرت و یاری و قسەی خۆشی بۆ دەکرد.

`سۆزان وا شوێنی پەخشانی پووری کەوتبوو، کە بۆ هەموو ژوورێک و شوێنێک هەر بە دوایەوە بوو، پەخشانیش وەکو شتێک ئەوەی زۆر پێ خۆش بوو، هەندێک سنگی دەرپەڕاندبوو کە وا لە ناو هەموویاندا مەدەنیترە و ئینگلیزییش دەزانێت، بۆیە برازاکەی و براژنەکەشی وا پێوەی نووساون و سەری زمان و بنی زمانیان هەر پەخشانە.

ئەو ژن و خزمانەیـان کە ئەو ڕۆژە لەوێ بـوون، هەوڵیـان دەدا سۆزان بدوێنن و مـاچی بکەن، پەخشانیشـیان کردبوو بە تەرجومـان، یەکێک پێی دەگوت:

- ئـا تـو خـوا پەخشـان گیـان لێـی بپرسـە ئێرە خۆشـترە یـان لەندەن؟

- ئـا لێـی بپرسـە ئـاتە خـانی نەنکـی خۆشـتر دەوێـت یـان بابەگەورەی؟

جینییش کوڕەکەی لە ژوورێکی تر نواندبوو، لەبەر ئەوە چەند جارێک هەڵدەستا و دەچـوو سـەری لـێ دەدا. هەرچەنـدە دەچـووە ئەو ژوورە هەنـدێک لەسـەر لێـواری تەخـتەکە دادەنیشـت کە کـوڕەکەی لەسـەر نووستبوو و خەیاڵی دەڕۆیشت:

- بەڕاسـتی لەوەتەی هـاتووم بـۆ ئێـرە ڕۆژ بە ڕۆژ زیـاتر دەترسـم لە دواڕۆژی خـۆم لەگەڵ ئەمـانە، هەروەهـا منـیش بڕوا ناکەم کە بتوانم ژیـانم بەم جۆرە بەرمە سـەر، خۆ هەر وا حەسـەن بە دیـارمەوە دانانیشـێت، لەوەتەی گەیشـتووین لەگەڵ بـاوک و مـام و خزمـی باسـی کاسـبی و وەزیـفە و چوونە بەغدا و چوونە ئەمبەر و ئەوبەر ئەکات، ڕەنگە وەکو لەوێ پێی گوتبووم بە هەفتەش نەیەتەوە ماڵەوە، ئینجا مـن وەک کەڕ و لاڵ لێرە چی بکەم، چۆن گوزەران بەو چەشـنە لەگەڵیـان هەڵ ئەکەم؟ لە هەمووشـی ناخۆشـتر ئەم کـچەی ئەمڕۆ کە پێی ناسـاندم و گوتی گوڵاڵە کچی خاڵمە و لێرە نەبووە، بۆیە نەهـاتووە بە پیرمـانەوە بۆ بەغـدا... هەر ئەمەم کەم بـوو! خـۆ حەسـەن لە بەیـانییەوە هەر دەور و خـولی ئەدات و هەر قسـە لەگەڵ ئەو ئەکـات و لە خۆشـیاندا هەر قاقای پێکەنینێتی، کچەکەش خـوێنگەرمە و چـاوم لـێ بـوو کە کـچەکە سـفرەی حـازر ئەکـرد لەگەڵ ئەوانـی تـر، حەسـەن زووزوو ئەچـوو بـۆ لای و لە چێشـتەکەی کە بەدەسـتیەوە

بوو، تۆزێکی هەڵئەگرت و ئەیخستە دەمی خۆیەوە. لەوەتەی هـاتووین بۆسـەر ئەم دەعـوەتە، تەنیـا چەنـد زەردەخەنەیەک لەگەڵـی کـردووم و چەنـد کەسێکیشـی پـێ ناسـاندووم، ئیتـر نەهاتووە بە لامەوە.

جینـی لەم خەیـاڵانەدا نـوقم بـوو، کە لەسـەر دەنگێک یـان تەقەی دەرگایەک بوو هـاتەوە سـەر خۆی و ڕاپەڕیـی، کە بڕواتە ژوورەکەی تـر لای خەسـووی و خەڵـکەکەی لەگەڵ ئەم جـۆرە خەیاڵانەشـیدا دەیویست دڵخۆشیی خۆی بداتەوە، ئەوە بوو دونیا وا تاریک بووە لە لای. ئەو لە کـن خـۆی حەسـەنی خـۆش دەوێـت و لە **پـارە**وە هەر مشوریانە و هەر خەریکی شتکڕین و بیرلێکردنەوەی ئەوەن کە چۆن بڕۆن و کەی بڕۆن و چەندە حەز دەکات بچێت بۆ لای کەسوکاری حەسەن و بۆ وڵاتەکەی. حەسـەن هەمـوو شـتێکی تێگەیاندبوو، باسـی هەمـوو شـتێکی بـۆ کردبـوو، هەر لە ڕەوشـت و خـووەوە تـاوەکو ڕابـواردن و خـۆراک و ژیانیـان، ئەو لە خـودای دەویسـت کە ڕۆژێـک زووتر بچێت ئەم جۆرە ژیان و خەڵکە ببینێت. ئەوە بۆچی دونیـای وا لە لا گۆڕا. چ زوو بیـری چـووەوە کە هەر لە تەمەنـی هەشتسـاڵییەوە ئەو بە کۆڵاناندا دەگەڕا، بەو سەرما و سەهۆڵ و بـارانە و بەو تەمەنە بچووکەوە تاوەکو غەزەتە دابەش بکات بەسـەر مـاڵان و گەڕەکانەوە، بـۆ ئەوەی چەنـد پاوەنێکیـان پـێ بـدات، هەر لە تەمەنـی دەسـاڵ و یازدەسـاڵییەوە دەبـوو هەمـوو مشـوورێکی خۆیـان بخـۆن لەگەڵ خوشکەکەیدا، ئیشی دەکرد و دەبوو شەواوشەو بێتەوە و بەیانیـانیش بچێتەوە سەر ئیش، تەنیا یەکشەممە دایک و باوکیان دەبینن و ئەویش لەبەر ئەوەی ڕۆژێک وچانیـان بـوو دەسـتی دەکـرد بە خـواردنەوە و سەرخۆش دەبوو، ئینجا لەگەڵ دایکی دەبوو بە شـەڕیان لەسـەر پارە و مەسرەف و دەبوو بە پەلاماردانی یەک و تاکە پێڵاو و قاپ و قاچاغ لەیەکگـرتن، لەبەر ئەوە کە خەڵکـی بە ئـارەزووەوە چـاوەڕێی ڕۆژی وچـان بوون، ئەم و خوشکی ئارەزوویـان دەکرد کە هەرگیـز و هیـچ

کات ئەم وچانە نەبینن و نەبێت، ئەوەندە لێی دەترسان و لە ناوەڕاستی هەفتەوە خەمیان لێ دەهات.

ئەگەرچی باوکەکەیان شەویش دەگەڕایەوە لە ئیش و قاپێکی سەرنەکراوەی خواردنەوەی لە ژێر هەنگڵدا بوو، بەڵام شەوان چونکە ماندوو و کفتی ئیشی ڕۆژ بوو، هەر قاپەکەی تەواو دەکرد بۆ خۆی بە دانیشتنەوە خەوی لێ دەکەوت، بەیانیانیش شەوەکی و هێشتا ئەمان نووستبوون، هەڵدەستا و دەچووە سەر ئیشەکەی و دەتگوت ئەوە ئەم نەبووە کە ئەمشەو ئەو قاپە خواردنەوەی سەرنەکراوەی هەمووی ڕشتووە ناو گەرووییەوە، دەتگوت ئاوی خواردووەتەوە، ئینجا وە نەبێت هەر ژیانی ڕۆژانی، وچانی دوای هەفتەیان وا ناخۆش بوو وەک مۆتەکە وا بوو لە لایان. بگرە ڕۆژانی دیکەشیان بێمەترسی و ئارام نەبوو، بەتایبەتییش ئێواران کە لە مەکتەب دەگەڕانەوە بەسەر ماڵێکی ساردوسڕدا و بەو تەمەنە بچووکەی خۆی و خوشکی کە هەشت ساڵ و دە ساڵ بوون، دەبوو مشووری خۆیان بخۆن لە هەموو ڕوویەکەوە، تەنیا خان و جێوڕێ و نانخواردن و جلوبەرگ نەبێت کە ئەویش دایکیان دەچوو ئیشی دەکرد تاکو ئەوانەیان بۆ تەئمین بکات، جگە لە هەفتانەی چەند پاوەنێک کە حکومەت بڕیبووەوە بۆ هەموو منداڵێک کە ئەویش هەر بەشی وردەخەرجی و نوقڵکڕین و جارجاریش ساندویچ و یاپار و کرینێکی دەکرد. ئەی کە ئێوارانی هەور و تاریک و ساردی زستان چەند دەترسان، لە ڕێگە کە لە مەکتەبەوە دەگەڕانەوە ماڵەوە و کە بە بەردەم ئەو کەنیسە گەورە و ڕاقە و کۆنە چۆڵەی لە ڕێگەیاندا بوو تێدەپەڕین؟ چەند ترسیان لێ دەنیشت کە بەو ناوچە چۆڵەدا دەڕۆیشتن؟ ئەگەرچی ڕێگەوبان ئەوەندە چۆڵ نەبوو، هەمیشە لەو کاتەدا تەلەبەی وەکو خۆیان لەگەڵ دایک و کەسیان کە دەهاتن بە دووی هەندێکیان بەڕێوە بوون، بەڵام بۆ دوو منداڵی لە تەمەنی ئەماندا ئەو چەند هەنگاوەی لە بەردەم ئەو کەنیسەیەدا دەیانبڕی، زۆر دڵی ڕادەچڵەکاندن.

ئەوەتا ئێستاش لەم تەمەنەدا کە بووە بە دایکی دوو منداڵیش، هێشتا موچڕکی پیا دێت. کاتێک دێتەوە بیری، ڕۆژەکەی کە خوشکی نەخۆش بوو و لەماڵەوە کەوتبوو، ناچار خۆی بە تەنیا چووبوو بۆ مەکتەب و لە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ ماڵەوە کە پیاوە سەرخۆشەکە لە پەنا دیواری کەنیسەکەوە لێی دەرپەڕیی و پەلاماری دا و خودا بەوە ڕەحمی پێ کرد لەو کاتەدا پاسکیلسوارێک بە هانکەهانک سەرەوژێر دەبووەوە، کە گوێی لە زریکە و هاواری ئەم بوو، گورج گەیشتە سەری و ڕزگاری کرد بە سەلامەتی لە چنگی ئەو دڕندەیە، هەروەها وازی لە سەرخۆشەکەش نەهێنا تاوەکو نەیدایە دەست پۆلیس. چۆن تا ماوەیەکی زۆریش خەوی لێ نەدەکەوت بە شەوان و ئەگەر چاویشی بچوایەتە خەو، لە پڕ ڕادەپەڕیی بەدەم زریکەوە، تاوەکو وای لێ هات دایکی بۆ ماوەیەکی باش نەچێتە سەر ئیش، لەبەر ئەوەی ئەوەندە ترسابوو نەیدەوێرا بچێتە مەکتەبیش بەبێ ئەو، چۆن ئەو دیمەنە دڕندانەیەی ئەو پیاوە بەدخوە سەرخۆشە، مێشک و دەروونی وروژاندبوو.

هەروەها بۆن و بوخاری پیس و قێزهێنەرەکەی هەر لە لوتیدا مابووەوە، هەروەها لە ژیانیدا و پێش ناسینی حەسەن، جگە لەمانە چەندەها تەگەرە و تەنگ و چەڵەمەی ژیانی بینیوە، ئەوەتەی حەسەنی دیوە و ناسیوە، هەستی بە خۆشیی ژیان کردووە، ئیتر ئەم بۆ وا دونیا و ئەم خەڵکەی ئێرەی لێ بوون بە جانەوەر و دواکەوتوو، هەروەها خەڵکی بێشە لەچاو ئەوێی مەدەنی و پێشکەوتوودا؟ بەم بیرکردنەوانە سەرزەنشتی خۆی دەکرد و دەیگوت:

- ئەرێ من بۆ ئەوەندە سپڵەم؟ حەسەن کوڕێکی دڵپاک و دڵسۆزە و حەز ئەکات ڕووخۆش بێت لەگەڵ خەڵک، لەوێش هەر وا بوو، چەند جاریش شەرمان ئەبوو لەسەر ئەو ڕەوشتەی کە میوان و کەسێکی بدیایە ئیتر بە جارێک خۆی و دونیا و ماڵی لەبیر ئەچووەوە لەبەر ئەو کەسە، ئیتر بۆچی

لێرە ئەم ڕەوشت و خووەی لەوێ وازی لێ نەهێنا، لێرە بۆم کردووە بە عەیبوعار!

پەخشان و سۆزان خۆیان کرد بە ژووردا و خەیاڵەکانی جینییان پەرش و بڵاو کردەوە، بە ڕوویەکی خۆشەوە پەخشان گوتی:

- ئەوە لێرەیت؟ هێشتا ئالان گیان نووستووە، کەواتە با تۆزێکی تر دانیشنەوە تاوەکو هەڵدەستێت لە خەو، چونکە ئەبێت بڕۆینەوە.

جینی بە دەروونێکی ئارامەوە وروژمی دایە خۆی و گوتی:

- قەیناکە با نووستبێت، ئەیگرمە باوەش با بڕۆینەوە ماڵی خۆمان.

***

بەیانی ئاتە خان و میرزا و منداڵەکان دەوری سفرەی بەرچاییان دابوو. بەو بەیانییەش پوورە حەبیبی دراوسێیان هاتبووە سەریان، لەگەڵ دوو خزمی تریشیان؛ هەروەها کچەکەی ماڵی خاڵیشی هاتبوو کە پێیان بڵێت سبەی لە ماڵی ئەوان لەسەر دەعوەتن.

حەسەن هاتە لایان و ڕۆژباشی لێ کردن، ئەوانیش بە ڕوویەکی خۆشەوە وەرامیان دایەوە. ئەویش دانیشت لەگەڵیان و خەریکی بەرچاییخواردن بوو.

دایکی باسی ماڵی خاڵی بۆ کرد کە ناردوویانە سبەینێ لە ماڵی ئەوان لەسەر دەعوەتن.

حەسەن قومێکی لە چایەکەی دا و گوتی:

- بەداخەوە من سبەی ئەبێت لەگەڵ مامم و ئەوان بچم بۆ بەغدا.

ئینجا کردی بە گاڵتە و لە دڵیشیدا بەڕاستی گوتی:

- کورە بابە ئەمەی پێ ناوێت ماڵتان ئاوا بێت، کوشتانین بە گیپە و کفتە، بە خوا ئێستاش قرقێنەی گیپەی دوێنێ

ئەدەمەوە، واز بهێنن با هەندێک مەعیدە و ناوسکمان بحەسێتەوە.

ڕووی کردە دایکی و گوتی:

- تو خوا دایە ئەمڕۆ شتێکی سووکمان بۆ لێبنێ، وەک پەڵپینە بەترش.

دایکی بە بزەیەکی پڕ لە خۆشەویستیی دایکانەوە سەیرێکی کرد و گوتی:

- باشە بەسەرچاو، بەڵام چی بکەم ڕۆڵە گیان بە خوا ئەوەندە ئەو نەوعە خواردنانەم لە خۆم کردووە بە زەهری مار و ئەوەندە لە قورگمدا گیری ئەخوارد بە بێ تۆ، لەبەر ئەوە هەر ئێستا حەز ئەکەم هەرچی ئەو شتە خۆشانە هەیە بۆت لێبنێم تاوەکو بیخۆیت.

حەسەن پێکەنیی و گوتی:

- لەبەر چی دایە گیان خۆ لە چۆڵی قوڵفە نەبووم، لە لەندەن بووم لەندەن. ئیتر کە وتت لەندەن تەواو. بە خوا هەرچی تۆ لێرە ئەتخوارد منیش لەوێ ئەمخوارد، جارێ لەوێ گەڕەکێک و ناوچەیەکی لێیە هیی هیندییەکانە، پێی ئەڵێن "ساوث هۆڵ"، هەرچی لە دوکانی بەقاڵ و عەتاری لای خۆمان هەیە و لە شۆرجەی بەغداش هەیە، لەوێ بە دە قات دەست ئەکەون و هەر لە برنجی گردەی کوردی وەکو خۆمان پێی ئەڵێین.

حەسەن پێکەنیی و گوتی:

- برنجەکە گردەی ئیتاڵیا و ئەمریکایە، کەچی هەر ئەو کوردانەی ئەوێ پێی ئەڵێن برنجی کوردی.

حەسەن قسەکەی تەواو کرد و گوتی:

- بامیەی ورد و جوانی تازە و نیسک و نۆک و لەتکە نۆک، ئەوەی ئێوە پێی ئەڵێن هیی عەجەم، وا بزانە لە عەجەمستانی خۆیشی شتی وا جوان دەست ناکەوێت. ڕۆنی کەرە، هەرچی

برنجی نایابی هیندستان و پاکستان هەمووی وا لە لەندەن. تۆ وات ئەزانی لە جەزیرەی واقواق بووم. هەرچەندە زۆر کەم لام مایتەوە ئەو ساڵە، بەڵام خۆ دیبوت چەند شتی نایابی هەیە، چوار فەسڵ لە لەندەن هەیە و پەیا ئەبێت و لە هەموو وڵاتانی دونیاوە سەروژێری ئەوێی ئەبێت.

ئینجا بە پێکەنینەوە گوتی:

- مەگەر کوڕەکەشت ناناسی، کوڕەکانی هاوڕێم بە ماڵەکەمیان دەگوت سەرشەقام و سابونکەران.

ئاتە خان بە دڵسۆزی و بە دڵ پێوەبوونێکەوە گوتی:

- بڵێم چی دڵی دایک وا ناڵێت.

میرزای باوکی هەڵی دایە و گوتی:

- یاخوا ڕۆڵە سەرفرازی لای خوا بیت و کارت ڕاست بێت کە وا هاتیتەوە و ئێمەشت ڕزگار کرد لە دەست دایکت، ژیانی لە هەموومان تاڵ کردبوو. ئەم هەموو ساڵە چوونە حەمام و سەرشتنیشی پێ ڕەوا نەدەبینین. جاری وا هەبوو دەیگوت: دەی دەی خۆتان لە حەمامی گەرموگوڕا بشۆن، دوایش وەرنەوە بەر سۆپا و لەسەر فەرش و قاڵی قاچ ڕاکێشن. ئۆە دایکت بمرێت حەسەن گیان، ئاخۆ ئێستا لە کوێ بیت بەم سەرمایە و بەفر و بارانەی لای خۆتان، ڕەنگە ئێستا هاتبێتەوە لە خوێندن و ماندوو و هیلاک، بەسەر ماڵێکی ساردوسڕدا ئاخۆ چی هەبێت بیخوات و کێ هەبێت نانێکی گەرموگوڕی بداتێ؟ ئێستا چۆن ئەچێت بۆ حەمام و بەم سەرمایە بۆ ناو ئەو بانیۆ و مانیۆیە، نازانم چی پێ ئەڵێن! کە ئەڵێی قەبرە خەڵک ئەچێتە ناوی. بەتایبەتی بە سەرما کە لەشی خەڵکی بەردەکەوێت ئەڵێیت گوێزانی بەردەکەوێت.

حەسەن دەستی کرد ملی دایکی و گوتی:

- تازە تەواو هاتوومەوە و ئیتر بە دیارتەوە دائەنیشم و ناجوولێمەوە.

باجی حەبیش هەر مژی لە جگەرەکەی دەدا و سەری ڕادەوەشاند بۆ قسەکانیان، دوعای دەخوێند و فووی دەکرد بە ژوورەکەدا. جاروباریش سڵاواتێکی وا بە بەرزی دەدا کە هەندێک لە دانیشتوانی ژوورەکەی دادەچڵەکاند. ئاتە خانیش هەر بەوە ڕادەگەیشت کە چایی وەک مرەکەبی بخاتە بەردەم و پیاڵەکەی لە بەردەم هەڵبگرێت، چونکە چاخواردنەوەکانی پوورە حەبێ بێژمارە بوون.

شەوێ پێش نووستن حەسەن ڕووی کردە جینی و گوتی:

- هەنی (بە ئینگلیزی واتا هەنگوین honey) جانتاکەم بۆ ئامادە بکە بەیانی دوای چاخواردن ئەڕۆم بۆ بەغدا لەگەڵ مامم و ئەوان.

جینی لە جلگۆڕین بووە و ڕۆبەکەی دا بە شانیدا. هاتە نزیکی و ئاوڕی لێ دایەوە و گوتی:

- وا زوو سبەینێ ئەڕۆیت؟ خۆ هێشتا دە ڕۆژ نییە هاتووین؟

حەسەن گوتی:

- دیسان کەوتیتە پرسیار، ئەتەوێت قەوانەکەت بۆ لێ بدەمەوە.

جینی بە کزییەکەوە گوتی:

- چەند ڕۆژت پێ ئەچێت؟

حەسەن گوتی:

- ئەوە ئیشەکەم ئەیزانێت، بەپێی ئیشەکەمە.

جینی بە ماتییەکەوە گوتی:

- ئاخر من بە تەنیا چی بکەم، پەخشان ئەچێت بۆ مەکتەب؟

حەسەن لەسەرخۆ گوتی:

- ئەم پرسیارانەت وەرامیم لە لەندەن دابوویتەوە و دووپاتکردنەوەی دایدەی نییە، خەریکی مناڵەکانت ئەبیت،

دایکیشـم لەگەڵتـان ئەبێت تـاوەکو پەخشـان دێتەوە، خۆ مـن لێرەش بم هەمیشە لەگەڵ تۆ نیم، هەرچۆنێک بێت ئیتر خۆت ڕابێنە.

حەسەن وای گوت و خۆی کرد بە ژێر لێفەکەیەوە و گوتی:

- گوڵاڵەش قەولـی داوە کە ئیتـر زووزوو بێت بـۆ لات، ئەویـش ئینگلیزی ئەزانێت و ئیتر لەمە زیاتر چیت ئەوێت؟

جینی دڵی داخورپا بە هاتنی ناوی گوڵاڵە، ناڕەحەت بوو و زۆری پێ ناخۆش بوو، بەڵام نەیتوانی هیچ بڵێت، چونکە ئەیزانی کە گوڵاڵە چەند خۆی و دایک و باوکی خزمێکی خۆشەویست و لێوەشاوەن لای هەموو خێزانەکەی ئاتە خان و میرزای مێردی، هەروەها لای حەسـەن خۆیشی و ئەو ڕۆژەشی لەبەر چاو بوو، بیری نەدەچووەوە کە چۆن لەگەڵ حەسـەن پێدەکەنین و چەند حەسـەن گوێی دەدایە، ئەگەر چـی کە ئەم تێنەدەگەیشت لێیان و نەیدەزانی باسی چی دەکەن.

جینی خۆی پێ نەگیرا و گوتی:

- ئینجا کـوا ئەو کـچە ئەزانێت ئینگلیزی قسـە بکـات، ئەو ڕۆژە کە چووینە دەرەوە هەر پەخشان قسەکانی بۆ تەواو ئەکرد.

حەسەن لێفەکەی لەسەر خۆی هەندێک لا برد و چاوی کردەوە و گوتی:

- بـاش نییە هەر ئەوەندەش ئەزانێت، هەر ئەوە ئەزانێت کە لە مەکتەب فێر بووە، ئەگەر ئەوەش نەبوایە چیت ئەکرد؟

جینی گوتی:

- وا دیارە گوێ ئەدەیتە ئەو کچە؟

حەسەن گوڕی دایە خۆی و هەستا و دانیشت و گوتی:

- ئەوە باسی چی ئەکەیت؟ باسی گوڵاڵە ئەکەیت؟

جینی قسەی نەکرد و سەری خۆی شۆڕ کرد.

حەسەن سەری ڕاوەشاند و گوتی:

- خەیاڵت خاوە، من گولاڵە و دایک و باوکیم لە هەموو خزمەکانم خۆشتر ئەوێت، خەیاڵی وا نەکەیت ها، جارێکی تر قسەی وا نەکەین، بۆچی تۆ وا ئەزانیت لای ئێوەیە کچ و کوڕ هەر وا بەڕەڵا بن و حیساب بۆ هیچ نەکەن؟ لای ئێمە ئەگەر کچێک بەدەم پیاوێکەوە پێبکەنێت ئیتر تا ماوە ناوی ئەزڕێت و هەر بە سووکی ناوی ئەبرێت. دەمێکە من ئەم قسانەم بۆ کردوویت. ئینجا چ جای کچێکی بەڕێزی وەک گولاڵە بەڕێز و بەحورمەت، هەموو خزمەکانم سوێند بە سەری ئەخۆن. جارێکی تر ناوی گولاڵە بەو جۆرە نەبەیت ها! ئەوە پێم گوتیت، هەروەها ناوی هیچ کچێکی تریش نەبەیت، ئەمانە هەموویان وەک خوشکم وان و لە پەخشانیش زیاترن.

هەرچۆنێک بوو جینی بێدەنگ بوو، بەڵام تاوەکو درەنگ خەیاڵی پرش و بڵاو بوو. لە ناو جێگەکەدا نقەی لە خۆی بڕیبوو، گوایە لە حەوت خەدایە. بۆ بەیانی حەسەن ئامادە بوو بۆ ڕۆیشتن. خواحافیزی گەرمی لە جینی کرد و دەمی نایە ناو دەمی و گووشی بە خۆیەوە و دڵیشی دایەوە، هەروەها منداڵەکانیشی ماچ کرد، خواحافیزی لە دایکی و ئەوانیش کرد. باوک و دایکی دەستیان کردە ملی و دایکی گوتی:

- بەساقەت بم، بڕۆ خوات لەگەڵ و خەیاڵت ئاسوودە بێت، دڵت لای جنە گیان و مناڵەکان نەبێت، بە خوا تاوەکو تۆ بە خێر دێیتەوە هەزار شوێنیان دەبەم و ئەگێڕێم و ئەیانخەمە سەرچاوم.

حەسەن پێکەنیی و گوتی:

- کچێ دایە دڵی چیم لە لایان بێت، ئەو فەقیرانە بۆچی لە ژیانیاندا قەت خۆشیی وایان دیوە بە خۆیانەوە! تۆ چی ئەڵێیت.

حەسـەن کەوتە ڕێ و ئەوەنـدەی پێنەچـوو بەهێـی خوشـکی ئـاتە خان کردی بە ماڵدا. بەهێ خان خۆی گۆڕیبوو، بەڵام بە چەشنە جلە ڕەشەکانیدا دیار بوو کە ئەیویست بچێت بۆ ماڵە تەعزێ، هەرچەندە لاگیرەکانیشـی داپۆشـیبوو لەژێـر سـەروپێچ و سـرکەییەکەیەوە، بەڵام دیســان لە هەر لایەکەوە یەک-دوو پلــپلەی دەرخســتبوو، هەروەهــا دەسـماڵ و کۆڵـوانەی بریسکەدار و جوانی کردبـووە کۆڵ و دابـووی بەسەردا. دیار بوو ئاتە خانیش چاوەڕێی دەکرد و وە دەیزانـی کە وا دێت بۆ لای تاوەکو پێکەوە بچن بۆ ماڵی تەعزێکە.

بەهێ خانیش دانیشت و خوشکی باسـی حەسـەنی بۆ کـرد، کە وا ڕۆیشت بۆ بەغدا و چەند ڕۆژێکی پێدەچێت.

پووریشـی کەوتە دوعـاکردن و دوعاخوێنـدن و فـووکردن بەرەو ڕێگەی بەغدادا، ئینجا ڕووی کردە ئاتە خانی خوشکی و گوتی:

- دەی ئێتر هەستە خۆت کۆ بکەرەوە، شە چونکە درەنگە.

ئـاتە خـان هەسـتایە سـەر پـێ کە بچێت خـۆی ئامـادە بکـات بـۆ ڕۆیشتن، لە پڕ جینی بیـر کەوتەوە لەگەڵ منداڵەکانی بە تەنیـا لە مـاڵ دەمێنــنەوە و پەخشــان و منــداڵەکانی تــر هەمــوو لە قوتابخــانەن و میرزاش چووە بە لای ئیشی خۆیەوە، ئەی جینی چۆن بە تەنیا جێ بهێڵێت، بەشکم میوانێک هات یان کەسێک لە دەرگای دا، ئەوسا چێ دەبێت و ئەو چی دەتوانێت بکـات و بیڵێت؟ لەبەر ئەوە ئـاتە خـان بە دەستەپاچەییەکەوە گوتی:

- ئەی جینی و منالەکان چی لێ بکەم؟ کە بە تەنیا ئەمێننەوە؟

خوشکی بە گورجی وەرامی دایەوە و گوتی:

- ئەیەڕۆ ئینجا ئەوە دەستەپاچەیی و داماوی بۆ چییە؟ بنێرە پوورە حەبیبە بێت بۆ لایان. بنێرە پوورە مەنیج و کچەکەی بێن بۆ لایـان، ئەوەتـا بانگ ئەکەیت جواب ئەدەنەوە ئەوەندە نــزیکن لێتــانەوە، بــۆچی چەنــدمان پێئەچێــت تــاوەکو وا بشلەژێیت؟

ئاته خان دەستی دا بەیەکدا و کێشای بە سینگی خۆیدا و گوتی:

- ئەیەڕۆ بە قوربانە پوورە حەبیب هەر نا، چونکە ئەترسم حاڵی لێ بێت و مناڵەکان و جنە خۆیشی هەر بتۆقن لێی...

بەهێی خوشکی دایە قاقای پێکەنین و گوتی:

- وەڵا ڕاست ئەکەیت، ئەی لەپڕ سڵاوات لێدانەکەی؟

ئاتە خانی داماو گوتی:

- باجی مەنیج و سەرگوڵی کچی باش بوون، بەڵام ئەوانیش لە شەوەوە بە جووتە ڕۆیشتوون بۆ ماڵی کوڕەکەی، بووکەکەی ژان ئەیگرێت و لەسەر مناڵبوونە.

ئاتە خان لە پڕ ڕووی کرایەوە و گوتی:

- وەڵا با بنێرم مەلیحەی ئامۆزام، یان ئاسکۆڵی دشم بێن، هەرچەندە ماڵەکانیشیان دوورە، بەڵام ئەی چی بکەین، ئێمەش ئەوەندەمان پێ ناچێت.

ئاتە خان خۆی گۆڕی و بەڵام زۆر ڕێکوپێکتر و سەلارتر لە خوشکی هیچ پلپلە و سلسلەی دەرنەخست وەکو ئەو، بگرە لە دڵیشیدا لۆمەی کرد، گوتی:

- ئەمەی بۆچییە، هەموو کەس ئەزانێت لاگیرە هەیە، چوونە سەر تەعزێ ئەبێت حورمەتی خۆی هەبێت، ئیتر ئەمە چییە هەندێک کەس ئەڵێیت ئەچن بۆ شایی عەیبوشورەیی، هەر بەڕاستی هەندێکیان ئەڵێیت بۆ ڕابواردن و قسەوقسەلۆک ئەچن ئەوەندە چرپەچرپ لەگەڵ یەک ئەکەن، باسی ئەم و ئەو دەکەن.

ئاتە خان دەستی دایە عەباکەی و گوتی:

- هەندێکیان هەر ئاگاشیان لە تەعزێ و کەس نییە لە جرتوفرت.

چووە ژوورەکەی جینی کە پێی بڵێت وا ئەڕوات، جینی دانیشتبوو منداڵەکەی دەگۆڕی، کچەکەش (سۆزان) یاری دەکرد و خەریکی کەلوپەلی یارییەکانی.

جینی کە چاوی بە خەسووی کەوت هەستایە سەر پێ وەکو حەسەن فێری کردبوو، کە ئەگەر دایک و باوکی هاتنە ژوورەوە، ئەو دانیشتبوو دەبێت هەستێتە سەرپێ لەبەریان؛ هەروەها لەبەر چاویشیان جگەرە مەکێشە، خۆ خواردنەوە ئەوە قەدەغەیە، مەگەر بە دزییەوە و لە ژووری نوستنیان. لەگەڵ حەسەن خۆی.

ئاتە خان چەند جارێک لەسەر یەک بە قوربان و حەیرانیان بوو، ئەویش بە ڕوویەکی خۆشەوە چوو بەپیر خەسوویەوە، بێ ئەوەی کەسیان لە کەسیان تێبگات کە چی بە یەکتر دەڵێن، تەنیا جینی لەوە گەیشت کە ئەوە خەسووە دەیەوێت بچێتە دەرەوە. ئەوەشی بەوە زانی کە ئاوا خۆی گۆڕیبوو عەباکەی بەدەستەوەیە. ئاتە خان تۆزێک دەمولێوی خۆی هێنایەوە یەک و بە دەست ئاماژەی کرد بە کوردییەکی ڕەوان و پاراو، گوتی:

- جنە گیان من ئەڕۆم بۆ ئەو ماڵە تەعزێیە ئەوەندە بەند نابم لەگەڵ بەهێی خوشکم و زوو دێینەوە. بە ساقەت بم دڵت هیچ نەکات وا مەلیح ئێستا دێت و لەلاتان ئەمێنێتەوە تاوەکو دێینەوە.

جینی هەر دەتگوت گوێزی بۆ ئەژمێرن و بە هیچ جۆرێک لە خەسووی حاڵی نەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا چەند "ۆکەی... ۆکەی"یەکی بۆ کرد.

ئاتە خان زانیی کە بووکەکەی نازانێت ئەو چی دەڵێت، لەبەر ئەوە ئەم جارە قسەکانی هەندێک خاو کردەوە و دەستی دا لە سنگی خۆی و ئاماژەی دەرگاکەی کرد و گوتی:

- جنە گیان من ئەبێت بڕۆم.

دەستی دا لە چاوی خۆی و گوتی:

- ئەچم بۆ ئەو ماڵە تەعزێیە دوور لە تۆ.

ئیشارەتی چاوی خۆی کرد کە وا فرمێسک دێتە خوارەوە.

جینی نەگبەت سەری سوڕمابوو:

- خودایە ئایا خەسووی چاوی دەئێشێت و دەبێت بچێت بۆ لای دکتۆر؟ یاخود ئەڵێت کە من ڕۆیشتم تۆ مەگری؟ یاخود ئەڵێت تۆش وەرە لەگەڵم؟

جینی هەر وا ڕاوەستابوو نەیزانی چی بکات. دوای گورج بووە و دەستی خستە سەر جلەکانی و چوونە دەرەوە و هەموو پێڵاوەکانی گرت بە دەستەوە و بە ئینگلیزی گوتی:

- منیش بێم؟

دەستی درێژ کرد بۆ منداڵەکانی و گوتی:

- سۆزان و ئالان، ئەوانیش بێن؟

خەسووی پێکەنین گرتی و گوتی:

- نا نا بە قوربان، تۆ لە ماڵەوە بە، نابێت تۆ بێیت، مناڵەکان ئەترسن "گریان... گریان".

لەم مشتومڕەدا بوون، کە بەهێی خوشکی هاواری لێ هەستا لە خوارەوە و گوڕی دایە خۆی و سەرکەوتە سەرەوە بۆ لایان و گوتی:

- ئەیەڕۆ ئەوە چیت ئەکرد وا نیوەڕۆیە.

خوشکی بە دەم پێکەنینێکی نادیارەوە وەرامی دایەوە و گوتی:

- ڕۆڵە جنە خان تێناگات من چی ئەڵێم لە یەک حاڵی نابین.
- با بزانم بەشکم من بتوانم هەر بەم چەند ڕۆژەی کە هاتوون فێرە دوو-سێ کەلیمە بووم لێیانەوە، هەروەها تۆزێکیش لە فیلمە عەسابەکانەوە کە زۆریان حەز لێ ئەکەم خۆیشت ئەوە ئەزانی.

ئاتە خان بە زەردەخەنەوە گوتی:

- کەواتە دەی تۆش وەرە، خۆت تاقی بکەرەوە.

بەهێ هاتە ژوورەوە و چاکوچۆنی گەرمی لەگەڵ جینی کرد و دەستی خستە سەر خۆی و خوشکی و گوتی:

- جنە گیان من و خوشکم "گۆ" ...

دەستێکی خستە سەر سەعاتەکەی دەستی و پەنجەی هەڵبڕی و گوتی:

- تەنیا یەک سەعاتمان پێئەچێت.

هەروەها دەستی خستە سەر شانی جینە و گوتی:

- تۆ و مناڵەکان دانیشن لە ماڵ.

مەلیحەش لەو کاتەدا گەیشتە جێ، ئەویشی بانگ کردە لای و دەستی خستە سەر شانی و ڕووی کردە جینی و گوتی:

- مەلیحەش لێرە ئەبێت لای ئێوە.

جینی هەندێک تێگەیشت و دیسانەوە: "ۆکەی... ۆکەی" بۆ کردن و ئەوانیش چوونە خوارەوە بەدەم پڕمەی پێکەنینی بێدەنگەوە.

ئاتە خان هەناسەیەکی قووڵی هەڵڕشت و بە ماتییەکەوە گوتی:

- یا خوا ڕۆڵە کوڕم بێقەزا و بێ بەڵا بێت، ئەگەرچی گوناهە سکم بۆی ئەسووتێت و بەقەد پەخشانم خۆش دەوێت، بەڵام تو خوا ئەمە کورد بوایە باشتر نەبوو.

ئاتە خان هەناسەیەکی تری هەڵکێشا و لەسەر قسەکەی ڕۆیشت و گوتی:

- وەی باوکەڕۆ چەند هیلاک بووم تاوەکو تێمگەیاند.

خوشکی سەرێکی ڕاوەشاند و بە گەرمییەوە گوتی:

- تۆ تێتگەیاند؟ بە خوا ئەگەر بە تەمای تۆ بوومایە تاوەکو سبەینێ هەر ئەتگوت و ئەتگوتەوە و ئەویش هەر سەری بۆ ڕائەوەشاندیت و پێی ئەگوتیت: "ۆکەی... ۆکەی".

هەفتەیەک تێپەڕیبوو بەسەر سەفەری حەسەندا و هێشتا نەگەڕابووەوە، لەو ماوەیەدا ئاتە خان بووکی برد بۆ چەند گەڕانێک. ئەگەرچی دونیاش زۆر ساردی کردبوو، پاییزێکی زۆر درەنگ بوو. لەگەڵ ئەوەشدا دوو-سێ جار بردنیە سەرچنار و قلیاسان و ئەو ناوە، لەگەڵ مەنجەڵە یاپراخ و شفتە و ناوساجی و قۆری و سەماوەر

هەر بۆ ئەوەی دڵی تەنگ نەبێت، چونکە بەزەیی پیادا دەهاتەوە و هەموو جارێک دەیگوت:

- تو خوا غەریبە ئەبێت زۆر قەدری بگرین.

تێکڕا ئاتە خان لەگەڵ خەڵکی لای خۆیشیان وا بوو، چ جای ژنی حەسەن بێت و غەریب و بێزمانیش بێت، دەردی خۆی گوتەنی.

جینی خەریک بوو ڕادەهات، بەتایبەتی ئەو هەموو خۆشەویستی و بەتەنگەوەبوونەی هەست دەکرد لە لایەن خەسوو و خەزوور و خەڵکەکەی دەوروپشتی خۆیەوە، هەروەها منداڵەکانیش کرابوونەوە و دەچوونە باوەشی نەنک و باپیرانیەوە، بەڵام کە پەخشان لە ماڵ نەبوایە، حاڵی هەردوو لایان شڕ دەبوو، تووشی ڕووداوی سەیر و پێکەنین دەبوون لەگەڵ یەک.

هەندێک جار پەخشان تاقەتی دەچوو لەو تەرجومانییە و لەبەر خۆیەوە دەیگوت:

- بە خوا ئەمساڵ من بم و پێ نانێمە سنفێکی ترەوە. لەبەر ئەم تەرجومانەیەتان.

زۆر جار پرس و پرسیاری تریش کە خزم و ئاشناش دەهاتە سەری وەک یەکێکیان دەیگوت: ئەگەر گوێی لێ بوایە وا جینی قسە دەکات لەگەڵ منداڵەکانی، لە پەخشانی دەپرسی:

- تو خوا پەخشان گیان ئەوە براژنەکەت ئەڵێت چی و باسی چی ئەکات؟

یان ئەوی تریان هەڵی دەدا و دەیگوت:

- بزانە لێی بپرسە تاقەتی نەچووە و بیری دایک و کەسی ناکات؟ ئاخۆ ئێرەی پێ خۆشە؟

دیارە پەخشانیش بە کەیفی خۆی قسەکانی هەڵبژارد و ئەوەی پێ دەگوت کە دەزانێت نارەحەتی ناکات، هەروەها بە کەیفی خۆیشی وەرامی دەدانەوە و لە کۆڵ خۆی دەکردنەوە.

هەنــدێک جــاریش کە زۆری بــۆ دەهــات دەرســـودەوری لەولا دەکەوت، یــان بــۆ چەنــد جارێــک لەســـەر ســـەعی و مەشــقەکەیان هەڵدەساند، لە دڵی خۆیدا دەیگوت:

- خۆزگە ئەم دوو کەلیمە ئینگلیزییەشم نەزانیایە.

جـار جـار وا ڕێـک دەکەوت ئـاتە خـان و خـزم و ئاشـنای نزیکـی دادەنیشـتن و لە بەینـی خۆیاندا قسـە لە بـابەت حەسـەن و ژنەکەیەوە، یەکێک لەو کەسە ڕووی دەکردە ئاتە خان و دەیگوت:

- تــو خــوا قســەی خۆمــان بێــت ئەمە ئەگەر لە قســەکانمان بگەیشتایە باشتر نەبوو؟ نە ئەزانین قسـەیەکی لەگەڵ بکەین، نە لیمان تێئەگات، یاخوا تازە موبارەکی بێت، بەڵام قابیلە کچ قات بوو لای خۆمان، ئەو هەموو کچە جوان و جوانانە هەیە هەموو خوێنەوار و دەرهاتوو، خواخوامان بوو حەسەن گیان ژن بهێنێت کەچی ئەمەتا ژنەکەی، ئەڵێی دووربا کەڕ و لاڵە لە ناوماندا.

- کچـێ خوشـکم ئەم کوڕانەمـان ئەچنە ئەو مەملەکەتـانە و ئەو هەمـوو کـچە ئێسکسـوکە ئەبیـنن، عەیـب و حەیـا نیـیە، ئیتـر ئەوانـیش ئەی چـی بـکەن؟ ئەڵـێن هەمـوویش بەلاش و ڕێـک بــکەون و ئەو پەیوەنــدی و ڕێککەوتــنە بەبــێ ڕەزامەنــدیی کچەکە نەبێت. ئەوە نییە کوڕەکەی وەستا خدر ئەویش لەوێ ژنـی هێنـاوە، ئەویـش ناردبوویـان خوێـندنەکەی تەواو بکـات، ئەڵێن ژنێکی دەست کەوتووە هەر بە خۆڕایی و بێمەسرەف، هێشــتا کــچەکەش ئەو بەخێـو ئەکـات و مەسـرەفی دەداتــێ، گوایە دوو سـاڵ بـوو ڕەفیـق بـوون و پێکەوە ئەژیـان و هەر مارەی نەکردبوو، تـاوەکو کوڕێکی بـوو. ئینجا دوایـی چـووە بـۆ خەسـتەخانە و گوتـوویەتی: بەڵـێ مـن بـاوکی کـوڕەکەم. ئینجا ژنەکەشـی مـارە کـردووە بە ناچاری. شـێرزادی برازام کە هــاتبووەوە ئەم هــاوینە، ئەو بــۆی گێــڕامەوە و گــوتی

وەختێک چەند شەڕیشی لەگەڵ کوڕەکەی وەستا خدر کردووە و پێی گوتووە: بۆچی مارەی ناکەیت و بیبەیتەوە، چونکە هەراسی پێ هەڵگرتووم و هەر دێتە سەرم و ئەڵێت بەشکم قسەت لەگەڵ بکەم، کەچی بە شێرزادی گوتبوو: من چۆن ئەمە مارە ئەکەم و لەگەڵ خۆمی ئەبەم؟ ئەمە هەر وا لەگەڵی ڕائەبوێرم تاوەکو خوێندنەکەم تەواو ئەکەم.

ژنێک لە دانیشتوانی نزیک بە ئاتە خان هەڵی دایە و بە هەندێک توندییەوە دەیگوت:

- دە سا وەڵا ئەمە پیاوەتی نییە و پیاوەتی پێ ناڵێن. ئەو کچە هەر چییەک بووبێت، وازی لێ نەهێنێت و وا خزمەتی بکات و مناڵیشی لێ ببێت، ئینجا جەنابی بە ناچاری مارەی بکات. ئەی بۆچی ئەو هەموو کاتەی لەگەڵ بوو حەزی ئەکرد و پێی خۆش بوو لەوێ و بچێتە سەر ماڵ و حاڵی حازروبزر. ئەی تو خوا ئەمە پیاوەتی و غیرەتی پێ ئەڵێن؟

ژنەکە لەسەر قسەی ڕۆیشت و گوتی:

- کەواتە ژن لەو وڵاتانەش هەر بەشخوراو و غەدرلێکراون بە دەست پیاوی زۆردار و بێویژدانەوە، من وامدەزانی هەر لای خۆمان ژن وا مەغدوورە بەدەست پیاوەوە، لە دوای ئەوەی ئەیهێنێت. جاری واش هەیە بە چ حاڵ و دەست ماچکردنێک کەچی دوای چەند ساڵێک هەمووی بیر ئەچێتەوە و ژنەکە ئەکەوێتە ژێر باری قورسی مناڵبوون و مناڵ بەخێوکردنەوە و چارەسەرکردنی هەموو کەموکوڕییەکی ژیانی خێزانەکەی، کە جاری وا هەیە مێردە ئاغاکەی سەری مانگ و سەری مانگ (یاخود بە هەفتە، یان ڕۆژانە) چەند دینارێکی بۆ فڕێ دەداتە بەر دەم و ئەڵێت: هەر ئەوەیە بڕۆ خۆت و ئیدارەی ماڵەکەی پێ بکە. ئیتر ژنی بەستەزمان بەو پارەیە ورگی ئەوی پێ پڕ بکات، میوانی پێ ڕایی باکت، مناڵی پێ دەمکوت

بکات... دیاره هەر خێزانە بەپێی توانای خۆی، ئاغاش بۆ خۆی پاڵ ئەداتەوە و ئەڵێت منیش ئیش و کاسبیتان بۆ ئەکەم. نازانێت کە هەر سەعاتێکی ئەرک و زەحمەت و ڕایی و جێبەجێکردنی داخوازییەکانی ژیانی خێزان بەقەد هەفتەیەکی کاسبی ئەو ژنە هیلاک و ماندوو ئەکات و تەندروستی و شاد ئەبێت، ئەژاکێنێت.

دوای ئەو ژنێکی تر ئەهاتە قسە و ئەیگوت:

- ئەرێوەڵڵا ڕاست ئەکەیت. ژن زۆر داماوە، بەڵام نایباتە سەر خۆی و چاو لە هەموو شتێک ئەپۆشێت لەبەر خاتری پاراستنی ژیانی منداڵەکانی و خێزانی.

ئەوی دیکە دەستی هەڵبڕی و گوتی:

- کچێ ئێمە چوزانین و لە کوێ ئاگامان لێیە کە چی ئەقەومێت و چەند غەدری لێ ئەکرێت و چەند ژنی وا هەیە دڵی ئەبێتە ئاو و خوێن، هەر بە دزییەوە فرمێسک ئەڕێژێت بە دەست مێردی خراپ و بەدخووەوە، لەبەر چاوی خەڵکیش پێئەکەنێت و خەڵکیش وا ئەزانێت بەختیارترین کەسە. بە خوا ڕەنگە لە ناو ئەم خەڵک و خێزانانەدا نهێنیی وا هەبێت کە ئەگەر ڕۆژێک ئاشکرا بێت خەڵک هەر شاخی لێ دەڕوێت لە تاوانا.

ئاتە خان لەم هەموو دەردەسەریهەڵڕشتنە تاقەتی چوو و پێکەنیی و گوتی:

- ڕاستە، قسەکانتان هەمووی ڕاست و بەجێیە، بەڵام خۆ هەموو پیاو وا نین؟ هەموو ژنیش وا باش و فیداکار نین. ژنی واش هەیە دنیا ئەداتە بەر کلکان و کە مێردی مرد یان تەڵاق درا، ئەچێت شوو ئەکاتەوە و گوێ ناداتە هەست و ژیانی منداڵەکانی. منداڵی قوربەسەریش ئەبێت کەسوکار و ئەم و ئەو بەخێویان بکەن، هەروەها پیاوی واش وایە زۆر

دڵســۆز و زۆر لەخۆبــوردوون ژن و منــاڵی ئەپەرســتێت و هەوڵ دەدا خۆشیی ژیانیان بۆ بهێنێتە ژوورەوە.

یەک-دوانێکیان دایانە قاقای پێکەنین و گوتیان:

- تــۆش ڕاســت دەکەیــت و پیــاو و ژنــی واش هەن، بەڵام لە ٩٥%ی ئەو پیاوە چاکانەش هەر چاو لەدەر و چاوباشقاڵن.

ژنێک لە دانیشتوان دەستێکی بە سنگ و ورگیدا هێنا و گوتی:

- بە بیــروڕای مــن ئەو کەســەی ئەیەوێــت بچێــتە دەرەوە بخوێنێــت هەقە لێــرە ژن بهێنێــت و لەگەڵ ژنەکەی بــڕوات. تاوەکو لەوێ تووشی ئەو جۆرە دەردەسەرییانە نەبێت.

هاوڕێیەکی وەرامی دایەوە و گوتی:

- دایکم خۆ هەموو خەڵک یان ئەو کوڕانەی ئەچنە دەرەوە بۆ خوێنــدن دەوڵەمەنــد نــین، مــاڵی وا ئەناســم بە هەزار کــولەمەرگی ئەژیــن بــۆ ئەوەی بتــوانن پــارە بــۆ خوێنــدنی کوڕەکەیـان بنێـرن. ئینجـا وەرە خـۆی و ژنـی بەخێو بـکەن. دایکـم خەڵکی لە کوێیـان بـوو؟ بەتـایبەتی کچـی ئێسـتای لای خۆمــان. پەنــا بە خــوا کە شــوو ئەکەن پشــتی مــاڵی زاوای قوڕبەســەر ئەشـکێنن ئەوەنـدە داوای خشـڵ و ئاڵتوون و نـاو مــاڵ ئەکەن. ئەڵێــی کــچ ئەکــڕن و کــچ ئەفرۆشــن. کــوڕی بەستەزمان ئەگەر بیەوێت ژن بهێنێت تـاوەکو تەپڵـی سـەری ئەبێـت نـوقمی قەرز بێـت و بکەوێـتە ژێـری، وەڵا چیـیە ژن ئەهێنێت! چ جای ئەوەی کە بیەوێت خوێندنەکەی تەواو بکات. لەوێــش کــچ و ژنهێنــان بەلاشــە و هێشــتا ئەوان شــوێنی کوڕەکانمان ئەکەون. ئیتر بۆچی لەوێ نەیهێنن.

نزیکــی شــەش مانگێــک بەســەرهاتنی حەســەن و جینــی و منداڵەکانیان تێپەڕی کرد. لەم ماوەیەدا ئاتە خان و میرزای مێردی بۆ چەنـد جارێـک تووشــی قـڕە و مشـتومڕی بێـدەنگ بـوون لە بەینـی خۆیاندا، لەبەر ئەوەی حەسەن پێی نەزانێت، حەسەن دەستی کردبوو

به کار و کاسبی خەریک بوو سەری قاڵ ئەبوو. گەلێک جار ئاتە خان بە مێردەکەی ئەوت:

- دە تو خوا وەرە دڵت خۆش بێت چاوت لە بووکی پوورە مینەیە، یاخود بووکی کێی ترە کە چەند جوان و ڕێکوپێکن و چۆن بە دەوری خەسوو و خەزووریان دێن و دەڕۆن، کە خۆیان دەگۆڕن ئەو جلە کوردیانەیان لێ ئەبێت بە نەقش، ئەو بانگیان ئەکات و ئەو پرسیان پێ ئەکات. لە ماڵەکەدا خەسوو و خەزووریشیان هەر گەش ئەبنەوەوە لە خۆشیاندا.

ئاتە خان هەناسەیەکی هەڵەکێشا و قسەکەی تەواو ئەکرد و ئەیگوت:

- نەک وەکو کەڕولاڵەکەی لای ئێمە. کە هەر ئەبێت بە ئیشارەت قسەی لەگەڵ بکەین، دایک دڵی خۆش بوو کوڕەکەی ژنی هێناوە.

میرزا دەهات بە گژیدا لەسەر ئەو قسانە، هەندێک جار دڵی دەدایەوە و هەندێک جاریش دەبوو بە قڕەیان، دەیگوت:

- ئیتر ئەمە وا بووە و بڕاوەتەوە، ئێمەش ئەبێت خۆمان ڕابهێنین. ئەویش زەعیفەیە و غەریبە کەوتووەتە ناومان. بەینێکی تر بە باشی فێری کوردی ئەبێت. چاوت لێیە منداڵەکان وا خەریکن، بە خوا دوو مانگی تر هەر وەک بولبول بە کوردی قسە ئەکەن.

ئاتە خان هەندێک بێدەنگ ئەبوو و بیری ئەکردەوە و دوایی بە ماتییەکەوە دەیگوت:

- بە خوا خۆ زۆرم خۆش دەوێت، خۆیشت ئەزانیت؛ هەروەها زۆریش دڵم بۆی ئەسووتێت، بەڵام وا نابێت لەگەڵی و لە قسەکانی ناگەم و ئەویش هەروەها.

مێردەکەشی بە دڵ پێوەبوونێکەوە دەیگوت:

- ئێستا فێر ئەبێت، فێری هەموو شتێکمان ئەبێت، بەستەزمانە تۆ ئەتەوێت بە شەش مانگ ببێت بە بولبولی زمانی کوردی؟

ئـــاته خـــان هەر وەک دەیویســـت هەمـــوو داخـــی دڵـــی خـــۆی هەڵبرێژێت، دەیگوت:

- کوڕە ئاخر تێکەڵمان نابێت تاوەکو فێر ببێت، هەر میوانێک بێت، یان گوێی لە زەنگی دەرگا ئەبێت یەکسەر ڕائەکاتە ژوورەکەی خۆی، لەبەر ئەوە چۆنچۆنی فێر ئەبێت؟

مێردەکەی بە نەرمی و دڵسۆزییەوە دەیگوت:

- وردە وردە لەسەرخۆ، تەنیا تۆ خۆت ناڕەحەت مەکە.

میرزا لە پڕ ڕادەپەڕیی و بە گەرمییەوە دەیگوت:

- ئینجا تۆش جلی کوردی ناکەیتە بەری؟

ئـاتە خـان بە نیـوە خێسـەیەکەوە سـەیری مێـردەکەی دەکـرد و دەیگوت:

- بۆچی جلی کوردی ناکەمە بەری؟ ئەوە بۆچی نازانیت؟ بە خوا جوانترین جلم بۆ بردووە بە سوخمە و گۆبەرۆکەوە.

ئاتە خان دەستی دەدا بە سنگی خۆیدا و قسەکەی تەواو دەکرد و دەیگوت:

- ئینجا جلی جوان و شتی جوان بۆ ژنی حەسەن گیان نەبێت مـن شـتم بـۆ کێـیە؟ بەڵام کـوڕە نایکـاتە بەری. ئەو ڕۆژە پەخشانم برد و پێمان گوت هەر تۆزێک لەبەری کرد، دواتر گەر زوو دایکەندەوە و چووەوە پانتۆڵەکەی لەپێ کردەوە و گوتی: "لێم ببوورن ناتوانم" پەخشـان پێی گوت خۆ دایکم ناڵێت لە ناو ماڵ لەبەری بکە، ئەڵێت هەندێک جار کە چووینە گەڕان و سـەیران... کەچـی وەرامـی پەخشـانی دەدایەوە: "بە دایکـت بڵـێ زۆر سوپاسـی ئەکەم، بەڵام مـن بەو جـلانەوە ناڕەحەت ئەبم، حەز لە جلی درێژ ناکەم". منیش بە پەخشانم وت پێی بڵێ خۆ ئێوەش جلی درێژ لەبەر ئەکەن بۆ شـەو و حەفلە ئەی ئەوانە درێژ نین؟

ئاتە خان دیسان هەناسەیەکی هەڵدەکێشایەوە و دەیگوت:

- بڵێم چی، هەر کەسە و تەبیعەتی خۆی، ئەوەتە سەیری بکە هەمیشە ئەڵێیت عەسکەرە بەو پانتۆڵ و بلوزە فشەوە.

باوکی حەسەن کە دەیبینی ژنەکەی وا نارەحەت و داماوە و لەبەر کوڕەکەی ناوێرێت هیچ بڵێت، نەوەکو گوێی لێ بێت و وا بزانێت ئەمان تاقەتیان چووە لە ژن و منداڵەکانی، کە واش نەبوو. ئەمان دونیایان هەر لێ ڕوون بووەوە لە خۆشییاندا، بەڵام ئاتە خان حەزی دەکرد لە ناو خزم و ناسیاو و ئاشنادا تۆزێک خۆی هەڵبکێشایە، بووکەکەی ڕێکوپێک بوایە و هەمیشە جلی جوانی لەبەر بکردایە، نەک ئاوەها مات و مەلوول، وەکو خۆی گوتەنی هەمیشە دەیگوت عەسکەرە بە پانتۆڵ و بلووزەوە، یاخود تەنوورە و بلووزێکەوە. پرچیشت کورت کورت تۆزێ لە هیی پیاو درێژتر، ئەگەر جینی زۆر ئێسکسووک و بالابەرز و ناسک و جوان بوو، خۆ پێستی و قژە کاڵەکەی و چاوە گەشە سەوزەکانی ملی خەڵکی دەخوارد، بەڵام لە لای ئاتە خان و ئەوانەی بیروباوەڕی ئەویان هەبوو، ئەو جۆرە جوانییە زۆر پەسەند نەبوو، میرزا ڕووی دەکردە ئاتە خان و بە نەرمییەکەوە پێی دەگوت:

- گوێ مەدەرێ هەر حەسەن و ماڵ و مناڵەکانی مناڵەکانی ترمان سەلامەت بن بە خواساڵێکی تر ئەم حەلە مەگەر بەزۆر لە یەکتان جیا بکەمەوە، ئەوەندە بۆ خۆتان ڕادێن لەگەڵ یەک و ئەوەندە قسە و حیکایەت بۆ یەکتر ئەکەن، چاوت لێیە چەند ئێسکی سووکە خۆ کە میوانت دێ هەر سەیری ئەکەن و ئەکەونە چرپەچرپ.

میرزا دەستی دەخستە سەر شانی ژنەکەی و بە زەردەخەنەیەکی خۆشەوە دەیگوت:

- وەکو ئەڵێن ماڵ ئەوەیە ماڵخۆ لێی ڕازی بێت. کوڕەکە پێی خۆشە و خۆشی ئەوێت، ئێمە هەر ئەوەمان لەسەرە کە دڵیان ڕابگرین و ئاگامان لێیان بێت وا بزانم بیرت چوو کە

چەندت فرمێسک بۆ ئەڕشتن و ئەتگوت: خوایە هەر کوڕەکەم بدەیتەوە دەست بە سەلامتی و بگەنە لام، لەگەڵ ماڵ و منداڵەکانی ئیتر هیچیٚ کەم ناوێت،

ئاتە خان هەندێک زەردەخەنە دەیگرت و بە ئەسپایی پێکەنیی و دەیگوت:

- بە خوا ڕاستە وەکو ئەڵێن ئینسان زاڵمە، ئەریٚ وەڵڵا هەر لە خوا ئەپاڕامەوە، کە هەر کوڕەکەم ببینمەوە و ژن و منداڵەکانی تێر ماچ بکەم، کەچی ئێستا کەوتوومەتە بۆڵەبۆڵ.

مێردەکەشی وەرامی ئەدایەوە و ئەیگوت:

- ئەی من چی ئەڵێم؟ خوا ئەکات هەموو سەلامەت ئەبین و چاومان لە باڵای حەسەن ئەبێت و ئەم منداڵە جوانانەی ئیتر ئەگرینە باوەش و ماچیان ئەکەین، ئیتر با جنە حەز ئەکات گوێنی و جەواڵ لەبەر بکات، تۆ خۆش بیت هەقی هەموویان ئەکەیتەوە، تۆش هەر جلی جوان لەبەر بکە، لەجیاتی ئەویش جلی جوان لە خۆت دێت و قابیلی خۆتن.

میرزا پێدەکەنی و لەسەر قسەکەی دەڕۆیشت و دەیگوت:

- تۆ بۆ خۆت ناڕەحەت ئەکەیت بە بووک و بە کچەوە کە چی لەبەر ئەکەن و چی لەبەر ناکەن؟ ئیر شوکری خوا بکە کە جەواڵ و توورەکە لەبەر ناکەن، وەکو ئەوانەی ئەو ڕۆژە هاتبوون بۆ سەرچنار.

***

بەیانییەکیان ئاتە خان سەری قاڵ بوو، جل و ئاڵتوون و سوخمە و دەسماڵی لەسەر جێگەکەی هەڵخستبوو، پەخشان کەوتبووە ئەو ناوە بۆ خۆی جلی هەڵبژارد، کە چی لەبەر بکات و چ ملوانکەیە لە مل بکات بۆ ئەم شاییەی ئەمڕۆ.

یەک-دوو کەسیش لە هەیوانەکە دانیشتوون و چاوەڕێیان دەکرد کە ئاتە خان کراسی جورجێت و قەدیفە بداتە کامیان و کەوای

سوورمەی سەوز بنێرێت بۆ کێی تر، کە ناردبوویان بۆ لای پێیان بدات بە ئەمانەت بۆ ئەم شاییەی کوڕی خاڵی لەبەری بکەن، ئەویش بۆی خستە بوخچە و کیسەوە و دایە دەستیان، ئەوانیش سوپاسیان کرد و ڕۆیشتن.

پەخشان سەیرێکی دایکی کرد و گوتی:

- ئاخ لەم دڵەی تۆ نازانم ئەو دڵەت چییە، بۆ ئەوەندە ساویلکە و بەڕەحمە، کچێ ڕۆڵە بەس جلەکانت بدە بەم و بەو، ئاخر ناتوانیت بڵێیت نییە و خۆم لەبەری ئەکەم؟ یان بیانوویەک بدۆزیتەوە و دەردی ئەڵێن: دەمە چیت لە چیت کەمە.

دایکی سەیرێکی کرد و گوتی:

- تو خوا ڕۆڵە قەیناکە تووڕە مەبە، ئاخر کچەکەی مەلیحەی ئامۆزام ناردبووی بۆ کراسێکی جوان چۆن بۆی نەنێرم، گوناحە گەنجە دەستیان کورتە، با ئەو چەند سەعاتە دڵی پێ خۆش بێت. کەواکەشم نارد بۆ بووکی عاسمە خان ئەویش گوناحە جلی وای نییە بە کەڵکی شایی بێت، عاسمە خان هەزار چاکەی بەسەرمانەوە هەیە، ئەوەتا پەنجەی یەکێکمان گەرم بێت بە حەفتە دێت بە دیارمانەوە دادەنیشێت، ئەوەندە دڵسۆزمانە.

پەخشان گوتی:

- دەی تو خوا هیی تریش بژمێرە کە جلی وای نییە بۆ شایی و گوناحە، ئینشەڵڵا جلەکانت بەسەر گەڕەکەکاندا دابەش ئەکەیـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــت. ئاخر باشە من دڵی تۆ و پاکیی تۆ ئەناسم، ئەمە چەندەها جارە وا ئەکەیت و کە بۆشت ئەهێننەوە بۆنی ئەکەیت و ئەڵێیت: ئۆی بۆنی ئارەقی لێ دێت و مەعلوم ئێستا دەستی چەوریشی بەرکەوتووە، فڕێی ئەدەیت یان ئەیان دەیتەوە بە

خۆیـان و یـان نایـانکەیتەوە بەرت و دوایـی ئەیبەخشـی بە یەکێک.

ئینجا نەختێک بە توندییەوە گوتی:

- بەڕاسـتی ئەمە خـوویەکی زۆر خـراپە و عـادەتێکی زۆر نابەجێیە کە خەڵک جلی یەکتر لەبەر بکات، چونکە هەر کەسە ڕەنگە نەخۆشییەکی هەبێت ئیتر ئەم عادەتە خراپە چییە هەر وازی لێ ناهێنن.

دایکی سەرپۆشـێکی تەنکی زۆر جوانی بە دەستەوە بوو، گرمۆڵەی کرد و بە نازێکەوە گرتیە دەموچاوی پەخشانی کچی و گوتی:

- دە بڕۆ خۆت بگۆڕە و ئەوەنە قسە مەکە، شکور هەمانە با ئێمەش دڵی دوو کەسی پێ خۆش بکەین. بۆ کوێی ئەبەین.

پەخشـان شـتە هەڵبژاردەکـانی خـۆی هەڵگـرت و گرتـی بە باوەشیەوە و گوتی:

- فایدەی نییە هەرچییەک بڵێم.

دایکی کەوتە گازی پشت و لەبەر پێکەنین گوتی:

- کچێ ئەڵێم بڕۆ خۆت بگۆڕە و بەس مەحکەمەم بکە، چاوت لێیەتـی ئەڵێیـت خەسـوومە، وەڵا خەسـووی فەقیـر قەت ئەم حیسابانەی لەگەڵ نەکردووم.

پەخشان زەردەخەنەیەکی گرت و گوتی:

- دەی دیسـان قسـە نەستەقەکانت بڵێرەوە: "خـوویەک گیـرا بە شیری..."

دایکی بۆی تەواو کرد و گوتی:

- تەرک نابێت بە پیری.

هەردووکیان دەستیان کرد بە پێکەنین.

پەخشــان پــێش ئەوەی بچێــتە ژوورەکەی و خــۆی بگۆڕێــت، کە چــووە ژوورەکەی جینیــی براژنــی و بە ڕوویەکــی زۆر خۆشــەوە بەیانیباشی لێ کرد و گوتی:

- ئەوە خۆت ئامادە ئەکەیت بۆ چوونە سەر شایی، بەڕاست چــێ ئەکەیــتە بەرت؟ ئەم جــلە جوانــانەت ئەوێــت؟ یــاخود کراسەکەی خۆت کە ئەو ڕۆژە بۆت تەواو بوو؟

جینی پرچ وشککەرەوەکەی کوژاندەوە و ئـاوڕێکی لە پەخشـان دایەوە و گوتی:

- ببورە باش گوێم لێ نەبوو، لەبەر گڤەگڤی ئەو "سشوارە"...

پەخشان قسەکەی بۆ دووپات کردەوە.

جینی بە کزییەکەوە گوتی:

- حەسەنیش وام پێ ئەڵێت و حەز ئەکات جلی کوردی لەبەر بکەم، بەڵام من ناڕەحەت ئەبم و نـاتوانم پێوەی بجـووڵێمەوە و هەسـت ئەکەم حەپسـم، چـاوت لـێ بـوو ئەو شـەوە لە مـاڵە دەعوەتەکە لەبەر دەرگا چۆن کەوتم؟

پەخشان گوتی:

- ناڕەحەت مەبە حەز لە چی ئەکەیت ئەوە لەبەر بکە.

پەخشــان بە هەنـدێک تـووڕەییەوە لە ژوورەکەی هـاتە دەرەوە و نیازی بوو بچێتە سەر دایکی، کە حەسەن لە حەمامەکە هاتە دەرەوە، بە هەڵـم و هـاڵاو و بۆنە خۆشـەکەی خۆشـتنەوە پەخشـان پیرۆزبـایی لێ کرد و گوتی:

- کاکە گیان توو سەری خۆت جینی ناڕەحەت مەکە لەبەر جلی کوردی، گوناحە بەو جلە شەپوشـۆڕانەوە ڕانەهـاتووە، خـۆی جلی ئەوەندە جوانی هەیە ئەوەندەش لێی دێت ماشائەڵڵا.

حەسەن دەستێکی لە ڕوومەتی خوشکی دا و گوتی:

- باشە کەیفی خۆیەتی چی لەبەر ئەکات وا ئەچم پێی ئەڵێم.

پەخشان دڵی خۆش بوو گوتی:

- زۆر سوپاست دەکەم.

پەخشان چووە سەر دایکی کە ئەویش خەریکی جلگۆڕین و خۆ ئامادەکردن بوو.

دایکی سەیرێکی کرد و بە گەرمییەوە گوتی:

- ها گیانە بە براژنت گوت بۆ جلی کوردی.

پەخشان بە توندییەوە کە نەیتوانی خۆی پێ بگیرێت، گوتی:

- ئەرێ دایە ئێوە ئەم جلە کوردییەتان بۆ لەم فەقیرە کردووە بە خوێنی سیاوەش؟ حەزی لێ ناکات، پێی نارەحەتە و تاقەتی ئەم فەقیانە و ئاوەڵکراسە هەگبەیەی نییە، دوای ئەوە ئێستا هەرچی هەیە جلی کوردی و بریسک و هووڕیان لەبەردایە، کێ بە کێیە لە شایی وا قەرەباڵغدا. بە پێچەوانەوە کەس جلی وەکو هیی جینییان لەبەردا نییە. دە ئیتر واز لەو فەقیرە بهێنن و بەرۆکی بەربدەن، شێتتان کرد ئەی جلی کوردی لەبەر ناکات ئەی جلی کوردی لەبەر ناکات.

دایکی بە حەپەساوییەوە گوتی:

- وا دیارە لەگەڵ حەسەن شەڕیان بووە وا تۆ ئەوەندە نارەحەت و تووڕەیت.

پەخشان بە هەمان توندی و مڕومۆچییەوە گوتی:

- بەڵێ ئەویش پێی لە قوڕبەسەرەکە کردووە کەوش، ئیلان و بیلان ئەبێت لەبەری بکەیت، باش بوو بە قسەی کردم و وازی لێ هێنا.

پەخشان بە تووڕەبوونەوە جلەکانی بە دەستیەوە هەڵدایە سەر کورسییەکە و گوتی:

- چیتان کرد ئەم جلە عاجبایەتییەی ئێوە ئەڵێیت هیچ میللەتێک کراس و جلی نییە لەم جلە خێچوخوار و ئەو کەوا لیفانەتان زیاتر.

ئـاته خـان هەر وەک ویسـتی هەنـدێک خـاوی بکـاتەوە و وەک گاڵتەی لێ کرد و گوتی:

- ئەیەڕۆ ئەوە چـۆن دڵـت دێـت وا بڵێیـت. ئەرێ وەڵا جلـی کوردی لە هەرچی جلی دنیا هەیە جوانترە و زۆر خەڵکی پێ دێتە بەر چاو، دیارە ئەبێت بێجگە لەوەی کە جلێکە حەیا و حورمەتی لێ ئەبارێت.

پەخشـــان ســـەیرێکی دایکـــی کـــرد و بە زەردەخەنەیەکـــی تەوساوییەوە گوتی:

- حەیا و حورمەتی چاکی لێ ئەبارێت، لەبەر ئەوانە مرم کە کراسی شیفۆن و برنجۆک لەبەر ئەکەن و هەموو سنگ و مەمک و نافەکی دەرپێیان بەدەرەوەیە.

دایکیشێ تووڕە بوو بە توندییەوە گوتی:

- کچێ خوای ئەکرد بە پانتۆڵ و بلوزە تووڕەکەکەیەوە ئەهات، چش... ئینجا من بۆ وا لە خۆم ئەکەم؟ باش باشە، بڕۆ خۆت بگۆڕە درەنگە.

حەوشەی ماڵی خاڵی ئاتە خان جمەی دەهات لە شاییکەر، سەوز و سوور، چریسک و هووڕ و سەر و لاگیرە و بە کۆمەڵ لە هەیوان و ژوور دانیشتبوون، سەرت دەکرد بە هەر ژوورێکدا پڕ بوو.

ئەگەرچـی بەهــار بــوو تیشــکی شــکابوو، بەڵام ئەو ڕۆژە هەندێک سارد و کزەبایەکی هەبوو، ئاتە خان لەگەڵ کۆمەڵێک خزم و ناسیاوی دانیشتبوو، کچەکەش ئیشی دەکرد لەگەڵ کچی ماڵەکە شتی دەگێڕا، ئاتە خان زوو زوو هەڵدەستا و دەگەڕا بەسەر خەڵکەکەدا و سـەری چێشـتخانەی دەدا و مشـووری ئامـادەکردنی نـان و چێشـتی دەخوارد.

بەرەو ئێوارە بوو بووک هات. پیاوان لەگەڵ زاوا لە دیوەخـان دانیشــتبوون، حەســەن بــرازای زاوا بــوو، ئەویــش سەرپەرشــتیی پیاوەکانی دەکرد و مشووری دەخواردن. میرزا عەلیی باوکیش لەگەڵ

چەنـــد کەســـێکی هـــاوتەمەنی، لەگەڵ بـــاوکی زاوا لە ســـەرووی دیوەخانەکەدا دانیشتبوون.

بـوو بە کـاتی شـێوکردن، مشـەما و سـفرە داخـرا بـۆ ژنـان، ئەگەرچی زۆری شاییکەر گەڕابوونەوە ماڵی خۆیان، بەڵام هێشتا هەر قەرەباڵغ بوو، زۆریشیان خزم و کەسوکاری زاوا و بووک بوون.

هەموو ژنەکـان دانیشـتن لە دەوری سـفرەی نـانخواردن، ئـاتە خان بە پەرۆشەوە جینی بانگ کردە لای خـۆی و و جێی بۆ کـردەوە و بە قوربـان و حەیرانـی بـوو. جینـی هەرچەنـدەی کـرد و کۆشـای نەیتـــوانی لەســـەر ئەرز دابنیشـــێت وەکـــو ئەوان لەبەر تەنـــوورە تەســـکەکەی و گـــۆرەوییە ناســـکەکانی و پـــێڵاوە پـــاژنە بەرزە لەندەنییەکانی، باش بوو پەخشان فریای کەوت و گوتی:

– دایە گیان براژنم جلەکانی خەسار ئەبێت و خۆشی نـاڕەحەت ئەبێت، ناتوانێت دانیشێت.

پەخشان چوو کورسییەکی بۆ هێنا و تەپلەکێکی خستە بەردەم و بەشی تێکرد و خستییە سـەری. قسەوقسـەلۆک و چرپەچرپ و تیـر و تـوانجی نادیـار لە ژێـرەوە دەسـتی پـێ کـرد، هەر لە نزیکترین کەسـی ئاتە خانەوە کە بەهێی خوشکی بوو تاوەکو خزمی دوور و ئاشنا.

– ئەیەڕۆ ئەوە بـۆ دەســتێک جلـی جوانـت نەکـردە بەری، لە بەیانییەوە فەقیرە وا قەتیس بووە لە ناو ئەم جلە تەسکانەیدا.

ئەوی تـر پێـدەکەنیی و چـاوی لەمـی تـر دادەگـرت بەدەم پاروەتێگلاندنەوە دەیگوت:

– خۆ بووکەکە مارە کراوە. جنە خان ئەڵێیت قـازییە دانیشـتووە لەسەر کورسی.

ئەوی تر دەیگوت:

– بەســتەزمانە لە بەیـانییەوە دوو قســەی لە دەم نەهــاتووەتە دەرێ ئەڵێیت کەڕ و لاڵە.

– کچەکە تێئەگات لێمان کە قسە ئەکەین.

ئەوی دیکەیان پارووەکەی دەمی بە پەلە قووت  دەدا و دەیگوت:

- ئەرێ خوشکم ئەڵێن جوان کوردی فێر بووە بەڵام قسەی پێ ناکات، تاوەکو بزانێت دەروروپشتەکەی چی ئەڵێن.

بووک لەسەر سفرەی ژنان دانیشتبوو لەسەر ئەرز، ئەویش خەریکی نانخواردن بوو، هەژدەهەژدە قسەی دەکرد، پێدەکەنیی و وەرامی توانجی ئاشنا و خزمەکانی دەدایەوە کە بۆیان دەهاویشت و لە هەندێک توانجی زۆر بەرەڵا، کە لە کاتی بووکگواستنەوەدا دێن بە خەیاڵی خەڵکدا، تەریق دەبووەوە و سەری شۆڕ دەکرد و سوور هەڵدەگەڕا. بووک جوان ڕازابووەوە، دەستێک جلی کوردیی پەمەیی کاڵ و تێری لەبەر کردبوو. گۆبەرۆک و پشتێنی لیرە و ناسی کردبوو، بە خۆیدا و چەند تاکەبازنی جوانی لە دەستدا بوو. سەری ڕووت و پرچی درێژی خورمایی پڕ و جوانی لەسەر شان بەردابووەوە، خۆیشی خرپنێکی خوێنگەرمی دەم و لێو قولپنێکی جوان بوو، هەر ئەوە کە هەندێک کورت بوو، خوێندەوار و تازە لە جامیعەیەک دەرچووبوو.

ئاتە خان ئەگەرچی خۆی دڵخۆش پیشان دەدا و زوو زوو بە قوربان و بە حەیرانی جنە دەبوو، زۆری مەتح دەکرد بۆ جەماعەت کە دانیشتبوون لە دەوری سفرەکە:

- چەند کێک و شیرینیی جوان ئەزانێت و دروست ئەکات، و بڕۆ سەیری ژوور و دۆڵاب و کەنتۆری بکە، هەمووی ئەڵێیت ئتوت داوە ئەوەندە بە ڕێکی شتەکانی خۆی و حەسەن و منداڵەکانی هەڵدەگرێت، کەوا چۆن منداڵەکانی فێری خووی جوان کردووە. ئەو منداڵانە کە یاری ئەکەن و کە لێ ئەبنەوە، ئەبێت هەموو ئەو کەلوپەلەیان کۆ بکەنەوە و بەڕێکوپێکی بخرێنەوە شوێنی خۆیان، و کە چ قورەتە ئەو دوو منداڵە کاغەزێک یان توێکلە میوە و یان شتێکی وا لە

دەستیان بکەوێت و یان فڕێ بدەن، هەر کە چاوی لێ سوورکردنەوە، شتەکان هەڵدەگرن و ئەیبەن و ئەیخەنە ناو سبەتەی زبڵەکەوە. خۆ عیلم و زانین و شەهادە ئەوە هەر باس ناکرێت کە چەندی هەیە و چەند شارەزایە. بێجگە لە ئینگلیزییەکەی دوو سێ زمانی کەش ئەزانێت.

ئیتر ئاتە خان دەستی پێ دەکرد بووکەکەی وایە و وایە، بەڵام لە دڵ شتێکی تری دەگوت و هەر هەناسەی بۆ بووکێکی وەکو ئەم بووکی خاڵی هەڵدەکێشا و دەیگوت:

- سەیری بکەن چەند ڕووخۆشە خوایە گیان، خۆزگە بووکی منیش وەک ئەم بوایە، نەک ئەم دەمداخراوەی بێ زمانە. ئێستا فێری بەزمێکی تازەش بووە سەرباقی دەردان، کە هەر کەسە هەندێک بە بەرزی قسەی کرد، وا ئەزانێت شەڕە و یەکسەر ئەچێتە ژوورەکەی و دەست ئەکات بە گریان و بە دوو سێ ڕۆژ نایەتەوە سەر خۆی.

هەرچۆنێک بوو ئاخری نان خورا و سفرە هەڵگیرا و چا و شیرینییش بڕایەوە. بەینێکی تریش دانیشتن و بەرە بەرە خزمی دوور و نزیکیش خەریک بوون بڵاوەی لێ بکەن، حەسەن خۆی کردی بە ژووردا و دەستی زاوای بە دەستەوە هێنایە لای بوکێ و ژنەکان، خزم و کەسیان تێیانئاڵان، ئەویان دەستی دەکردە ملیان و ئەویان شان و سەری ماچ دەکردن، پێکەنین و موبارەک و پیرۆز و پێکەوە پیروخەڕۆبوون هەموو تێکەڵ یەک بوو، بگرە ئەوەندەی زاواش دانیشتوان لە حەسەن دەئاڵان و دڵخۆشی و خۆشەویستیی خۆیان بۆ دەدەبڕی، بووبوو بە غەڵبەغەڵب و خۆشی و شادییەکی گەرموگوڕ، هەموو کەسی یەک بوون و نزیکی یەک بوون، تەنیا جینی نەبێت کە هەرچەندە هەوڵیان دەدا نزیکی بخەنەوە لە خۆیان، بەڵام تا دەهات ئەو دوورتر دەکەوتەوە لێیان، بە هیچ جۆرێک دڵی نەدەکرایەوە و نەدەگونجا لەگەڵیان، بە ڕەوشت و خووی ئەو خەڵکەی دەوروبەری

قەت ڕا نەدەهــات و ڕۆژبەڕۆژ دڵتەنگتــر دەبــوو، هیــوای بەو ژیــانە نەدەما کە تـاوەکو سـەر بتوانێت ئەم حاڵەی کە تیایەتی بۆی ببرێتە ســەر، هەمــوو شــتێک هەر گریــاوی و ئــاڵۆز بــوو لە لای، هەر لە خــواردنەوە تــاوەکو چــوونەدەرەوە و گەڕان و ســەیران. خەڵــکەکە خۆیان و بازاڕ و شتکڕین و هەمووی هەر پێ بێگانە بوو.

ئەو خەسوو و خەزوورە چاک و دڵسۆزەی، حەسەن خۆیشـی کە چەندیان یەکتر خۆش دەویست و چۆن دڵی دەیایەوە و دڵی ڕادەگرت و ئەو دوو منداڵە جوانەی کە بەستبوونی پێکەوە، هێشـتا هەر جینـی خـۆی بە غەریـب و تەنیـا و بـێکەس دەزانـی، لە پەخشـان زیـاتر هەچ خوشـکێکی تـری نەبـوو دڵـی بە کەس نەدەکـرایەوە، دیـارە بـێجگە لە حەسەن و دوو منداڵەکەی.

هەرچەنـدە حەسـەن ئەو شـەوە بە بـۆنەی شـایی و زەماوەنـدەوە لەگەڵ زاوا و چەنـــد هـــاوڕێی تریـــان بە دزیـــی ئەو پیـــاوە بەعەمرداچوانەدا خواردبوویانەوە، بەتایبەتی حەسـەن هەندێک سـەری گەرم بـوو بـوو، خەیـاڵی دابـووە جینـی و زوو زوو دەهـات بـۆ لای و دەسـتی ڕادەکێشـا و مسـتەکۆڵەی گـاڵتەی پیـا دەکێشـا، دەسـتی بەر نەدەدا و دەیبـردە لای بووکـوزاوا و بە هەموویـان قسـەی خۆشـیان لەگەڵ دەکـرد، تـاوەکو حەسـەن دەسـتی ڕاکێشـا و بـردیە دیوەخـان و لای بـاوک و خـاڵی ئەوان، بەڵام ئەو هەر بە دڵـی نەبـوو و بە نـابەدڵی زەردەخەنە دەیگـرت و پێدەکەنیی، خـۆی دڵخـۆش پیشـان دەدا بە درۆ و لەڕاستییشــدا نائــارامی هەمــوو دەروونــی هەڵتەنیبــوو، دەتگــوت بێگاریـت پـێ دەکەن خەیـاڵی هەمیشـە لای خەڵکـی لای خۆیـان بـوو، خەیـاڵی لای وڵات و شـارەکەی و لای دایـک و کەسـی بـوو. دوای ئەو بۆشاییە، ئەوەندەی پێنەچوو خزمێکی ئەوەندە نزیکیان بـوو کە دەبـوو بە خــاووخێزانەوە بچــن و بە شــەویش ئەو مــاڵە بەجــێ نەهــێڵن و بەدیاریــانەوە بــن، ئەو چەنـد ڕۆژی تەعــزێیە ئەوانــیش دابنیشــن و

بەشدار بن. حەسەن و باوکی لەگەڵ پیاوان بن، دایک و خوشکیشی لەگەڵ ژنان.

دیسانەوە جینی بوو بە تەگەرە بۆیان چی لێ بکەن؟ بیبەن لەگەڵ خۆیان ئاشکرایە کە هەڵناکات و بەو گریان و لاواندنەوە و شینوشەپۆڕە لەوانەیە هەر شێت بێت و ڕابکاتە کۆڵان؟ بەجێی بهێڵن لە ماڵەوە ئەبێت دیسان خەڵکی بە دیارییەوە بێت بێجگە لە قسەی خەڵک و خزم و کەسوکار ئەو بڵێت:

- ئەیەڕۆ ئەوە بۆ بووکەکەیان دانەنیشتووە.

هەروەها ئەم بڵێت:

- ئەیەڕۆ ئەوە بۆ بووکەکەیان نەهێناوە؟

بکەونە مقۆمقۆ و پرسیار و سەر بکەنە سەر ئاتە خان و ناڕەحەتی بکەن و ئەویش بکەوێتە بیانووگرتن بۆی:

- دایکم ئەم بێگانەیە چوزانێت تەعزێ چییە، ئەوان وا نین، ئەوان کە ئەچنە تەعزێی خۆیان کە ئەویش ڕەنگە هەر بۆ سەفەریان بێت و زۆر نزیکیشیان بێت، ئەگینا بە کارتێکی سەرخۆشی و دوو قسە بە نووسین و یەک "سۆری" و "بەداخەوە" هەموو تەعزێ و شیوەنیان تەواو ئەبێت و ڕەنگە بە دوو ساڵی تریش وای لێ نەیەت کە بتوانێت بچێتە ماڵە تەعزێی لای خۆمان، ئەو هەموو خەڵک و گریانە ببینێت.

لەسەر چوونە تەعزێ دیسانەوە ئاتە خان و مێردی تووشی هەندێک قڕە و دەمەقاڵێ بوون، پەخشان دامابوو لە ناویاندا و هەر بەوەدا دەگەیشت لەسەر جینی بکاتەوە و بچێت بە گژ دایک و باوک و خزمەکانیدا. چار نەبوو کە ئەو بەستەزمانە هەڵنەچێت و تووڕە نەبێت و تووشی دڵەکوتێ و ناڕەحەتی نەبێت.

حەسەن هەمیشە سەری قاڵ بوو، لە هاتوچۆ و ئەمسەر و ئەوسەردا بوو، پێی نەدەکرا کە بزانێت ژنەکەی چی بکات و بۆ کوێ بچێت لەبەر ئەوەی پشتئەستوور بوو لە دایک و خوشکی کە لە خۆی

دڵسۆزتر بوون بۆ ژن و منداڵەکانی، بەپێی تواناش بێدڵیی جینی نەدەکرد و هەوڵی زۆری دەدا کە دڵی ڕابگرێت و حیسابی غەریبی و زماننەزانینەکەی بۆ دەکرد؛ بەڵام ناچار هەندێک جار هەڵدەچوو و تووڕە دەبوو لێی و پێی دەگوت:

- وەختی خۆی هەموویم بۆ باس کردبووی، لە یەکەم ڕۆژەوە کە تۆم ناسی پێم گوتیت کە من هەر خوێندنەکەم تەواو کرد، دەگەڕێمەوە وڵاتەکەم و بە هیچ جۆرێک تاقەت ناگرم لە شوێنی تر بژیم، ئایا ڕازیت؟ بەم حاڵ و ژیانەی خەڵکی وڵاتەکەم و هەموویم بۆ باس کردبوویت کە ئێمە چۆنین و کورد چۆن ئەژین و ڕەفتار و کرداریان چۆنە، دە ئیتر ئەم بۆڵەبۆڵەت لە چییە؟

حەسەن تووڕە دەبوو هەندێک جاریش وا تووڕە دەبوو وەکو دەڵێن دۆودۆشاوی تێکەڵ دەکرد، بەڵام ئەوەندەی پێنەدەچوو بەزەیی پیا دەهاتەوە و هەقی دەدایە، بەڵام بەو ئەندازەیە نا کە ئەم پێی سەغڵەت بوو.

تەنانەت ماڵ و خانوو و گوزەران و خواردنکردن کە ئەو لێرە دەیکات و دەیبینێت، ڕەنگە لە شایی دایکیشیدا شتی وای قەت نەدیبێت، ئەو لەو "فلات"ە کونە گورگە تاریکە ناخۆشەوە هاتووەتە ئەم خانووە دڵگیر و گەورە و خۆشەوە، هەرچی لە لای ئەوان هەیە لێرەش هەیە، وەکو "فریجدیر" و "فریزەر" و مەکینەی جلشتن و تەلەڤزیۆن و ڕادیۆ... بێجگە لە فەرش و نوێن و ناوماڵی زۆر چاک و جوان.

بۆ سینەما دەچێت و بۆ سەیرانی دەبەن، چەند جارێک لەگەڵ حەسەن چووە بۆ بەغدا و موسڵ. بە بیانووی خۆشییەوە زۆر جار بە شەو پەرداخیشی بۆ پڕ دەکرد لە خواردنەوە و بە دزییەوە دەیدایە.

منداڵەکانی نەدەکەوتنە سەر ئەرز، ئەوەندە نازدار و خۆشەویست بوون و هەفتەی جارێکیش لەگەڵ دایک و خوشکی بە تەلەفۆن قسەی دەکرد، تاوەکو گوێشیان نەدەدا بەوەی کە چەند قسە دەکات و چەند درێژەی پێ دەدات، و ئاخۆ پارەی تەلەفۆنەکە چەند بێتە سەریان!؟ چونکە جاری وا هەبوو لەگەڵ خوشکەزا و منداڵەکانیشی قسەی دەکرد، ئەوانیش لەوێوە و لەسەر خۆ درێژەیان پێ دەدا و نوکتەشیان بۆ دەگێڕایەوە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ڕانەدەهات و دڵی نەدەکرایەوە.

---

بەهارێکی درەنگ بوو، دنیا گەرم بووبوو. پەخشان سەری قاڵ بوو، خۆی ئامادە دەکرد بۆ تاقیکردنەوە. جینییش هەندێک دڵی خۆش بووبوو، کە بیری کەوتەوە ئەوەندەی نەماوە وا هاوین گەیشت وەکو حەسەن بەڵێنی پێ داوە لەم هاوینەدا ئەگەر خۆیشی پێی نەکرێت، ئەو و منداڵەکان دەنێرێتەوە بۆ لەندەن بۆ سەردانی کەسوکاری، جینی ڕۆژ و سەعاتی دەژمارد ئاخۆی کەی ئەو ڕۆژە دێت.

مانگی ڕەمەزان ئەوەندەی نەمابوو، خەڵکی خۆیان بۆ ئامادە دەکرد، بە کەلوپەل کڕین، ماڵ پاککردنەوە، شت کەڵەکەکردن، نانکردن و لەو جۆرە پێداویستییانەی لەو مانگە پیرۆزەدا بەکەڵکیان دەهات و لەبەر ئەوەی بەڕۆژوو دەبوون، دەیانویست تاوەکو پێیان بکرێت و هەر کەسە بەپێی حاڵ و توانای خۆی ئەو ئیشانە ڕایی بکات کە وەختی بەڕۆژوو و تەنگەتیلکە بوو، خۆی ماندوو نەکات پێیانەوە.

ئەو مانگە پیرۆزە و دڵگیرەی هەموو کەسێک یادگارییەکی خۆش و ناخۆشی لەگەڵی هەبوو، لەگەڵ هاتنی هەمووی بە بیر دەکەوێتەوە و دێتەوە بەرچاوی، مانگی خێر و بەرەکەت و شتبەخشین و دڵپاکی لەگەڵ یەک.

مانگی هەست و بیرکردنەوە لە خەڵکی برسی و دەستکورت، کاتێک کە کەسی دەوڵەمەند و تێروتەسەل برسی دەبێت تا بیر لەوە بکاتەوە کە ڕەنگە خەڵکی وا هەبن بە درێژایی ساڵ و کات وا برسی

بن، ئەگەر چی ئەو کە بەڕۆژوو دەبوو، دوای چەند سەعاتێکی تر ورگی خۆی پڕ دەکردەوە و خۆی مڕ دەکات لە چەندەها جۆری خواردەمەنیی خۆشخۆش، بەڵام فەقیری وا هەیە هیچ جیاوازییەکی لە لا نییە کە ئەو چەند سەعاتانە تێپەڕ دەکەن یان نەیکەن، چونکە بۆ ئەو هەمووی وەک یەک وایە.

ئەگەر چی ئەو مانگە پیرۆزە گەلێک چاکەی لەوە زیاتریشی هەیە، بۆ خاوێنکردنی دڵ و دەروونی خەڵکی، کەچی زۆر جاریش هەندێک بەتایبەتی ئەوانەی لە دەرەوە و ناو بازاڕ و بگرە خێزان و دەرودراوسێش تووشی شەڕ و قیژە دەبن. لەبەر ئەوەی بەڕۆژوو بوون و تەنگەتیلە بوون، ئەوەی لەبەر ئەوەی ئەمڕۆ بەڕۆژووە و بێبەش بووە لە دووکەڵ و بۆنوبەرامەی جگەرەکەی، هەی هاوار ئەمڕۆ مژی لێ نەداوە و سییەکانی پڕ نەکردووە لە دووکەڵە پڕ مەترسی و کوشندەیە و هەڵی نەمژیوە، دواییش وەک لوولەی تونی حەمامەکان لە کونە لووتەوە دەرینەهێناوە، کەواتە دەبێت شەڕ بە دار و بەرد بفرۆشن و بیانووش لە هەموو شتێک بگرێت، یاخود ئەوەی سەری ژان دەکات بۆ چاییەک چونکە ئێستا بەڕۆژووە و ڕۆژانی تر هەر بەوە دەگەیشت کە چەندەها پیاڵەی خەست و خۆڵی هەڵبقوڕێنێت و هەر بە خۆیشی نەزانێت.

خۆ ئەوی بە بەردەمی نانەواخانەدا تێدەپەڕێت، بۆنی ئەو کولێرە بەکونجییە خۆشە گەرموگوڕە، لیکی دەهێنێتە خوارەوە و شەیدا و حەیرانی ئەو بۆنوبەرامەی دەکرد و دەستبەجێ دەچوو بیری دەکردەوە و چەند دانەیەکی دەکڕی.

ئەوانەی دەشچوونە بازاڕ بۆ ئەوەی شت بکڕن بۆ بەربانگ، دەچوون و چاویان بە هەر شتێک بکەوتایە، حەزی لێ بکەن، دەیانکڕی و تاوەکو بیر لەوەش نەکەنەوە کە ئەوان دەبێت بەپێی توانای خۆیان شت بکڕن و دەبێت بیر لە سبەینێش بکەنەوە، بەڵام زۆر کەمیان هەبوو لەو کاتەدا بیانووی بە خۆی نەدات و نەڵێت:

- دەی خوا گەورەیە، بۆ سبەینێ چارێک دەدۆزمەوە.

ئاخری مانگی ڕەمەزان گەیشت، یەکەم ڕۆژی بوو ماڵی ئاتە خان هەموویان بەڕۆژوو بوون. حەسەن پێش هەموویان وەکو شتێک دەیویست بە تیرێک دوو نیشانە بشکێنێت، یەکەم هەندێک قەڵەو بوو و ورگی پەیدا کردبوو حەزی دەکرد خۆی لاواز بکات، لە سەرێکی تریشەوە دەیویست بڵێن وەڵڵا کاکە حەسەنیش بەڕۆژووە. چاوت لێیەتی ئەو هەموو ساڵانەش لە دەرەوە بووە لە ناو ئەو ئەجنەبییانەدا کەچی چەند بەدینە و چۆن ئایین و خوو و ڕەفتاری خۆی لە بیر نەچووەتەوە.

لەو ماڵ و خێزانە قەرەباڵغەدا تەنیا جینی و دوو منداڵەکەی و کوڕە دە ساڵەکەی ئاتە خان بەڕۆژوو نەبوون.

ئەو بەیانییە ماڵەکە کشومات بوو، نە دەنگ و گیزی سەماوەر بوو، نە مشووری چێشتی نیوەڕۆ بوو، هەموو بێتاقەت و خەواڵوو دیار بوون. جینی لە ڕۆژانی تر مڕومۆچتر دیار بوو.

حەسەن شەوێک پێی گوتبوو کە وا دایکم و هەموویان بەڕۆژوو دەبین و ئەوە چێشتخانە و هەموو شتێکت لەبەر دەستتدایە، بڕۆ بۆ خۆت و منداڵەکانت شت دروست بکە، ئەو شتەی خۆت پێت خۆشە.

دوای ڕۆیشتنی حەسەن بۆ سەر ئیشەکەی، ئاتە خان دەچووە سەر جینی و لێی دەپاڕایەوە و بە قوربان و حەیرانی دەبوو کە بچێت بۆ خۆی شتێک بکات، تا وەکو بیخوات لەگەڵ منداڵەکانیدا.

میرزا عەلیش دەچوو بۆ بازاڕ کیسە و توورەکە و زەمیلەی دەناردەوە ماڵەوە. کەچی جینی گوێی نەدەدایە هیچ و هەر خۆی خەریک دەکرد و خۆی دەخلافاند لە ژوورەکەی خۆیدا. دوایش دەهات و دەچووە چێشتخانە و نان و هێلکە و شتێکی سووکەڵەی دەبرد بۆ خۆی و منداڵەکانی و کوپێک قاوەی بە شیریشی دەکرد بەسەردا و هەڵدەستایە سەر پێ سووک و ئاسان.

ئاتە خان دیسان نارەحەت دەبوو و دەکەوتە ئاخ و ئۆف، کە چۆن هیچ نەخۆن و چۆن خواردنیان هەر ئەو پارووە بێت.

پەخشان دەکەوتەوە بەین و هەڵدەچووە و دەیگوت:

– باشە دایە گیان، تۆ بۆ سەری خۆت دەیەشێنیت. ئەوەتا ئەو هەموو شتێکی لەبەر دەستدایە. خۆی دەڵیت من حەز دەکەم ئەو شتە سووکانە بخۆم و ئێوارەش لەگەڵ ئێوە شتی تر بخۆم. ئیتر تۆ بۆ وا دیسان سەرمان لێ دەشێوێنیت و دەڵێیت دنیا ڕووخاوە، ئاخر زەمانە! چونکە جینی کفتە و کەبابەکەی نەخواردووە. تۆ بۆ ئەوەندە خۆت سەغڵەت ئەکەیت وا بزانم تاوەکو ڕەمەزان تەواو دەبێت دوور لە تۆ دڵت دەتوێتەوە.

ڕۆژی واش هەبوو ئاتە خان بە دزییەوە دەچووە چێشتخانەکە و خەریکی نان دروستکردن دەبوو بۆ جینی و منداڵەکانی، بە ڕێککەوت لەپڕ حەسەن دەهاتەوە بەسەردا و تووڕە دەبوو و دەچوو بە گژ ژنەکەیدا و پێی دەگوت:

– دایکم بەڕۆژووە تۆ بۆ ناچیت بۆ خۆتان شتێک دروست بکەیت؟ بۆ دیسان بوغزت گرتووە.

ئیتر خێزانەکە ئەو ڕۆژە جارێکی تر تووشی قڕە و بۆڵە و خووتە دەبوون و لەسەر ئەوە هەموویان بە یەکدا دەهاتن.

شەوانی دوای بەربانگ میوانیان دەهات، یان ئەمان دەچوونە ماڵی ئاشنا و خزم، پرس و پرسیار دەستی پێ دەکردەوە.

– ئەوە جینە خانیش بەڕۆژووە؟

ئاتە خان دەکەوتە بیانووگرتن:

– ئەرێ دایکم ئەو فەقیرە چوزانێت ڕۆژوو چییە، ئەگەرچی شکوور موسڵمانە و هەمووی لە مزگەوتی لەندەن فێر کراوە، بەساقەی حەسەنیش بم هەمیشە باسی هەموو شتێکی بۆ

کـــردووه، بەڵام هێشـــتا بـــاش ڕانەهـــاتووه، دوور لە ئێـــوه هەندێک نەساغیشه.

یەک دوانێکی تر لەولاوه دەکەوتنه چپەچپ:

- کچێ بە خوا ڕەنگە هەر نەشبووبێت بە ئیسلام. ئێستا شتی دەستیشی حەرامە، چونکە غەیرەدینە.
- کوڕە بابە بووه بە ئیسلام، بەڵام وا زوو فێری هەڵسان و دانیشتنی ئێمە نابێت، ماوەیەکی ئەوێ تاوەکو دەگاتە ئەوەی وەکو ئێمەی لێ بێت.

هەندێکیش دەیانگوت:

- ئەرێ دایکم بۆچێ هەموو خەیاڵتان داوه بەو هەژ بە سەرە، بـۆچی موسـڵمانەکانمان هەمـوو بەڕۆژوو دەبـن؟ بە خـوا لەوانەیه چوار یەکی ئەو خەڵکە بەڕۆژوو نەبن.

***

پاش چەند ڕۆژێک و شـەوێک ئـاتە خـان میـوانی هەبـوو، دۆست و خزم و ئاشنای نزیکی هاتبوون بۆ لای ئەو بەربانگیان کردبووه.

دوای بەربانـگ دانیشـتبوون هەر یەکێکیـان باسـی منـداڵیی خـۆی دەگێـڕایەوه کە چـۆن بەڕۆژوو دەبـوون و چییـان دەکـرد. ئـاتە خـان یەک قاقـای لـێ دا و لەبەر پێکەنـین کەوت بە گـازی پشتدا، گوتی:

- عەمرم یازده-دوازده ساڵێک دەبوو. بوو بە ڕەمەزان. دایکم و نەنکم هەموویانم سوێند دەدا کە پارشێو خەبەرم بکەنەوه، ئەمویسـت منـیش بەڕۆژوو بـبم، هەرچەنـده دایکـم ئەیگـوت کچـم تـۆ ناتوانیـت بەڕۆژوو ببیـت، ئەمریـت؛ بەڵام فایـدەی نەبـــوو، هەر ئەمگـــوت دەبێـــت هەڵـــم بســـێنن. ناچـــار هەڵیاندەساندم، منیش هەستام بە چاوی خەواڵووەوه، زۆر جاریش هەر هیچ خەبەرم نەدەبووەوه، ئینجا ئەو شەوەی بە

زۆر هەستامایە، تاوەکو بەینێک هەر بە نووستووی لەسەر جێگەکە دادەنیشتم، دواتر بەرە بەرە خەو بەری دەدەم، کە گوێم لە دەنگی سینی و قاپ و چەقەچەقی کەوچک و پیاڵە و گیزەی سەماوەر ئەهاتە بەر گوێم؛ هەروەها گرمەی دەهۆڵ کە نزیک دەبووەوە، ئیتر ڕاست دەبوومەوە. ئینجا ڕۆڵە تێر و پڕ بە چاوی نیوە نووستووەوە نانم دەخوارد تاوەکو دەمتوانی. ئینجا هەستام دەچووم دەموددانم دەشت و دەنووستمەوە. بەیانی کاتی مەکتەب بە هەزار ناز و باز و سەدەقە و حەیران خەبەری دەکردمەوە و هەر ئەشیکێشا بە خۆیدا و دەیگوت:

- وەی دایکت بمرێت. خۆ کچەکەم بەڕۆژووە، ئەبێت بشچێت بۆ مەکتەب.

ئینجا لێی دەپرسیم:

- بەساقە بۆ بەربانگ حەز لە چی دەکەیت بۆت لێ بنێم؟ شتێک بڵێ کە حەزی لێ بکەیت.

منیش دەمگوت:

- گوێ مەدەرێ دایە گیان هەرچی تۆ لێی بنێیت من دەیخۆم و یان دەموگت: کەیفی خۆتە بەڵام وا بزانم ئەزانێت حەز لە چی دەکەم.

ئیتر دەکەوتە ناوی خواردن ژمارەکردن، ئەویش دەیگوت: وەی بەسەرچاو... بەسەرچاو. نیوەڕوان دەگەڕامەوە لە مەکتەب بێ حاڵ، دایک و نەنک دەورەیان دەدام، ئەو دەیگوت بڕۆ بۆ خۆت پاڵ بکەوە، ئەو دەیگوت: ها ئەوە پارە و بڕۆ بۆ خۆت بۆ بازاڕ، شتێکی بە کەیفی خۆت لێ بکڕە.

ئەو بەستەزمانانە نەیاندەزانی کە کچە بەڕۆژووەکەیان خواحافیزی بێت، بۆ خۆی چووە لە کون و قوژبن و لە ڕێگە و بان

تێر و پڕ شتی بە دزییەوە خواردووە و ئاوا بۆ خۆی لای ئەوان بوراندووەتەوە و خۆی کردووە بە بەڕۆژوو.

هەموو دانیشتوان دایانە دایە قاقای پێکەنین و فرمێسک لە چاویاندا دەردەپەڕیی لەتاو ئەم قسەیەی ئاتە خان، ئینجا ئەوی تریان باسی خۆی دەکرد و دەیگوت:

- منیش وەک ئاتەی پوورم دەڵێت، دوازدە ساڵێک بووم و هەڵدەستام و پارشێوم دەکرد لەگەڵ دایک و باوک و ماڵی خۆمان، ڕۆژێکیان لای نیوەڕۆ بوو، زۆرم تینوو بوو، چووم بۆ خۆم تێر ئاوم خواردەوە. ئینجا قیڕاندم و بە ناڕەحەتییەکی دەستکردەوە گوتم: وای دایە گیان خۆ بیرم چوو وا ئاوم خواردەوە.

دایکم و پوورم هاتن و دڵیان دامەوە، پوورم بە پەرۆشەوە باوەشی پێدا کردم و گوتی:

- قەیناکە بەساقەت بم، ڕۆژووەکەت بەوە ناشکێت خۆ بە ئارەزوو نەتخواردووەتەوە، تۆ لەبیرت چووە. منیش چاوی خۆمم دەسڕییەوە کە گوایە دەگریم. لەبەر ئەوەی نەوەکو ڕۆژووەکەم شکابێت، هەروەها کە ئەشچوومە لای دوکان لای باوکم گەلێک جار پێی دەگوتم:

- کچم، سەعە لێرە نییە بە ئیش ناردوومە، دانیشە لە دوکانەکە تاوەکو ئەچم نوێژەکەی عەسرم ئەکەم.

ئیتر کە باوکم ئەکەوتە ڕێ منیش ئەکەوتمە نوقڵ و حەڵوای گەزۆ و مەسکەت و لەبزینەخواردن، بەوەش ڕازی نەدەبووم گیرفانەکانیشم لێ پڕ ئەکرد و تاوەکو ئەشگەیشتمە ماڵەوە لە ڕێگە هەر ئەمخوارد و کە ئەگەیشتمە ماڵێ خۆم ئەبوراندەوە و خۆم هیلاک پیشان دەدا و هەر ئەمپرسی:

- دایکە ئەوە چەندی ماوە بۆ بەربانگ؟ ئەوە چییە ڕۆژ چەند درێژە هەر تەواو نابێت.

ئەویش هەر دڵی ئەدامەوە و هەڕەشەشی لێ ئەکردم کە ئیتر نابێ بەڕۆژوو بم، چونکە ڕەنگم پێوە نەماوە.

دایکم هەمیشە مەتحی دەکردم و لای دەورودراوسێ، لەبەرە ئەو جارێک ژنێکی دراوسێمان لە کچەکەی تووڕە بووبوو و پێی گوتبوو:

- چاوت لە حەپسەیە چۆن بەڕۆژووە داوەشێیت تۆ ساڵێکیش لەو گەورەتری کەچی بەم ڕەمەزانە هەمیشە هۆقەیەک بنێشت لە دەمتایە.

کچەکەش کە هاوڕێم بوو گوتبووی:

- وەڵا ماشەڵڵا بەڕۆژووی چاک بەڕۆژووە، وەڵا درۆ ئەکات و بەڕۆژوو نییە، هەر ئێستا دیم هەڵووژەیەکی لە دەمدا بوو.

حەپسەخانی قسەگێڕەوە دایە پڕمەی پێکەنین و گوتی:

- ئاوەها ئەو کچە هاوڕێیەم حەیای بردم و هەموو درۆکانی ئاشکرا کردم، دواییش کە بەیەک گەیشتین لە ڕێگەی مەکتەب پەلاماری یەکترمان دا و تێر لە یەکمان دا.

ئەم جارە نۆرەی بەسەرهات گێڕانەوەی هاتە سەر دراوسێییەکی نزیکی ئاتە خان و هەموویان ڕوویان تێکرد و گوتیان:

- دەی لوتفی خان فەرموو بزانین تۆ چیت کردووە.

لوتفی بە دڵ پێکەنیی و ڕووی کردە جەماعەت و گوتی:

- بڵێ لوتفی خان فەرموو بزانین تۆ چ کەتنێکت کردبوو.

لوتفی خان دەستی پێ کرد و گوتی:

- منیش ئەو کاتە تەمەنم هەر وەک ئەوانی تر بوو، مانگی ڕەمەزان بوو، ماڵی ئێمە بە گەورە و بچووکەوە بەڕۆژوو بوون، منیش بەخێری بەڕۆژوو ئەبووم، ماڵمان لە سابونکەران بوون، نزیک ئێواری دەیانبردم بۆ بازاڕ و باوکم دوکاندارێکی ئاشنای هەبوو کە خاتری دەگرت و هەمیشە باشترین شتی بۆ ئەنارد، ئینجا منیان ئەناردە لای ئەو دوکانە بۆ ئەوەی ماستیان بۆ بێنم. دایکم ئەیگوت: "دە بڕۆ

دایکەکەم لە ڕێگەوە خۆت ئەخلافێنی و تا یەیتەوە ئەبێتە وەختی بەربانگ"؛ هەروەها پارەشیان ئەدامێ بۆ نوقڵ و ئەو نەوعە شتانە کە بۆ خۆمی بکڕم. منیش ئەچووم و سەتڵە ماستەکەم ئەبرد، کابرای دوکاندار بۆی پڕ ئەکردم لە ماستی چاک و سەرتوێژ و ئەیدایەوە دەستم و هەموو جارێکیش یەک ڕیز ئامۆژگاری ئەکردم کە ئاگام لە خۆم بێت لە کاتی پەڕینەوەدا لەبەر ئۆتۆمبێل. بە پەلە نەڕۆم نەوەکو بکەوم یان ماستەکە بڕژێت؛ منیش بۆ خۆم ماستەکەم ئەهێنا و ئەهاتمەوە کۆڵانە و کۆڵان ئینجا لە شوێنی چۆڵ و پەنادا دادەنیشتم و دەستم ئەکرد بە خواردنی سەرتوێژ و هەڵقوڕانی ماست و خۆم مڕ ئەکرد. ئینجا هەڵئەستام و ئەکەوتمە ڕێ بەرەو ماڵەوە و ماستەکەم بۆ ئەبردن. باوکم هەموو جارێک کە ماستەکەی دەبینی دوو-سێ جنێوی بە بەقاڵە قوڕبەسەرەکە ئەدا و ئەیگوت:

- ئەمە چ ماستێکە، نانەجیبە ئەڵێیت کەوچکی نەبووە و بە دەست تێی کردووە.

باوکم ڕووی ئەکردە من و ئەیگوت:

- ئەرێ ڕۆڵە لەبەر چاوت ئەم ماستە تێ ئەکات؟

منیش چاوی خۆمم مۆڕ ئەکرد و ئەمگوت:

- نەوەڵا بابە گیان نایبینم چونکە پشتم تێئەکات.

باوکم ئەکەوتە بۆڵەبۆڵ و ئەیگوت:

- ئەوەتا ئەیناسم، ئەوەتەی دوو پولی پێکەوە ناوە خەریکە بێ دین و ئیمان ئەبێت و ئەویش برادەر و هاوڕێی لەبیر ئەچێتەوە.

زۆر جاریش ئەیگوت:

- با بۆم ڕاوەستێت ئەبێت سبەی بچمە سەری و خۆم ئەزانم چی پێ ئەکەم.

منیش سەری خۆم کز ئەکرد و بێدەنگ ئەبووم و ئەمزانی کە باوکم سبەینێ و نە دووسبەیش پێی ناکرێت بچێتە سەری، چونکە ئێواران کە ئەگەڕێتەوە ماڵەوە بەڕۆژوو و کفت و هیلاکە، هەروەها جێ ئیشەکەشی زۆر دوورە لە دوکانی بەقاڵەکەوە و لە کوێ تاقەتی ئەبێت بچێتە سەری، ئەو خواخوایەتی هەر بگاتەوە ماڵەوە.

بەڵام ڕۆژێک لە مزگەوت یان لە شوێنێکی تر لەگەڵ بەقاڵە ئاشناکەیدا بەیەک ئەگەن و باوکم گلەیی ماستەکەی لێ ئەکات. ئەویش هەر وەک ئەوەی لە بانێکی بەردەیتە خوارەوە، وای لێ دێت و ئەڵێت بەمەندە سوێند و بەوەندە دین و ئیمان هەموو جارێک ماستی تایبەتیم بۆ ناردووی، باوکیشم هیچ قسە ناکات و ئەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە بە دایکم ئەڵێت با ئیتر لوتفی نەچێت بۆ ماستەکە، چونکە هیلاک ئەبێت گوناحە بەڕۆژووە، کابرای ئاشنام خۆی بە شاگردێکدا بۆمان ئەنێرێت هەموو ڕۆژێک.

ئیتر کە شاگردەکە ئەهات و ئەو ماستە چاکەی بە سەرتوێژەوە (کە دەتگوت قەیماغە) دەدایە دەستمان، هەموو سەریان سوورِ ئەما و هەموو خەڵکی ماڵەکەش زانییان کە بۆچی ماستەکەی ئەوسا وا بوو، بەڵام تەریقیان نەکردمەوە و نەیاندا لە ڕووم.

جەماعەت هەموو بە جارێک دەستیان کرد بە پێکەنین و کردیان بە هەڵا. لەو کاتەدا کوڕێکی خزمی میرزا عەلی خۆی کرد بە ماڵدا و سەلامی کرد و هەندێک کاغەز و فایل و جانتایەکی دایە دەست پەخشان و گوتی:

- ئەمە شتەکانی کاک حەسەنن، مەیخەرە بەردەستی مناڵ.

پەخشان پێکەنیی و گوتی:

- ئەمر دەکەیت.

ژنەکانیش هەموو هەواڵیان پرسی و وا دەرکەوت کە ویستیان بیدوێنن، چونکە گاڵتەچی و قسەخۆش بوو، هەروەها زۆری

دانیشتوانیش خزم و پورزا و ئاشنای بوون، بۆیە ڕووی تێکردن و بە خۆشییەوە گوتی:

- ئەوە چییە ئەوەندە پێئەکەنن دەنگتان تاوەکو بنی کۆڵانەکە ئەهات.

ئەوانیش باسیان بۆ کرد کە بە چی پێئەکەنن. ئاتە خان بە شەوقەوە ڕاپەڕیی و گوتی:

- تو خوا خولە گیان تۆش شتێکمان بۆ بگێڕەوە لە باسی منالّی و ڕەمەزان...

خولە چوارمشقی لە تەنیشت سەماوەرەکەوە دانیشت و گوتی:

- جارێ برسیمە نانم بدەنێ. خۆ نابێت هەموو شتێک هەر بۆ ئێوە بێت چونکە بەڕۆژوون. ئێمەش هیلاکین و لە بەیانییەوە پشتمان شکاوە ئەوەندە لەگەڵ کرێکار و عەمەلە ڕاوەستاوین و ئەوەندە کیسە چیمەنتۆ و نیرە ئاسنمان داگرتووە.

پەخشان ڕاپەڕیی و گوتی:

- وەی بەسەرچاو هەر ئێستا ئەچم هەموو شتێکت بۆ ئەهێنم، تۆش تەنیا باسێکی خۆتمان بۆ بکە.

خولە جامانەکەی داگرت و پێکەنیی و بە قاقایەکی بەرز هەموو جەماعەت پێکەنین و گوتیان:

- خۆ تۆ هیچت نەوتووە ئەمە چ بوو؟

خولە هەردوو دەستی دا بەیەکدا و دایە پرمەی پێکەنین و گوتی:

- بە زاتی خوا لە دوای ئەم هەموو ساڵەش هەرچەندە ئەم باسەم بیر ئەکەوێتەوە، ئەدەمە قاقای پێکەنین:

ڕەمەزان بوو تەمەنم پازدە ساڵێک ئەبوو، ڕۆژێکیان دایکم کفتەی کردبوو، نزیک بەربانگ سەتڵێکی فافۆنی جوانی بۆ پڕ کردم لە کفتە و گوتی:

- ئا بە قوربانت بم خولە گیان، ئەم کفتانە بەرە بۆ ماڵی خاڵت دوو ڕۆژە بەڵێنم پێ داوە کە کفتەی بۆ بکەم، کفتەی منی زۆر بەدڵە وەکو ئەزانی.

منیش گوتم باشە بەسەرچاو هەر ئێستا دەچم بۆیان ئەبەم. ماڵەکەمان لە ئەسحابە سپی بوو و ماڵی خاڵیشم لە شێخان بوو، دایکم سەتڵی دایە دەستم حەوت-هەشت کفتەی زۆر گەورە و خۆشی تێکردبوو لەگەڵ ئاوێکی خەستی پڕ لە ماسوولکە و ئێسقان و بۆنوبەرامێکی ئەوەندە خۆشی هەبوو نەبێتەوە، گوتی:

- ڕۆڵە گیان ئەگەر برسیتە جارێ وەرە بەشەکەت بخۆ ئینجا بڕۆ.

منیش گوتم:

- من تێرم، با جارێ کفتەی ماڵی خاڵم بەرم، ئینجا کە گەڕامەوە ئەوسا نان ئەخۆم.

چەند جارێک دایکم گوتی:

- بە قوربانت بم ئاگات لە خۆت بێت، لەسەرخۆ برۆ نەکەویت، ئاوەکەی نەڕژێت.

منیش هەر گوتم:

- باشە بەسەرچاو.

کەوتمە ڕێ تاوەکو گەیشتمە لای دوکانی بەردەرکی سەرا و خەریک بوو بپەڕمەوە، کە قاچم هەڵنگوت و کەوتم بە دەمدا، سەتڵە کفتە پەڕی لە دەستم و کفتە بۆریش گل بوونەوە، هەر یەکە بەلایەکدا وەکو تۆپی فوتبۆڵ، بە پەلە هەستام و ئاگام لە ئەژنۆی ڕووشاوم نەمابوو، لە ترساندا کفتەکەم کۆ کردەوە و خستمە ناو پەڕۆیەکەوە، کە ئەویشم پێ بوو و دوو-سێ ناوساجی تیابوو بۆ خاڵم، ناوساجییەکانم گرت بە دەستەوە و سەتڵەکە هەندێک ئاوی کفتەی تیا مابووەوە زوو زوو خۆڵ و قوڕەکەم لە دەوری لا برد بەپەلە ڕۆیشتم، باش بوو هەندێک ڕێگە و بان چۆڵ بوو، چونکە نزیک بەربانگ بوو. یەکسەر خۆم کرد بە مزگەوتێکدا و چووم کفتەکانم هەموو پاکوتەمیز شتنەوە لەبەر ئاوەکە و یەکەیەکە خستمەوە ناو سەتڵەکەوە و دەوروبەریم هەموو پاک کردەوە و پەڕۆیەکەم فڕێ دا، تاوەکو گەیشتمە ماڵی خاڵم خەریک بوو بانگی ئەدا، بە پەلە کفتەکەم

دایە دەستیان لەگەڵ ناوساجییەکان و ڕام کرد هەرچەند بانگیان کردم:

- کوڕە ڕۆڵە وەرە دابنیشە، وەرە لەگەڵمان نان بخۆ...

بەڵام من گویم نەدانێ و ڕام کرد و گەڕامەوە ماڵی خۆمان. دوایی خاڵم بە دایکمی گوتبوو:

- ئەرێ فەیمە ئەوە چ کفتەیەک بوو ئەتگوت بە ئاوی بەلوعە لێت ناوە، قەت ئەوە لە کفتەی تۆ نەئەچوو، نە تامی هەبوو نە ئاوی هەبوو.

جەماعەت دیسان کەوتنەوە پێکەنین بە کاکە خولە و کەوتنی و کفتەکەی.

جینی جار بە جار بەلایاندا دەهات و دەچوو، تێدەپەڕیی بۆ ئیشی خۆی، هەر ئاوڕیشی لێ نەدەدانەوە و ئەو هەموو قسەگێڕانەوە و پێکەنینە بە لایەوە هیچ بوو، ڕەنگە لە دڵیشیدا بە ئیشێکی بێمەعنا و قرەقرێکی نابەجێی زانیبێت، لای ئەمانیش ئەو قسە و باسانە ئەوەندە خۆش بوو، کە هەموویان بەم لاو ئەولادا دەکەوتن لەبەر پێکەنین.

لەبەر ئەوەی مەسەلەکە گوتەنی (ئەمان لە دۆڵێکدا و ئەوان لە دۆڵێکی تردا بوون)، بیرکردنەوە و خەیاڵ و ڕەفتار و کردەوەی ئەم و ئەوان هەزاران میل دەریا و بیابانی بەین بوو، بە قەد دووری وڵاتی هەردوو لا لەیەک، ئەوەندە بیرکردنەوە و مێشکیان لە یەک دوور و جیاواز بوو.

هەرچەندە جینی فێری هەندێک قسەی کوردی بووبوو، بەڵام لای ئەو دە ئەوەندەش فێر بووبوایە هەر بە دادیدا نەدەگەیشت و تەم و تاریکی و دڵ و دەروونی ڕوون نەدەکردەوە، منداڵەکانی حەسەن خەریک بوون بە باشی فێری کوردی دەبوون، ئەویش چونکە زۆربەی کات لەگەڵ سەرگوڵی پوورە مەنیج بوون و ئەو دەیگێڕان و دەیهێنان و دەیبردن.

وچانی مەکتەب دەستی پێ کرد، جینی خۆی ئامادە کردبوو لەگەڵ مێرد و منداڵەکانی بچن بۆ لەندەن، هەروەها پەخشانیش لەگەڵ خۆیاندا بەرن.

ڕۆژی سەفەر کەوتنە ڕێ بەرەو بەغدا، بە خۆیان و باوک و دایکیانەوە لە بەغدا، جینی دەست و دیاری کڕیبوو بۆ دایک و خوشک و خزمەکانی، دڵی لە خۆشییاندا وا کرابووەوە و پێدەکەنیی، دەتگوت ئەوە هەر ئەو نییە و کەسێکی تر هاتووەتە شوێنی. ئەو ئەوەندە دڵی خۆش بوو، چونکە دەگەڕێتەوە وڵاتی خۆی، تا وای لێ هاتبوو ئاتە خان لە ژێرەوە دەست بدات بە یەکدا و بڵێت:

- پەنا بە خوا بزانە لە خۆشییاندا چۆن گۆڕاوە، ئەوە بۆ ئەوسا لە شار هەر ڕۆژێکیش نەمان دیت وا دڵخۆش و ڕووخۆش بێت، هەمیشە مات و مەلوول بوو، دەتگوت دیلە و لە بەندیخانە قایم کراوە و هاتووەتە ناو خەڵکی کێوی و پیاوخۆر، ئەوەندەی سڵ لێ ئەکردینەوە و ئەوەندە بە نابەدڵ ڕەفتاری ئەکرد و ئەجووڵایەوە.

پەخشانیش خۆی ئامادە کردبوو دایکی زوو زوو دەستی دەکردە ملی و ئامۆژگاریی دەکرد کە:

- ئەوێ ساردە و هەمیشە بارانە ئاگات لە خۆت بێت، قەت و هیچ کات لە حەسەن و جنە جیا نەبیتەوە. ئەڵێن لە لەندەن خەڵک زوو زوو ون ئەبن، بە تەنیا سواری تەکسی نەبیت، ئەمە دنیایە لە بازاڕ و شوێنان لە یەک ون بوون لە شوێنی خۆت نەجووڵێیت و هەر لەوێ ڕاوەستە تاوەکو ئەگەڕێنەوە بۆ لات، بەڵام ئەگەر لە شوێنی خۆت بجووڵێیت و بڵێیت با بچم بۆیان بگەڕێم، ئەوە ئیتر هەر یەک جارە و گوم ئەبیت و هەر یەکتر نادۆزنەوە، هەمیشە ژمارەی تەلەفۆنەکەیان و ئەدرەسیماڵەکەیان با لە جانتاکەتدا بێت. لە خەڵک نەپرسیت بڵێیت گوم بووم، تەنیا لە پۆلیس بپرسە.

پەخشانیش هەر سەری بۆ ڕادەوەشاند و دەیگوت:

- ئێ دایە گیان باشە بەسەرچاو، ئەرێ ئەزانم ئاوا ئەکەم ئەی چۆن!

لە دڵیشیدا هەندێک دەترسا لە سواربوونی فڕۆکە، چونکە ئەمە یەکەم جاری بوو لە ژیانیدا کە سوار ببێت، بەڵام خۆی زۆر دڵخۆش پیشان دەدا و ترسەکەی هەر لە دڵ و دەروونیدا شاردبووەوە و پێی شەرم بوو باسی بکات. بەتایبەت لەبەر جینی، نەوەکو لە دڵی خۆیدا گاڵتەی پێ بکات.

لەبەر ئەوە پەخشان خۆی ئامادە کردبوو، جلی جوانی لەبەر کردبوو و کەوتبووە ناو جانتا و کەلوپەلەکانی ئەمی دەکردەوە و ئەمی دادەخستەوە و شتی لەم دەردەهێنا و دەیخستە ناو ئەوی دیکەوە، جانتای دەستەکەی دەپشکنی و دوایی دایدەخستەوە، هەر وەک ئەوە وا بوو کە شپرزەی ئەم سەفەرە بوو، دەیویست سەری خۆی قاڵ بکات تاوەکو دیار نەبێت.

ئاخری چوونە فڕۆکەخانەکە، کەلوپەل و جانتاکانیان کێشرا، ڕەوانەی ناو بار کرا و ئاتە خان شپرزە بووبوو، لەبەر دوعاکردن و فووکردن ئاگای لە هیچی دیکە نەمابوو، ڕێبوارەکان بانگ دەکران کە بێن سوار بن، ئاتە خان تۆزێک گریا و منداڵەکانی ماچ کرد و سەروگوێلاکی حەسەنی کوڕی بۆن و ماچ کرد، کە گەیشتە سەر جینی ئەویشی ماچ کرد و گوتی:

- بڕۆ دایکەکەم خواتان لەگەڵ بێت، هەواڵی دایک و خوشکت بپرسە و سەلامیان لێ بکە، لەجیاتی من زۆر سەلامی منیان پێ بگەیەنە، تو خوا ئاگات لە خۆت و لە سۆزان و ئالان بێت و چاوێکیشت لە پەخشان بێت.

جینی بێ ئەوەی تێبگات خەسووی باسی چی دەکات بە ئینگلیزی گوتی:

- ۆکەی ۆکەی...

ئاتە خان دەستی کردە ملی پەخشان و بە قورگێکی گیراوەوە گوتی:

- بڕۆ لە پەنای خوادا بیت، ئاگات لە خۆت بێت، کە گەیشتیتە جێ تەلەفۆنم بۆ بکەن.

لە ناو فڕۆکەکەدا هەر کەسە و شوێنی خۆی پیشان درا و هەموو دانیشتن و دامەزران. حەسەن و ژنەکەی و کوڕەکەی بە تەنیشت یەکەوە، سۆزان و پەخشانیش بە تەنیشت یەکەوە، پەخشان سەیرێکی دەوروپشتی خۆی کرد و سامی ڕەوییەوە و لە دڵی خۆیدا گوتی:

- وەڵڵا خۆ تەیارە زۆر خۆشە ئەوە نییە! ئەیەڕۆ من بۆ وا ئەترسم؟

***

فڕۆکەکە گرمەگرمی دەست پێ کرد و زەنگێکی بچووکی لێ دا و هەر کەسە لە بەردەمیدا نووسرا: پشتێن ببەستە، جگەرە مەکێشە. چرقە چرقی پشتێنبەستن دەستی پێ کرد. پەخشانیش خەریک بوو لە ژێرەوە سەیری دەستی ئەوانی تری دەکرد کە چۆن دەبێت بیبەستن و یەک-دوو جار پشتێنەکەی هێنا و برد و نەیزانی چۆن هەردوو سەرەکە دەخرێتە ناو یەک. دوایی زانیی بە براوەییەکەوە پشتێنەکەی بەست و پاڵی دایەوە، هەر وەک ئەوەی زۆری پێخۆش بووبێت، خۆی زانی بیکات و ناچار نەبوو لە کەس بپرسێت.

فڕۆکەکە جووڵەی دەست پێ کرد و لەسەر خۆ کەوتە ڕێ، لەو کاتەدا دوو کچی میواندار لەم سەر و ئەوسەری فڕۆکەکەدا ڕاوەستان و ڕوویان کردە ڕێبوارەکان و دەستیان کرد بە ئامۆژگاری و بە دەست کەوتنە ئاماژەی پێشەوە و دواوە، بەدەم قسەکردنەوە دواییش دەستیان درێژ کرد بۆ ئەم بەر و ئەو بەری فڕۆکەکە کە لەم شوێنانەوە دەرگا هەن و ئەگەر مەترسییەک ڕووی دا ڕێبوارەکان لەوێوە ڕابکەنە دەرەوە؛ هەروەها دەستیان برد و یەکی کیسەیەکی دەرهێنا و هەندێک وایەریان پیشان دان، شتێکی تووڕەکەیەکی پێوە بوو، ئیشارەتی بەردەم و ژێرسەری ڕێبوارەکانیان کرد کە لە کاتی

پێویستدا هەوای پاک نامێنێت بۆ هەناسەدان. ئەم وایەرە بەو شوێنەوە بنێن ئیتر ئۆکسجینتان بۆ دێت و ناخنکێن؛ هەروەها ئاماژەی ژێر کورسییەکانیشیان کرد و گوتیان لە کاتی پێویستی و مەترسیدا چاکەتی ڕزگاربوون هەیە لەوێ، بیکەنە بەرتان و ئاوەها فووی تێدەکەن بۆ ئەوەی کاتێک ڕاتان کردە دەرەوە و لە بەرزییەوە کەوتن، ئەوەندە ئازارتان نەبێت؛ هەروەها ئەگەر کەوتنە ناو ئاو و دەریاشەوە ئەو چاکەتە فووتێکراوانە سەرئاوتان دەخات و ناهێڵێت نوقم ببن، تاوەکو ڕزگارتان دەکەن.

ئەگەرچی کچە میواندارەکان ئەو قسەیەیان بە ئاشکرا نەدەکرد، کە نەبادا ڕێبوارەکان بترسن، بەڵام لەڕاستیدا نیازیان لەو جۆرە ڕووداوانە بوو، بە شێوەیەکی هەندێک ڕازاوەتر ڕێبوارەکانیان تێدەگەیاند، هەر وەک بڵێن ئەمە ئاوەهایە و ئەوە... ئیتر نە ئێمە دەنگ و نە ئێوە دەنگ. پەخشان بەو قسانە و ئاماژانە هەندێک حەپەسا، ئەگەرچی باش لە هەمووشی نەگەیشت، بەڵام سڵەمییەوە و کەوتە گێژاوەوە و لە دڵی خۆیدا گوتی:

- وای باوکە گیان ئەمە شتێک هەیە بۆیە وا ئەڵێن. ئەی بۆچی کە خەڵک سواری شتی تر ئەبن وایان پێ ناڵێن!

حەسەنی برای لە کورسییەکەی پشتەوە دەستێکی بۆ درێژ کرد و بە ڕوویەکی خۆشەوە گوتی:

- ها پەخشان لە چیایت؟ فڕۆکە خۆشە؟

پەخشان بە هەندێک کزییەوە گوتی:

- ئەرێ وەڵا زۆر خۆشە، بەڵام زۆر باش تێنەگەیشتم ئەم دوو کچە باسی چییان ئەکرد؟

حەسەن پێکەنیی و گوتی:

- ئەم ئامۆژگارییانە عادەتە. بۆ ئەوەی ڕێبوارەکان دڵنیا بکەن، بەڵام گوێی مەدەرێ و مەترسە لەو قسانە، فڕۆکە زۆر دڵنیا (ئەمین)ترە لە ئۆتۆمبێل.

حەسـەن بە زەردەخەنەوە قسـەی تەواو کـرد و لەوە دەچـوو بیەوێت خوشکی دڵنیا بکات و ترسەکەی بڕەوێنێتەوە، گوتی:

- تۆ ئەزانیت ڕۆژانە چەندەها ئۆتۆمبێل لەم دونیایەدا بەر یەک ئەکەون و وەردەگەڕێن و خەڵکی تیادا ئەمرن، یان شـەل و کـوێر و گـۆج ئەبـن. ڕووداوی ئۆتۆمبێـل هەر لە ژمـاردن نـایەت، بەڵام ئەوەیە کەس ڕووداوی ئۆتۆمبێل بـاس ناکـات، چـــونکە ئەوەنـــدە زۆرە، بەڵام ئەگەر ســـاڵێک دوو ســـاڵ فڕۆکەیەک خوانەکردە شتێکی لێ بێت، هەموو دەنگ و باس و ڕادیـۆ و تەلەفزیـۆن و غەزەتە باسـی ئەکـات. لەبەر ئەوە گیانە، فڕۆکە زۆر ئەمین و چاک و خۆشە.

هێشـــتا فـــڕۆکەکە لەســـەر ئەرز بـــوو، وردە وردە دەڕۆیشـــت، پەخشان هەندێک دڵنیا بوو بە قسەکانی کاکی و دڵی کرایەوە. هەندێک جـار لە پەنـجەرەکەوە سـەیری دەرەوە و فڕۆکەخـانەکەی دەکـرد و هەندێک جاریش سەیری خەڵکەکەی ناو فڕۆکەکەی دەکرد.

سۆزانی برازای هەردوو پەنجەی خسـتە گوێچکەی خۆیەوە و بە پێکەنینەوە ڕووی کردە پەخشان و گوتی:

- ئێستا گوێچکەمان کەڕ ئەبێت.

فـڕۆکە لەو کـاتەدا گـووڕی دایە بەر خـۆی و ئەم جـارە زۆر بە قایمی ڕۆیشت و لەپڕ لوتی کردە ئاسمان و بەرز بووەوە.

پەخشان لە دڵی خۆیدا گوتی:

- یا رسول الله خوایە ئاگات لێمان بێت...

تـاوەکو ئەو لە دوعاکـانی بـووەوە سـەیری کـرد، خـۆ ئەوەتـا ئۆتۆمبێل و خانوو ئاوەدانی وەکو یاری منداڵانی لێ دەهات ئەوەندە بچکۆلە بـوون و وردە وردە فـڕۆکە هەر بەرزتـر دەبـووەوە، تـاوەکو وای لـێ هـات ڕێـگە و شـەقامەکان وەک خەتـی درێژیـان لـێ هـات. ئۆتۆمبێلیش لەسەر ئەرز وەکو قالۆنچە. باخەکان وەک پارچە چیمەنی بچووک، بیناکان وەک قتووە شقارتە.

پەخشان گوێچکەی خۆی گرت و گوتی:

- وەڵا سۆزان ڕاستی کرد خۆ کەڕ و کاس بووم.

دوای ماوەیەکی کەم هەمان زەنگی بچکۆلە لێی دایەوە، ئاماژە و چرای پشتێنبەستن کوژایەوە و پێش ئەوەش ئاماژەی جگەرەنەکێشان کوژابووەوە. چەقەچەقی پشتێنکردنەوە دەستی پێ کرد و غەڵبەغەڵب کەوتە نـاو ڕێبوارەکـان، هەنـدێک هەسـتان و بەرەو توالێـت چـوون، هەندێک منداڵەکانیان بردە ئەوێ. میواندارەکانیش سەریان قاڵ بوو کەوتـنە عەرەبـانە و سـینی حـازرکردن، بـۆ ئەوەی نـان بـدەن بە ڕێبوارەکان.

ئەوەندەشـی پـێ نەچـوو بـۆنی قـاوە و چـا بـڵاو بـووەوە، هەر ڕێبـوارە سـینی و خـواردن و خـواردنەوەی خـۆی درایە دەسـت و ئەویـش بـۆ خـۆی خسـتییە سـەر مێـزە بچکـۆلەکەی کە بە پشـتی کورسییەکەی بەردەمیەوە نووسابوو.

فـڕۆکە بە تەواوی بەرز بووبـووە و ڕاسـت و خـۆش و بێجـووڵە دەڕۆیشـت و ئەو هەمـوو ئەرز و بیابـان و دەریـا و شـاخوداخەی لە ژێـر خۆیـدا بەجـێ هێشـت و بەسـەریدا تێـدەپەڕیی. بـۆ خـۆی وا دەڕۆیشت دەتگوت تەیر و بەفڕندەیە هەردوو باڵی بڵاو کردبووەوە. لوتکەی پەڵە هەوری تێک ئەشێلا و تیژ بە ناویدا تێدەپەڕیی، دەتگوت دڵـی خۆشـە کە وا لەم بەرزییە هەزاربەهەزارە سەربەسـتە و ڕزگـار بـووە لە قـڕە و قەرەبـاڵغی و بێگـاریی ئەو خەڵـکەی سـەر ئەرز و دەیەوێت تاوەکو بۆی بکرێت ئەو بارە بە بەها و بەقیمەتەی کە لە ناو سکیدا دانیشـتوون، بپارێزێت و بە سـەلامەتی و دڵنیـایی بیـانگەیەنێتە شوێنی خۆیان، هەر وەک ئەوان ژیانی خۆیانیان داوەتە دەستی و بە دڵنیاییەوە هاتوونەتە ناوی، دانیشتوون و بێدەسەڵات و دەبێت ئەویش تـاوەکو پێی بکرێت بیانپارێزێت و پڕ بڕوا و ئارامیـان بکـات و گـوێ نەداتە ئەو ئەزێت و قورسـاییەی کە هەڵیگرتووە. پەخشـان دڵـی زۆر خۆش بووبوو، زوو زوو لە دڵی خۆیدا دەیگوت:

- هەی ئـــافەرین بـــۆ ئەو ئەقـــڵ و مێشـــکەی ئەم فـــڕۆکەیەی دروست کردووە، ئەمە چ بلیمەتێک بووە! هەی ڕووی دایک و بـاوکی سـپی بێـت، خـۆزگە پـێم بکـرایە هەمـوو خۆشـی و خۆشەویســتی و سەرســووڕمانی خــۆمم بــۆ ئەو کەســانە دەرببڕیــایە کە ئەم شــتە چاکەیــان بــۆ ئینســان دروســت کردووە.

ســـۆزان و پـــووری کەوتـــنە گـــاڵتە و یـــاری لەگەڵ یەک بە دانیشتنەوە، هەندێک جار سەیری ڕۆژنامە و گۆڤاری ناو فڕۆکەکەیان دەکـرد، هەنـدێک جـاریش دەکەوتـنە قسـەوباس و پێکەنـین. هەروەهـا ئەوانـیش هەسـتابوون و چووبـوون بـۆ توالێـت و دەسـتوپل شـتن و گەڕابوونەوە بۆ خۆیان لە ژێرەوە بە پیرەژنێک پێدەکەنین کە ئەوەندە پیر بـوو، لـوتی گەیشـتبووە سـەر ئەژنـۆی، کەچـی سـوورا و سـپیاو و کل و کلتووری دنیاشی دابوو لە دەموچاوی.

لەو کـــاتی پێکەنـــین و خۆشـــییە فـــڕۆکەکە هەنـــدێک کەوتە جووڵەجـووڵ، وەک هەڵـتەک پەخشـان بێـدەنگ بـوو، دڵـی داخورپـا و ســەیری دەوروپشــتی خــۆی کــرد، لە دڵــی خۆیــدا کەوتە "ئــایەتول کورســـی" خوێنـــدن، کە ئەوەندەشـــی پـــێ نەچـــوو زەنگـــی بەردەم ڕێبوارەکان داگیرسا کەوا پشتێن ببەستن، چونکە هەوا لەم نـاوچەیەدا باش نییە.

چەقەچەقی پشتێنبەستن دەستی پێ کرد، پەخشانیش بە دەستێکی تەزیوی لەرزۆک پشتێنەکەی بەست و چاوی زەق بوو، لێوی وشک و سەیری دەوروبەری خۆی کرد.

سـۆزانی بـرازای پشـتێنەکەی بەسـت و بە پێکەنـین و خۆشـییەوە ڕووی کردە پووری و گوتی:

- من ئیتر بۆ خۆم ئەنووم.

سـۆزان بە دانیشـتنەوە پاڵی دایەوە و ملـی خـوار کـردەوە و هەر زوو بۆ خۆی خەوی لێ کەوت.

فڕۆکەکەش تا دەهات هەڵتەک هەڵتەکی زیاتر دەبوو، دوایش یەکێک بە مایکرۆفۆنی ناو فڕۆکەکە بە دەنگی بەرز گوتی:

- ئێستا ئێمە بە ناوچەیەکی شاخاویدا تێدەپەڕین، لەوێ هەندێک هەوا خراپە، بۆیە تکایە پشتێنەکانتان ببەستنەوە.

حەسەن کە لەگەڵ ژنەکەی خەریکی قسەی خۆش و پێکەنین و دەست لەناودەست بوون، کوڕەکەشیان لە تەنیشتیانەوە نووستبوو، وا دەردەکەوت هەندێکیش خواردبوویەوە، زۆر بە خۆشی و ڕوویەکی گەشاوەوە سەری لە پەخشانی خوشکی هێنایە پێشەوە و گوتی:

- ها پەشە گیان دونیا چۆنە لە لات، خۆ بێتاقەت نەبوویت؟

پەخشان بە خۆشی و زەردەخەنەی دەستکردەوە گوتی:

- ئەرێ وەڵا کاکە گیان فڕۆکە زۆر خۆشە ئەڵێیت لە ژوورەوە دانیشتووم، بەڵام نازانم ئێستا بۆچی دەستی کرد بەم هەڵتەک هەڵتەکە.

براکەی بە شەوقەوە گوتی:

- ئەوە هیچ نییە هەواکە لە هەندێک شوێن ساردە و لە هەندێک شوێن گەرم، لەبەر ئەوە وەکو تاسەی ئۆتۆمبێل کە ڕێگەکە ناڕێک دەبێت، ئەمیش وایە لەبەر تاسەی گەرمی و ساردیی هەوا وا ئەکات.

پەخشان وای لە خۆی کرد کە تێگەیشت و باش بوو دڵنیا بوو بەڵام لە دڵی خۆیدا گوتی:

- وەڵڵا کاکە گیان هیچ لە قسەکانت تێنەگەیشتم، تاسەی چی و چاڵوچۆڵیی چی لەم ئاسمانە بەرزەوە! پەنا بەخوا ئیتر خوا ڕەحم بکات.

ئاخری فڕۆکەکە گەیشتە سەر ئاسمانی لەندەن. ڕێبوار هەموو کەوتبوونە خۆیان، ئەوی جانتا و کیسەی پێچایەوە و ئەوی منساڵی بەخەبەر کردبووە، کە هەستێت و لە پەنجەرەوە سەیر بکات وا فڕۆکە

دادەبەزێت، هەموو گەشابوونەوە، لە خۆشیی گەیشتنەجێ، بەتایبەتی کە ئەوەندە چەند سەعات بوو، لە ناو ئەو شوێنە تەسکەدا دەقیان گرتبوو.

فرۆکە گەیشتە سەر ئەرز و دابەزی و دەستی کرد بە گرموهوڕ و هەلایەکی زۆر بەرز هەر وەک بڵێت:

- جەماعەت سەفەر سەلامەت، ئەوا ئێوەم گەیاندە شوێنی خۆتان بە سەلامتی. دە ئیتر بڕۆن دابەزن و لە کۆڵم ببنەوە، جینی گەشابووەوە و هەژدەهەژدە کەوتبووە قسە و ئامۆژگاری و تەگبیر لەگەڵ حەسەن.

پەخشان هێشتا دانەبەزیبوو خەمی گەڕانەوەی لێهاتبوو، لە دڵی خۆیدا شایەتمانی دەهێنا و دەیگوت:

- یارەبی ئەوەی ئەم فرۆکەیەی دروست کردووە هەر بژیی، بەڕاستی ئەمە کارێکی ئێجگار گرنگە، تۆ وەرە بە چوار پێنج سەعات لە بەغداوە بگەیتە لەندەن. ئەگەرچی زۆریش ترسام، بەڵام وا بزانم هیی ئەوەیە یەکەم جارم بوو.

ڕێبواران هەموو کەوتنە یەک و هاتنە دەرەوە و بە دالان و ڕاڕەودا تێدەپەڕین و دوای پاسپۆرت سەیرکردن و کەلوپەل وەرگرتن چوونە دەرەوە و لەوێ هەر کەسە بە جۆرێک چووەوە بەپێی کاری خۆیەوە. ئەوەی خەڵک هاتبوون بە شوێنیاندا، ئەوە خزم و کەسوکار و دەستلەملان دەستی پێ کرد و ئەوەی هەر ملی ڕێگەی دەگرت و هەر خۆی دەچوو سواری شتێک بێت، خوشکی جینی و دایکی چاوەڕێیان دەکردن، لەو شوێنە جینی خۆی بۆ هەڵدان و باوەشیان کرد بە یەکدا، هەروەها لەگەڵ حەسەن و منداڵەکانی، لەگەڵ پەخشانیش زۆر ڕووخۆش و گەرم بوون.

***

بە ئۆتۆمبێلێکی خوشکی جینی، لە دوای بەینێکی باش لێخوڕین گەیشتە بەردەمی باخچەیەکی خڕی سەرسووچی

شـەقامێکی گشـتی و ڕاوەسـتا، کە ڕیزێـک دوکـانی لـێ بـوو. وەک دەرمانخـــانە، ســـۆپەرمارکێت، دوکـــانی قەســـاب و نانەواخـــانە و شیرینیفرۆشێک. لە دوای ڕیزی دوکانەکان، پیپلگەیەکی ئاسنی تۆکمە هەبوو. هەموو بە سەریدا سەرکەوتن و چوونە سەری، هەیوانێکی درێژی سەرکراوە بوو، کە لایەکی دەیڕوانییە سەر شەقام و دەرەوە و لایەکەی تری بە ڕیزی دەرگـای شـوقە و فـلات بـوون، دیـار بـوو شوێنەکە سەری دوکانەکە بوو، دایکی جینی لە بەردەمی یەکێک لەو دەرگایـانەدا ڕاوەسـتا و کـردیەوە و هەموویـان چـوونە ژوورەوە، فلاتەکە بچکۆلە بوو، دوو ژووری نووستن و چێشتخانەیەکی بچووک کە هەر جێگەی دوو کەسی تیا دەبووەوە، هەروەها درێژ و باریک. ژوورێکـی دانیشـتن و لایەکـی مێزێکـی بچـووکی نـانخواردن بـوو، لە بەرانبەری ئەو ژوورەش تەوالێتێکی پێکەوەی لێ بوو، کە هەر جێگەی زەلامێکـی تیـا ئەبـوو، دوای پشـوودان و کەلـوپەل لەسـەر دانـان و دەســـت و دەموچاوشـــتن، هەمـــوو هـــاتن لە ژووری دانیشـــتن گردبوونەوە. کات نزیکی یەک و دووی نیوەڕۆ بوو. دونیا هەور بوو، نمە نمە بارانیش دەباری.

جینی پەخشانی بە دایک و خوشکی خۆی ناساندەوە و مەدحی کرد و گوتی:

- ئەمە زۆر کچی چاکە و زۆر یارمەتیی داوم.

ئەوانیش جارێکی تر "لافلی لافلی"یان بۆ کرد و خۆشیی خۆیان بۆ دەربڕی.

"سوو"ی خوشکی جینی هەستایە سەر پێ و خواحافیزیی لێ کردن و گوتی:

- من ئەبێت ئیتر بڕۆم لەبەر منداڵەکانم، تاوەکو بیانهێنمەوە لە مەکتەب.

پەخشان لە دڵی خۆیدا گوتی:

- ئەیەڕۆ لە کەیەوە لای ئێمە وچانی مەکتەب و هاوینی گەرما دەستی پێ کردووە. کەچی هێشتا لێرە مەکتەب هەیە و بارانیش دەبارێت و هەموو قاپووتی بارانیان لەبەردایە و چەتریشیان بەدەستەوەیە.

شەوێک پەخشان نەیتوانی بنوێت، چونکە جێگەی لێ گۆڕابوو، هەروەها دایکی جینییش لەبەر پرخوهوڕ نەیهێشتبوو چاوی بچێتە خەو، لەبەر بچووکیی پلاتەکە، ناچار لە ژووری "ڕیتا"ی دایکی جینی نووستبوو. حەسەن و ژن و منداڵەکانیشی لە ژوورەکەی تر. پەخشان هەر ئەمدیو و ئەودیوی دەکرد، لەبەر خۆشییەوە دەیگوت:

- بەیانی بە دزییەوە بە حەسەن دەڵێم، کە بەشکم چارەیەکم بۆ بدۆزێتەوە.

هەندێک جاریش دەیگوت:

- ئینجا حەسەن دەتوانێت چیم بۆ بکات، ماڵەکە هەر ئەوەیە، قابیلە ژوورەکە بە تەنیا بۆ من بێت و خاوەن ماڵەکە بچێت لە ژووری دانیشتن لەسەر قەنەفەکە بنوێت. ئەمە چ قسەیەکە!

جارێک دەکەوتە سەرزەنشتکردنی خۆی و لە دڵی خۆیدا دەیگوت:

- دە ئیتر هەر چۆنێک بێت بنوو و بتۆپە. خانم خەوی لێ ناکەوێت چونکە فێری ژوورە گەورە و بەرینەکەی خۆیەتی و وا ئەزانێت ئێرەش سلێمانییە، دە بەس بۆڵەبۆڵ و ئەمدیو و ئەویو بکە. لە کن خۆت هاتوویت بۆ سەیران و گەڕانی لەندەن. لەندەن خەڵک خەوی پێوە دەبینێت، ئینجا چییە با چەند شەوێک جێگەکەت بچووک و سەغڵەت بێت.

هەندێک جاریش لە سەرزەنشتکردنەکانی پەشیمان دەبووەوە. ئەم جارە بە ژێر لێوەوە دەیگوت:

- ئەی باوکە گیان، بە خوا ئەم پیرەژنە ناهێڵێت چاوم بچێتە خەو. ماڵەکەشی بۆنی شێی تەڕی بۆ سارد و کۆنی لێ دێت، وا بزانم بۆنی سەگەکەیەتی. ئەیەڕۆ چۆن هاتبووە کۆشییەوە و چۆن لەسەر قەنەفەکە نووستبوو. کە هاتینە ژوورەوە باش بوو شکور لەبەر ئەوەی هەندێک لێی ترسام وا بزانم جینییش پێی گوت کە ئێمە فێر نین و ناتوانین سەگ لە ناو قاچوقولماندا بێت. بۆیە دایکی تێگەیاند کە تاوەکو لێرەین سەگەکە بنێرێتە ماڵی کچەکەی.

پەخشان هەناسەیەکی هەڵکێشا و بە پاڵکەوتوویی لە دڵی خۆیدا گوتی:

- ئۆە ڕەبی جینی گیان خێرت بنووسێت. بە خوا ئێوارە نانەکەشم بە قێز و بێزەوە خوارد. وا ئەهاتە بەر چاوم کە مێز و کورسی و قاپ و قاچاخ و هەموو شتێکی ئەم ماڵە پڕە لە تووکی سەگەکە. ئەوە چۆن ئەو سەگە و خوشکی جینی و منداڵەکانیش دەمیان ئەخستە ناو دەمی ئەو سەگە و ماچیان ئەکرد و دەستیان ئەدا لەو دەموچاو و ئەو لوتە تەڕەی، وای دایە گیان چەند دڵم تێکەڵ دەهات! یاڕەبی بە قوربانی ئیسلام بم، کە دەمولوتی سەگی حەرام کردووە. خۆ سەگم خۆش دەوێت و بەزەییشم پێیدا دێت، بەڵام نە وا لە ناو قاچوقول و دەم و دەستمان بێن.

پەخشان خۆی هەڵگێڕایە سەر لایەکی تری و لەسەر گلەیی بۆڵەبۆڵە بێدەنگەکەی ڕۆیشت و گوتی:

- ئای خودایە چەند عادات و ڕەوشت و خۆمان لەگەڵ ئەمان جیاوازە. دە بزانە ئەوان وا ئەجووڵانەوە لەگەڵ ئەو سەگە و وا ڕەفتاریان لەگەڵ ئەکرد هەر وەک لەگەڵ کەسێکی زۆر خۆشەویستیان بێت. کەچی منیش نانەکەشم پێ نەخورا و وامئەزانی ماڵەکە گڵاو و پیسە، ئاخر جینیی فەقیریش بۆیە

لای ئـێمه ڕانـایەت. ڕەوشـتمان لەگەڵ یەک زۆر جیـاوازە و ئەرز و ئاسمانی فەرقە.
بەم بۆڵەبۆڵە وا ناچار ئاخری خەوی لێ کەوت.

دە ڕۆژێک دەبوو جەماعەت لە لەندەن بوون. پەخشـان چەند جارێک برابـووە نـاو لەنـدەن و سـواری شـەمەندەفەری سـەر ئەرز و ژێـر ئەرز کرابـوو. سـواری پـاس و تەکسـییە ڕەشــە تایبەتییەکـانی لەندەن کرابوو.

ئەو تەکسـییانەی وەک کـاتژمێرەکەی بینـگ بانـگ لە نیشـانە ناسراوە هەرە بەناوبانگەکانی لەندەن بوون.

پەخشان برابووە شەقامی بازرگانییە ناودارەکەی لەندەن.

جینـی هەر وەک ویسـتبووی حەق بـۆ پەخشــان بکـاتەوە و هەنــدێک پاداشــتی ئەو چاکــانەی و بەدەور هــاتنەوەی لە ســلێمانی بـــداتەوە و هەوڵـــی دەدا کە بە پەلە هەمـــوو شـــوێنە گرنـــگ و بەناوبانگەکانی لەندەن بگێڕێت، بەتایبەتی لە "ویتمنسنر" بردیە کۆشکی پەرلەمـانی ئینگلیـزی، کە کۆشـکێکی زۆر کـۆن و ئێجگـار جـوان و پـڕ هـــونەرە و لە دیـــمەنە سەرســـوورمانکەرەکانی دونیـــایە. لەگەڵ کـاتژمێرەکەی بینـگ بانـگ کە هەمـووی لەسـەر ڕووبـاری "تـیمس"ن، هەروەها جینی پەخشانی بردبووە بەر کۆشکی "پاک بنگ هەم پـالاس" کە شـوێنی ژیـانی "مەلیکە" و خێزانەکەیەتـی و کەوتـووەتە ناوەڕاسـتی لەندەن. لەوێ لە هەموو دیمەنێک خۆشتر ئەو کاتە بـوو کە عەسـکەرە جلســـوور و کڵاوڕەشــــە بەرزە کورکەکــــانی ئێشـــکگری بەردەمـــی کۆشـکەکە ئالۆگۆڕیـان پـێ دەکـرا. لە بەرچـاوی ئەو هەمـوو خەڵـک و ڕێبوارە، هەموو ڕادەوەستان و بە خۆشییەوە سەیریان دەکردن.

لەو کاتەدا، ئەو ئێوارەیە هەمـوو لە دەوری یەک کۆ بـوونەوە لە ماڵی دایکی جینی، پەخشان دیاری بۆ دایکی و ئەوان کڕیبوو، هەر زوو چووە ژوورەکەی و لێی دەنووست و خۆی بەر دایە سـەر جێگە

نووستنەکەی و بۆ جاری سێیەم پارچە قوماشەکانی کە بۆ دایکی کڕیبوو، بۆ کراس و پشتە کەوا و شتەکانی تریش هەمووی هەڵڕشتە سەر جێگە و سەیری کردنەوە و قەدی کردنەوە و هەڵی دەگرتن و دایدەنانەوە، لەوە دەچوو دڵتەنگی و بیرکردنی دایکی و ماڵی خۆیان بەوە بشارێتەوە و بەو هەموو گەڕان و کەیف و چوون و ڕابواردنە هەندێک جار دەچووە حەمامەکە دەگریا و زۆر جاریش لە دڵی خۆیدا دەیگوت:

- بە خوا جینیی فەقیر ناهەقی نەبوو، بزانە من هەمووی دە ڕۆژ نابێت هاتووم. کەچی چەند بیری دایکم ئەکەم. چەند بیری لای خۆمان ئەکەم. لە کن خۆم هاتووم بۆ ئەم لەندەنە خۆشە و عەجایبە، کەچی بیری شەقام و کۆڵانە خێچوخوار و تەپوتۆز و ڕەشابەیەکی خۆمان ئەکەم.

پەخشان دیارییەکانی دایکی و ماڵی خۆیانی جێگیر کرد، لە ناو جانتاکەیدا و گەڕایەوە لای براکەی و ئەوان، براکەی کزییەکی بە دەموچاوییەوە بینیی، بۆیە دەستی ڕاکێشا داینا لە لای و بە گەرمی و خۆشییەوە ڕووی تێکرد و گوتی:

- ئەی پەشە خان وەرە بزانم لە گەڕانی ئەمڕۆ کوێ و کوێت بەدڵ بوو.

پەخشان خۆی بە دڵخۆش پیشان دا و وەرامی براکەی دایەوە و گوتی:

- وەڵا لەو گەڕانانەی ئەم چەند ڕۆژە، هیچی بەقەد پێشەنگەی "مادام توسو" سەیرتر نەبوو! بە خوا بە خوا پۆلیسەکەی لەبەر پیپلکەکە ڕاوەستابوو، وام زانی پۆلیسی ڕاستە، کەچی "پەیکەری" پۆلیس بوو. بەڕاستی ئەو شوێنە شوێنێکی عاجباتی و سەرسووڕهێنەرە. ئەمە ئەم هەموو خەڵکە چۆن دروست کراون؟ هەر ئەڵێی ڕاستین!

حەسەنی برای دەستێکی خستە سەر شانی و گوتی:

- ئەی چۆن "مادام توسو" شوێنێکی جیهانی زۆر بەناوبانگە. ئەوە ئەو کەسانەی تۆ دیتن، هەموویان لە مۆم دروست کراون و هەر عەینی خۆیانن و بە ئەندازەی خۆیانن. یانی هەر قاڵبی ئەو کەسانەن.

پەخشان دەستی دا بە یەکدا و بە زەردەخەنەوە گوتی:

- خۆ نمایشگەری سینەماشی لێیە.

براکەی دەستی لەسەر شان لابرد و لەپی دەستی خۆی پان کردەوە و پەنجەکانی یەکە یەکە نووشتانەوە و گوتی:

- ئەی چۆن؟ مارلین مۆنرۆی لێیە، برچیت باردووی لێیە، سەرۆک وەزیری ئێرە "مسز تاتچەر"ی لێیە...

حەسەن ویستی ناو بژمێرێت. کە جینی بە پێکەنینەوە بە ئینگلیزی گوتی:

- ئەوە باسی چی دەکەن ناوی مارلین مۆنرۆ و برچیت باردووتان برد؟

حەسەن هەستایە سەر پێ و ڕووی کردە جینی و بە خۆشییەوە گوتی:

- ئەوە پەخشان باسی مادام تووسوو ئەکات و ئەڵێت زۆر ترس و خۆشیشە.

حەسەن سەیری دانیشتوانی کرد و گوتی:

- خۆتان کۆ بکەنەوە سبەی ئەبێت بڕۆین بۆ ماڵی سەرداری هاوڕێم. سێ ڕۆژە سەری کون کردووم، هەر تەلەفۆن ئەکات و ئەڵێت ئەبێت هەمووتان بێن شەوێکیش لە ماڵی ئێمە بنوون.

جینی هەڵی دایە و گوتی:

- ئۆە سەردار بەڕاستی ماڵێکی زۆر بەوەفا و دڵسۆزن، ژنەکەشی شەوێک تەلەفۆنی کرد و هەر عەینی قسەی کرد.

جینی لەسەر قسەکەی ڕۆیشت و گوتی:

- باشه زۆر پێی خۆشه، بەڵام لەویَ نانووین. بەیانی ئەچین و ئێواره یەینەوه.

حەسەن گوتی:

- ئاخر ماڵەکەیان زۆر دووره. ئێمه لەم سەری لەندەنین و ئەوان له خوارووی.

هەروەها دەیگوت:

- خانووی تازەی کڕیوه و زۆر گەوره و خۆشه، بۆیه حەز ئەکات ئەو لای ئەوان بنووین.

جینی گوتی:

- با جاریَ بڕۆین، ئەگەر زانیمان شوێنەکه و ماڵەکەیان وا نییه، شەویش بێت ئەگەڕێینەوه.

حەسەن له دڵی خۆیدا گوتی:

- ماڵەکەیان هەر چۆنێک بێت لەم ماڵه کۆنه سەگەی دایکت باشتره. ده تۆ بزانه تو خوا شوێن و ماڵ و جیَ ڕیَ ئەکات. هەر وەک ئێستا له کۆشکی سپی ئەمەریکا دابەزیوین.

پەخشان ڕووی نەهات لەبەر جینی و دایکی و ئەوان له کاکی بپرسێت:

- تو خوا کاکه ژنەکەی هاوڕێکەت کورده؟ یان ئینگلیزه؟

ئەگەرچی پەخشان ناوی سەرداری زۆر دەبیست له کاکی و ئاته خان و دایکی و ئەوان، بەتایبەتی که ماڵی باوکی سەردار دراوسێی ماڵی خوشکی ئاته خان بوون، بەڵام نەیدەزانی که ژنەکەی کورده یان نا، وەکو شتێک ئەو منداڵ بوو، هەقی ئەو جۆره دەنگ و باسەی نەبوو. سەردار دەمێک ساڵ بوو هاتبوو بۆ لەندەن، ئەو کاته حکومەتی عێراقی قوتابییه پێشکەوتووەکانی لەسەر حیسابی خۆی دەنارد بۆ لەندەن و شوێنی تر بۆ خوێندن. ئینجا لەو ساوه، سەردار لەگەڵ حەسەن پێکەوه هاتبوون و ئەوه بوو حەسەن خوێندنگەی تەواو کرد و گەڕایەوه، بەڵام سەردار هەر زوو وازی له خوێندن هێنا

و کەوتە ئیش و کاسبی و ماڵی باوکیشی تووشی تەگەرە کرد، بە دەست حکومەتەوە، چونکە وازی لە خوێندن هێنا. ئەوانیش پارەی مەسرەفەکەیان لە ماڵی باوکی سەندبوو.

ئیتر زیاتر لە دوازدە ساڵ بوو کە سەردار و ماڵ و منداڵی لە لەندەن دەژیان. ژنەکەشی خەڵکی سلێمانی بوو. خزمێکی دووری خۆی بوو.

***

بۆ سبەینێ حەسەن و ئەوان کەوتنە ڕێ بەرەو ماڵی سەرداری هاوڕێیان، ڕۆژی یەکشەممە، شەقام و ڕێگە و بان هەندێک چۆڵ و باش بوون. جینی لەبەردەمی بەنزینخانەیەکی زۆر گەورەی سەر ڕێگەکەیان ڕاوەستا و لەگەڵ حەسەن دابەزین، بەنزینیان خستە ئۆتۆمبێلەکەیانەوە، دوایش بە باوەشێک گوڵ و قتوو چوکلێت و شیرینییەوە گەڕانەوە لای خەڵکی ناو ئۆتۆمبێلەکەیان و دیار بوو ئەو شتانەشیان بۆ ماڵی سەردار کڕیبوو.

گەیشتنە ماڵەکە، سەردار و بەهار خانی ژنی و سێ منداڵەکەیان هاتن بە پیرییانەوە، دەست کرایە ملی یەکتر، ماچوموچ بەخێرهاتن و قسەی کوردی و ئینگلیزی تێکەڵ بوون، هەر لەبەر دەرگاوە پەخشان لە دڵی خۆیدا گوتی:

- ئۆخەی ماڵەکە کوردن چەند خۆشە، بزانە چەند بە گەرمی هاتن بە پیریمانەوە. بۆنی چێشت و خواردنی کوردی چەند خەڵک ڕا ئەکێشێت. ئەمە پازدە ڕۆژە زیاترە مردین ئەوەندە ساندویچ و ماکدۆناڵس و ماسی و پەتاتەی سوورەکراوەوە و ئەم جۆرە شتانەم خواردووە. چەند بیری برنج و بامێکەی خۆمان ئەکەم. هەر واش بوو، وەکو پەخشان ئارەزووی کردبوو، چونکە ماڵە کورد کە دەعوەتی کرد یەعنی ئەبێت بامێ و برنج گوڵی سفرە بێت. خۆ یاپراخ ئەوە هەر هیچ دەردی حەسەن گوتەنی: "کورد-یاپراخ... یاپراخ-کورد".

ئەو ڕۆژە هەموویان ڕۆژێکی خۆشیان بردە سەر. بەتایبەتی کە پەخشان دڵی زۆر کرابووەوە، هەر زۆریش بەهار خان چووە دڵییەوە و لەگەڵ یەک کەوتنە قسە و باس و کەوتە یارمەتیدانی و بردن و هێنانی قاپ و چا و میوە و لەو جۆرە کارانە.

ئێوارە لەبەر پاڕانەوەی بەهار و سەردار، پەخشان و براکەی لە ماڵی ئەوان مانەوە، بەڵام جینی و منداڵەکانی و دایکی، ئەوان گەڕانەوە ماڵی خۆیان. وەکو شتێک جینی دەیویست هەندێک بە سەربەستی قسە لەگەڵ دایکی و خوشکی بکات و تەکبیرێکیان لەگەڵ بکات. لە بابەت مانەوە یان گەڕانەوە لەگەڵ مێردەکەی بۆ وڵاتەکەی. هەرچەندە مێردەکەی زۆر خۆش ویست، بەڵام لە کانگای دڵیدا حەزی دەکرد ئەگەر مێردەکەی بتوانێت ڕازی بکات، کە بەشکم لە لەندەن بمێنێتەوە و لەوێ ئیش بکات و نەگەڕێتەوە وڵاتەکەی خۆی، چونکە ئەو هەرچەندی دەکرد نەیتوانی وا بکات کە بتوانێت لەوێ دەست بە خۆشی و بەختیاری بکات و هەمیشە چاو و هەست و هۆشی لای کەسوکار و وڵات و شارەکەی بوو. بۆیە ئەو شەوەی بە هەل زانی و لە خودای ویست کە هەر خۆیان بگەڕێنەوە ماڵەوە.

حەسەن و هاوڕێکەشی کەوتنە قسە و باسی وڵات و ئیش و کار. بەهار و پەخشانیش کەوتنە قسە و باسی خۆیان.

بەهار کەوتبووە باسی ژیانی لەندەن و بەسەرهاتەکانی و باسی بیرکردنی خزم و ئاشناکانی و دەستی کردبووە پرس و پرسیار لە پەخشان.

هەردووکیان لەو ڕۆژ و شەوەدا هۆگری یەک بوون. دەتگوت دەمێک ساڵە هاوڕێ و هاودەمی یەکترن. لەبەر ئەوە هەندێک جار هەردووکیان دەکەوتن بە گازی پشتدا لەبەر پێکەنین و هەندێک جار چاویان پڕ دەبوو لە فرمێسک و خەریک دەبوو بگرین، بەتایبەتی بەهار کاتێک باسی دایکی خۆی بۆ پەخشان دەگێڕایەوە، ئەو ساڵەی کە دایکی بە نەخۆشی هاتبووە ئێرە و چۆن دوای دوو مانگ

گەڕابووەوە. ئیتر بۆ خۆی ئەمری خوای کردبوو. بەهار دڵی وا پڕ بوو، دەتگوت خوا پەخشانی لە ئاسمانەوە بۆ ناردووەتە خوارەوە. تاوەکو داخی دڵی خۆی بۆ هەڵبڕێژێت.

بۆ بەیانی دوای چاخواردن، حەسەن لەگەڵ هاوڕێیەکی چوونە دەرەوە. پەخشان لەگەڵ بەهار مایەوە تاوەکو ئەو لە خەو هەستا، بەهار مناڵەکانیشی بردبوو بۆ مەکتەب و گەڕابووەوە. دانیشتبوون لەسەر سفرەی بەرچایی، پەخشان چایەکی لە دەستی بەهار وەرگرت و بە دڵ پێوەبوونێکەوە گوتی:

- یاخوا لەشت ساغ بێت. ئەوە مناڵەکانت برد بۆ مەکتەب. باشە شکوور ئەزانیت ئۆتۆمبێل لێ بخوڕیت؟

بەهار وەرامی دایەوە و گوتی:

- ئەرێ وەڵا شکور دەمێکە فێری ئۆتۆمبێل لێخوڕین بووم. کە تازە هاتبووم بۆ ئێرە لێرە زۆرم سەغەڵتی دی، بە دەست هاتوچۆ و بازاڕ و کیسە و توورەکەی خواردەمەنیهەڵگرتنەوە و مناڵ بردنە لای دکتۆر...

بەهار هەندێک مات بوو، لەسەر قسەکەی ڕۆیشت و گوتی:

- ئۆە... ئەگەر باسی خۆم و هاتنە لەندەنت بۆ بکەم. ئەوە هەر قەت تەواو نابێت، کە چیم دیوە و چەندم عەزێت کێشاوە لەم شارە و لەم غەریبی و دەربەدەرییە. کە هاتم سارا و سامان زۆر مناڵ بوون، چوار ساڵ و دوو ساڵ بوون، دوایی سرود لێرە لە دایک بوو، کە هاتم حاڵم زۆر شڕ بوو، چونکە ئەبوو من هەموو ئیشەکان بکەم. سەردار لەبەر ئیشەکەی نەیەتوانی هیچ یارمەتیم بدات، هەروەها خۆیشی زۆر کەمتەرخەم و تەنبەڵە بۆ ئەو جۆرە ئیشانە. لەبەر ئەوە هەموو ئیشەکان کەوتبووە سەر شانی منی بێچارە. بەتایبەتی کە فێری ئەو کارانە بووم خۆت دەزانیت لە وڵاتی خۆمان هەر ئەڵێیت ئاخ و سەد خزم و ئاشنا بەهاناتەوە دێن

و له دەورت کۆ ئەبنەوە، بەڵام لێرە کێ بە کێیە؟ ئەڵێیت چی قسمەت و نسیب. ئیشەکەمان کەوتە ئێرە و هەر ئەبوو بێم بۆ ئێرە. ئەگەرچی سەردار چونکە تاقانە بوو، هەر زوو دایکی خوا عافووی بکات، ژنی بۆ هێنا، خۆیشی هەر هێشتا منداڵ بوو. منیش هێشتا منداڵ بووم. بۆیە من هەر لە سلێمانی مامەوە لەگەڵ دوو منداڵەکەم، بەڵام چار نەبوو هەر ئەبوو بێم بۆ لای. ئینجا مەپرسە کە هاتم چەندم عەزێت دیت بە دەست ئەو دوو منداڵەوە. ئینجا بێزمان، لەوە زیاتر کە لە مەکتەب فێر بووبوو، دەردی دەڵێن: "زیس ئس ئە بووک" ئینجا بەو حاڵە و بەو بێزمانییە خۆمم فێری ئۆتۆمبێل لێخوڕین کرد و باش بوو شکور لە دوای عەزێتێکی زۆر لە تاقیکردنەوەدا (ئیمتیحان) دەرچووم و لەوساوە بە بێمنەت هەموو ئیشێکی خۆم و منداڵم ئەکەم.

پەخشان دیسانەوە خۆشەویستی و دڵپێوەبوونەکەی بۆ دەربڕی و گوتی:

- هەی ئافەرین یارەبی لەشت ساغ بێت. کەواتە تۆ زۆرت عەزێتت دیوە. لەوێش لای خۆمان ڕەنگە خەڵک بڵێن لە لەندەن ڕا دەبوێرێت و کەیف دەکات.

بەهار خان باسی جینیی براژنی لێ پرسیی، کە ئایا لای خۆمانی پێ خۆشە، ڕاهاتووە؟ چۆن ڕۆژگاری دەباتە سەر؟

پەخشان قسە و باسی بۆ کرد کە چۆن جینی هەر ڕانایەت، هەرچەندە زۆر بێدەنگ و بێ بۆڵەبۆلە، بەڵام هەر لێی تێدەگات کە دڵی خۆش نییە و هەمیشە کزی و مەلوولیی پێوە دیارە، پەخشان لەسەر قسەی ڕۆیشت و گوتی:

- من زۆرم خۆش دەوێت و ڕەنگە ئەو خۆشەویستییەم بەزەییشی تێکەڵ بێت. بۆیە هەموو جارێک ئەچم بە گژ ماڵی

خۆمان و ئەو کەسانەی سەری دەکەنە سەر، یان باسێکی بە خراپە دەکەن و یان لۆمە و سەرزەنشتی بکەن.
بەهار وەرامی دایەوە و گوتی:
- دە وایە بزانە من ئەم چەند ساڵە لێرەم و ئەژیم و ئێستە لە هەموو ڕوویەکەوە حاڵم باشە، کەچی هەر چاوم لە دووی وڵاتە.
بەهار خان یەک قاقای بەرزی لێ دا و خۆی خست بە گازی پشتدا و گوتی:
- تۆ ئەڵێیت چی، لە ناو لەندەن هەندێک جار تووشی ژنی عەبا بەسەر دەبم. کەچی دڵم وا ڕوون ئەبێتەوە کە زۆری ئەو عەبابەسەرانە سعودی و کوێتین و خەڵکی خلیجی پێپەتین کە وا ئێستا وایان لێ هاتووە و هەر وڵاتە ئەورووپییەک ئەچێت هاوینان هەمووی هەر عەبابەسەر و دشداشەلەبەرن، کارەکەر و خزمەتکاری فلیپینیی نەگبەت بە دواوە. بە قوربانی خوا بم، ئەو خلیجە بۆقخۆر و پێپەتییانە دنیایان خوارد. کەچی ئێمەی کوردی خاوەن ئەو هەموو وڵات و ئاو و نەوت و خێر و بەرەکەتەش ئاوەها بێبەشین و بەشخوراو و خاوەن هیچ نین.
بەهار دەستی دا بەیەکدا و گوتی:
- بە خوا کەرتەورچی دێزی وا ئەبینیت بە عەبا و پەچەوە کە هیی هەندێکیان ئەڵێیت دەڕەبایە و هیی خەڵکی دەوری بەردە و ئەو دەڕابە ڕەشانە بەسەر دەموچاویاندا هاتووەتە خوارەوە، بەخێرێ تاوەکو کەس ئەو دەموچاوە دێزە ناشرینەیان نەبینن. بۆنی گۆشت و ڕۆن و چەوری و کەبابیان لێ دەفڕێت. کەچی سواری "بنس"ی وا ئەبێت لە "بنس"ی وا دادەبەزێت خەڵک هەر ملی خوار دەبێت بۆی.
بەهار قاقایەکی تری لێ دا و ڕووی کردە پەخشان و گوتی:

- خەڵک بۆ مێرسیدێسەکەی ملی خوار ئەبێت نە بۆ ئەو ورچە دێزە ڕەزا گرانانە.

پەخشان دایە پڕمەی پێکەنین و گوتی:

- بڵێن چی، دەردی وەستا عەلی نمایشگەری کوردی گوتەنی: "ئیتر... ئیتر".

نزیک کاتی گەڕانەوەی منداڵان لە مەکتەب بەهار سەیری سەعاتەکەی دەستی خۆی کرد و گوتی:

- تاقەتت هەیە بێیت لەگەڵم، ئەچم مناڵەکانم دەهێنمەوە لە مەکتەب. تۆزێک پێش کات ئەبێت بڕۆم، تاوەکو شوێنێک بۆ ئۆتۆمبێلەکەم بدۆزمەوە، کاتی بەربوونی منداڵان ئەوەندە ئۆتۆمبێل ڕیز دەبن ئەمبەر و ئەوبەری شەقامەکە هەمووی هەر ئەگیرێت، زۆر بە زەحمەت شوێن بۆ ئۆتۆمبێل پەیدا دەکرێت.

پەخشان بە خۆشییەوە گوتی:

- ئەرێ وەڵا زۆر حەز ئەکەم بێم لەگەڵت. با مەکتەبی لەندەن و تەلەبەی لەندەنیش ببینم.

گەیشتنە بەردەمی مەکتەبەکە و هەر زوو شوێنێکی بۆ ئۆتۆمبێلەکەی دۆزییەوە و ڕای گرت.

بۆ خۆیان هاتنە دەرەوە و کەوتنە پیاسەکردن بەدەم قسە و باسەوە، هەروەها دایکەکانی تریش کۆمەڵ کۆمەڵ بۆ خۆیان ڕاوەستابوون و هەر کەسە لەگەڵ ئەوی تر کەوتبووە دەمەتەقێ. زۆری ژنەکان یەکی عەرەبانەی منداڵی تریشی پێ بوو. هیی وا هەبوو منداڵەکەی ئەوەندە ساوا بوو، دەتگوت هەفتەیەکە لە دایک بووە. دیمەنی ئەو منداڵە ساوایانە سەرنجی پەخشانی زۆر ڕاکێشا و بە سەرسوورمانەوە گوتی:

- وەیش ئەم ژنە بەستەزمانە هەر ئەڵێیت دوو ڕۆژە مناڵەکەی بووە، بزانە چەند پێوەی دیارە و ڕەنگیشی چەند زەردە و چەند مناڵیشە.

بەهار شارەزایانە وەرامی دایەوە و گوتی:

- ئەی چۆن تۆ وا ئەزانیت هەندێک لەم ژنە بەستەزمانانە وەکو لای خۆمان ئەکەوێتە ناو جێگەوە و حەڵوا و شیرینی دەرخوارد دەدەن و ئەڵێن زەیستانە و حەفتانە ئاهەنگی بۆ ئەکەن؟ لێرە ئاوەهایە، بە خوا لە سۆپەرمارکێتەکە ژنێکی منداڵکارم دی، ئەو ڕۆژە وا بزانم دوو ڕۆژ بوو لە خەستەخانەکە هاتبووە دەرێ و منداڵەکەی بووبوو. بەستەزمانە ناچار هاتبوو بۆ خۆی شتی خواردنی ماڵ بکڕێت؛ بەڵام باشە لێرە تێکڕا ئۆتۆمبێلی خۆیان هەیە. خەستەخانە و حکومەتیش زۆر یارمەتیی ژنی وا ئەدەن و هەموو خەستەخانە و دەرمانیان بەلاشە. هەروەها ئەو منداڵەش لەو ڕۆژەوەی ئەبێت لە دایک، هەفتانەی بۆ ئەردەچێت و شیر و ڤیتامینیشی دەدرێتێ بە بەلاش. هەر منداڵە ڕۆژی دوو بتڵ شیری تازەی پاکی هەیە. دیارە منداڵی وا بچووک شیر وا ناخواتەوە، لەجیاتی دایکی ئەیخواتەوە و زۆریی ژنە ئەورووپیی شیری خۆیان دەدەن بە منداڵیان. چونکە شیری دایک قازانجی هەیە بۆ منداڵەکە و بێمەسرەفیشە. ئاسان و پاکیشە.

هەندێک لەو ژنانەی هاتبوون بە دوا منداڵەکانیاندا، یەکی سەگێکی لە منداڵەکەی گەورەتر لەگەڵ بوو. کە قایش و پەتی لە ملدا بوو، سەری پەتەکەی بە عەرەبانەکەی منداڵەکەیەوە بەستبوو. پەخشان کە داخی سەگەکەی دایکی جینی لە دڵدا بوو، بۆیە گورج:

- ئەوە چییە دیارە ئینگلیز زۆریان حەز لە سەگە؟ چاوت لێیانە، چۆن ئەو سەگە گڵاوانە ماچ ئەکەن و دەست بە سەر دەم و لوتیاندا ئەهێنن. سەیرکە سەگی ئەو ژنە دەستی منداڵەکەی لستەوە، کەچی هەر هیچی نەکرد.

بەهار پێکەنیی و گوتی:

- ئەوە ئەگەر لە ڕێگە کەسێکت پێ گەیشت، کە سەگەکەی ئەبات بۆ پیاسە و تۆ دەستت لێ نەدا و یاریت لەگەڵ نەکرد، ئەوە واتا تۆ زۆر دڵڕەق و خراپیت و هەموو هەر خێسەت لێ دەکەن.

بەهار سەری ڕاوەشاند و گوتی:

- ئۆە حەواڵە بە خوا بن، ئەزانیت سەگ بردن بۆ پیاسە یەعنی چی؟ یەعنی لە ڕێگە و بان و سەرشەقام و سەر شۆستەکان پیسایی بکەن و خۆیان خاڵی بکەن بۆ ئەوەی ماڵی خاوەنەکانیان پیس نەکەن. ئەوەتا کە خەڵک لەسەر ئەم شۆستە و شەقامە ئەبێت بە چاکی وریای هەنگاو هەڵبنێت، تاوەکو پێی نەکەوێتە پیسایی سەگەوە. ئەمە وڵاتە مەدەنی و پێشکەوتووەکەیە و ئێمەش دواکەوتوو و کێوی و لادێین. گوایە لەچاو ئەواندا.

بەهار دەستی دا بەیەکدا و گوتی:

- بۆچی ئەم هەموو باخ و پارک و شوێنە خۆشە نازدارانە خێری لێ ئەبینیت لەبەر پیسایی سەگ؟ بەڵام هەر چۆنێک بێت لەندەن زۆر لە پاریس بووکی دنیا باشترە. لە پاریس ئەگەر ڕۆیشتنی بە پێ هەبێت، بە پێ ئەبێت چاوت هەر لەبەر پێی خۆت بێت. ئەبێت "بە زیک زاک" بڕۆیت بە ڕێوە. حکومەتیش ناوێرێت هیچ بڵێت لە ترسی ئەوەی دوایی کەس دەنگیان بۆ نادەن لە کاتی هەڵبژاردن و دەنگداندا. لەندەن تا ئەندازەیەک حکومەت قەدەغەی کردووە و لە هەموو کۆڵان و شەقامێک تابلۆی هەڵواسیوە، کە خاوەنی بگیرێت لە کاتێک سەگەکەی وا ئەکات، سزا دەدرێت و حەپس دەکرێت، بەڵام بۆچی گوێ ئەدەنێ؟ بە سەری تۆ لە ژێر تابلۆی قەدەغەکە ئەو کارە ئەکەن و تێدەپەڕن.

بەهار هەناسەیەکی هەڵڕشت و گوتی:

- ئـۆف داخـی ئەوانە لە دڵـی منـدایە. ڕۆژ نیـیە منداڵەکـانم نەگەڕێنەوە ماڵەوە و پێڵاوی یەکێکیان پیسیی سەگی پێوە نەبێت. دە یا ڕەبی مەدەنییەت و پێشکەوتنی وا دوای ببڕێت.

بەهـار دوایـی وەک ویسـتی باسـی چـاکەی ئەم وڵاتە و ئەو خەڵکـانەش بکـات بـۆیە قسـەکەی تەواو کـرد و بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی:

- بەڵام بە خـوا تـاوەکو بڵێیـت خەڵکـی لەنـدەن تێکـڕا هەمـوو ئینگلیز زۆر زۆر باش و میهرەبانن. دیارە لە هەموو شوێنێک چـاک و خـراپ هەیە، بەڵام بە خـوا لەم وڵاتە خەڵکـی چـاک هەر زۆر زۆرە، خەڵـک کفـر ئەکـات ئەگەر لە ئینگلیزێـک بپرسـیت: فـڵان گەڕەک، یـان فـڵان شـەقام لە کـوێیە؟ تـازە تەواو، بە چی بەرۆکت بەر ئەدەن، ئەمەندە پێت ئەڵێن ئەمەتـا لێرەوەیە؛ تەنیـا تـۆ بە دەسـتی چەپدا پێچ بکەرەوە و نـازانم چـی بـکە و چـی بـکە. تـاوەکو وای لـێ دێـت: باشـە بـاوکم، دایکم... زۆر سوپاس بەرۆکم بەر بە... ئەمە ئەگەر ئەو کەسە پەلەی بێـت و نەتوانێـت زۆر ڕابوەسـتێت. ئەگینـا شـوێنت ئەکەوێت تـاوەکو نەتگەیەنێتە ئەو شـوێنە وازت لـێ ناهێنێت. ئینگلیـز لە هەمـوو ئەورووپییەکـان باشـتر و میهرەبـانترن. ئەڵمانی و فەڕەنسی هەر زۆر وشک و عەبووس و بێڕەحمن. لە سەد کەس بپاڕێیتەوە و بڵێیت گوم بووم، فڵان شـوێن لە کوێیە، بۆڵەیەکیان لە دەم دێتە دەرەوە و پشـتت لـێ ئەکەن و ئەڕۆن گوێشت نـادەنێ و هەقیـان نییە ئەگەر خەڵک نەک ون بێـت، بگـرە ئـاویش بیبـات؛ بەڵام ئینگلیـز وا نـین، زۆر میهرەبانن. بۆ منداڵەکانیش زۆر باشـن، ئاوەهـا وەکو ئەبینیت لە تەمەنـی شـەش سـاڵەوە تـاوەکو دوازدە و سـەرووتریش ئاوەها ئەیانهێنن و ئەیان بەن و بەڕەڵایان ناکەن.

پەخشان بە دڵ پیۆەبوونێکەوە گوتی:

- ئەی بۆچی ئەڵێن ئەورووپی گوێ نادەنە منداڵەکانیان؟ ئەی ئەوە نییە ئەم هەموو دایکانە هاتوون لێرە ڕاوەستاون، خۆ ئەڵێیت بەردەمی ئەم مەکتەبە مزاهەرەیە، سەیری ئەو دوو ژنەی ئەوسەر بکە چۆن بە پەلە دێن، ئەو یەکەشیان سکی پڕە و ئەڵێیت مانگی خۆیەتی.

بەهار خان شارەزایانە وەرامی پەخشانی دایەوە و گوتی:

- چۆن گوێ نادەنە منداڵەکانیان؟ بە خوا بە هاوین و بە بەفر و سەهۆڵ ئەم بەردەرکی مەکتەبە هەر وایە، ئەوانەی دایکەکانیشیان نەخۆش بن، ئەو ڕۆژە یان لە ئیشێک بن، نەنک یان باپیر دێن بە دوایاندا، یاخود دراوسێکانیان.

بەهار بەدەم پیاسەکردنەوە چاوی گێڕا بە ناو دایک و کەس و قوتابییەکاندا کە ڕاوەستابوون. بە کۆمەڵ گوتی:

- پیرەژنێکی لێیە بزانم دیار نییە ئەمڕۆکە، پیشانت ئەدەم. ئەم پیرەژنە کڵۆڵە لە پارەوە ئەیبینم. تەمەنی ٧٠ ساڵ ئەبێت، بەیانیان لەگەڵ کوڕێک دێت تەمەنی هەر شەش ساڵ ئەبێت، عەرەبانەی منداڵەکانیشی پێیە و پاڵی پێوە ئەنێت، کوڕێکی دوو ساڵی تیایە، ئێوارانیش هەر عەینی شت دێتەوە بە دووی منداڵە قوتابییە شەشساڵانەکەیدا بە هەمان منداڵە بچووک و عەرەبانەکەیەوە کە دێت و ڕادەوەستێت. زۆر جار تاوەکو منداڵەکان دێنە دەرەوە، منداڵی ناو عەرەبانەکە تاقەتی ئەچێت و ئەیەوێت دابەزێت، ناچار نەنکە بێچارەکەی دایئەبەزێنێت، منداڵ دەست ئەکات بە ڕۆیشتن لە ناو حەوشی مەکتەبەکەدا بەم لاو لاودا. لە هەمووی سەیرتر ئەو منداڵە لەسەر نووکی پەنجەی پێی ئەڕوات بەڕێوە و ڕا دەکات وەکو سەماکەرەکانی "بالێ"، سوبحان الله نازانم ئەم منداڵە دوو ساڵە چۆن ناکەوێت و ئەم پیرە ژنە قوڕبەسەرەش بە دوایدا ڕا دەکات، مات و مەلوول. ڕەنگ زەرد و بێدەنگ قەت

نایبینم لەگەڵ کەس هەر دوو قسە بکات، زۆرم بەزەیی پێیدا دێتەوە، ماندووی و کەساسیی زۆر پێوە دیارە، جلەکانیشی ڕێکوپێکن و لەوە ئەچێت حاڵی باش بێت، بەڵام دیارە تەگەرەی هەیە، هەندێک جار ئەڵێم ڕەنگە ئەمە منداڵی کوڕی بن و ژنەکەی ڕۆیشتبێت، بەڵام لێرە وا نییە، منداڵ یەکسەر ئەدرێت بە دایک، مەگەر شوو بکاتەوە، یاخود ڕەوشت و خووی باش نەبێت، ئەوسا منداڵەکانی لێ ئەسێنرێن و ئەدرێن بە نەنک و باپیر، هەندێک جاریش ئەڵێم ڕەنگە منداڵی کچی بن و دایکیان ئیش بکات، ئەوەش وا نییە، چونکە لێرە ژن کە منداڵی زۆر بچووکی هەبێت، ئەبێت منداڵەکەی بەخێو بکات و حکومەت پارەکەی دەداتێ.

لەم کاتەدا منداڵەکان خەریک بوون وردە وردە دەهاتنە دەرەوە و بەر دەبوون، کە لە پڕ بەهار ڕووی کردە پەخشان و بە زەردەخەنەیەکی خۆشەوە گوتی:

- ها ئەوە پیرەژنەکە هات، سەیر بکە بەستەزمانە چۆن پاڵ بەو عەرەبانەیەوە ئەنێت و چۆن پەلەیەتی لە ترسان، کە نەوەکا منداڵەکان بەر بووبن.

ئاخری منداڵەکانی بەهار خان هاتن و سواری ئۆتۆمبێل بوون و هەموویان کەوتنە ڕێ. پەخشان بە گەرمییەوە ڕووی کردە بەهار و گوتی:

- هەی ئافەرین یا خوا لەشت ساغ بێت کە ئەم کارانە هەمووی هەر خۆت ئەیکەیت و ئەم هەموو کۆڵان و شەقام و پێچوپەنایە فێر بوویت. بە خوا من بم هەر گوم ئەبم، ئەمە چییە خۆ هەموو شەقام و کۆڵان و خانووی لەندەن هەر لە یەک ئەچن.

بەهار پێکەنیی و گوتی:

- ئاخر تۆ یەکەم جارتە ئەگەر چەند جارێک بێیت و بڕۆیت، تۆش فێر ئەبیت، ئەمە من بۆ ١٢ ساڵ ئەچێت کە دێم لە بەردەمی ئەم مەکتەبە ڕائەوەستم، لەم مەکتەبە لە تەمەنی ٥ ساڵییەوە تیایەتی تاوەکو ١٢ ساڵ کە ئیتر ئەبێت بڕۆن بۆ وەکو متەوستە و ناوەندی لای خۆمان، ئێستا ئەوەتا سارا لە مەکتەبێکی ترە ئەبێت بچین بە دوای ئەویشدا. ئەو دوو ساڵ ئەم مەکتەبەی جێ هێشتووە.

بەهار بەدەم لێخوڕینەوە گوتی:

- لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی لە بەردەمی ئەم مەکتەبەدا ڕاوەستاوم، بە سەدان خەڵک و منداڵ هاتوون و ڕۆیشتوون، چەندەها جارە گۆڕاون و منداڵەکان گەورە بوون. وەکو منداڵەکەی من و ئەو مەکتەبەیان جێ هێشتووە بۆ مەکتەبێکی تر. چەندەها پاییز و زستان و بەهار و هاوینم دیوە و تێمپەڕاندووە، لە بەردەمی ئەم قوتابخانەیەدا. زۆر سەیرە هەندێک جار تووشی ئەو مندالانە ئەبم، کە هاوتەمەن و هاوسنفی سارای کچم بوون و پێکەوە لێرە بوون و ئێستا کچی چوارده و شازده ساڵن و ماشەڵڵا نیوەژنن. ئەو ژنەی پێرار ئەهات و منداڵەکەی ئەهێنا بۆ مەکتەب و سکی پڕ بوو بە منداڵێکی تر. پار منداڵی سکەی خرایە عەرەبانەوە، ئیمساڵ وا دەستی دەگرێت و لەگەڵ خۆی دەیهێنێت.

چینێک دێتە پێشەوە و چینێک ئەکەوێتە دواوە و چینێک پێ ئەگەن و چینێک لە کار ئەکەون و چینێک لە دایک ئەبن و چینێک ئەمرن. ڕاستە کە ئەڵێن دنیا وەک چەرخ وایە و هەموو شتێکی وەک چەرخ وایە.

لەو هەموو ساڵەی لەبەر ئەم مەکتەبەدا ڕاوەستاوم و ئەم هەموو خەڵکەم دیوە و ئەو هەموو دایکانەم دیوە، زۆریان هەر

چارەشـــیانم بیـــر نەمـــاوە، بەڵام چەنـــد کەســـێکیان وا ســـەرنجیان ڕاکێشاوم کە قەت و هەرگیز لە بیرم ناچن.

پەخشان بە خۆشی و گەرمییەوە گوتی:

- تو خوا ئەگەر باسیانم بۆ نەکەیت. بزانم بۆچی وەکو ئەڵێیت بۆ وا سەرنجیان ڕاکێشاویت، کە هەرگیز بیرت نەچن.

بەهار دایە پڕمەی پێکەنین و گوتی:

- کەواتە بڵێ تاوەکو سبەینێ باسیانم بۆ بکە.

پەخشان وەک پاڕانەوە گوتی:

- تازە بە خوا چووە مێشکمەوە ئەگەر چەند ڕۆژی تریش لە لات ماوم و نەچوومەتەوە ماڵی دایکی جینی ئەبێت هەر بۆم باس بکەیت.

پەخشان لەسەر قسەی ڕۆیشت و گوتی:

- باشە مەکتەبەکەی سارا گیان دوورە لێرەوە؟

سرودی کوڕی بەهار پێش دایکی کەوت و گوتی:

- ئەریۆەڵڵا چارەکە سەعاتێکی تریش ناگەین.

بەهاری دایکی گوتی:

- ئەریۆەڵڵا ئەگەر ترافیک و قەرەباڵغی ئۆتۆمبێل وا بێت بە نیو سەعاتی تریش ناگەین. ئەگەر چی مەکتەبەکە خۆی زۆر نزیکە، بەڵام ئێواران کاتی بەربوونی هەموو مەکتەبەکان شەقامەکە ئاوای لێ دێت و ئەبێت ئاوەها لە هەندێک شوێن بچەقین، چونکە چاوت لێیەتی، لەگەڵی شوێنی پەڕینەوە ژنە پۆلیس ڕاوەستاون، ئۆتۆمبێلەکان ڕادەگرن تاوەکو مناڵەکان و دایکەکانیان تێئەپەڕن. لەبەر ئەوەی ئۆتۆمبێل زۆر و لەبەر بوونی تەلەبەکان ئینجا ڕێگە و بان وای لێ دێت.

بەهار لەپڕ وەکو قسەکەی پەخشانی بیر کەوتەوە کە گوتی: چەند ڕۆژی تریش دوا بکەوم لە لاتان هەر ئەبێت ئەو باسانەم بۆ بکەیت. بۆیە بە گەرمی ڕووی کردە پەخشان و گوتی:

- ئەوە گوتت چی چی؟ ئەوە بە ڕاستتە؟ سەیر ئەبێت من بهێڵم بـڕۆیتەوە، بە خـوا بە هەفتەیەکـی تـریش نـاهێڵم بـڕۆیتەوە. وەکو ئەڵێن من لە ئاسمان بۆت ئەگەڕام و لەسـەر ئەرز تۆم دۆزیـــیەوە، مـــن دونیـــام لە دوێنـــێ ئێـــوارەوە لـــێ ڕوون بووەتەوە. ئێستا هیچ ناکەم ئەهێڵم بڕۆیتەوە وا زووا!

دوو کوڕەکەشی لە پشتی ئۆتۆمبێلەکەوە هاتنە قسە و بە پەرۆش و وەک پاڕانەوە گوتیان:

- تـو خـوا بـاجی پەخشـان دایکـم ڕاسـت ئەکـات و نابێـت تـۆ بڕۆیتەوە.

پەخشان گوتی:

- خـۆ وەڵا منـیش لە دوێنێـوە ئەڵێیـت لە سـلێمانی و لە مـاڵی خۆمانم. ئەوەندە دڵم کراوەتەوە، بەڵام ئەگەر ئەو باسانەم بۆ نەکەیت ئەڕۆمەوە. ئێوارە ئەڕۆمەوە لەگەڵ کاکە حەسەن.

پێچی کردەوە ناو شەقامەکەی کە دەچێت بۆ بەرەو مەکتەبی سـارای کچی و گوتی:

- باشە بەسەرچاو، بە خـوا قسـەی زۆرت بـۆ ئەکەم، نە ئێسـتا، چـــونکە باســـەکان زۆر دوورودرێـــژن، شـــەو کە بۆخۆمـــان دانیشتین هەموویت بۆ ئەگێڕمەوە.

***

شـەو پەخشـان و بەهـار بە دیـار یەکەوە دانیشـتبوون بەرانـبەر تەلەڤزیـۆنەکە و یەکـی پیـاڵە چـایەکی لە بەردەمـی خۆیـدا دانـابوو. لە دوای ئەوەی حەسەن گەڕابووەوە لای جینیی ژنی و مـاڵی خەسـووی. منداڵەکانی بەهـاریش چووبـوون بنـوون. لەبەر زووهەسـتانی بەیـانیی مەکـتەب. بـۆیە بـۆ خۆیـان بە دڵنیـایی کەوتبـوونە قسـە و بەهـار بەڵێنەکەی خـۆی بـۆ هێنـابووە جـێ و کەوتبـووە باسـی ئەو دایکـانەی ســـەرنجیان ڕاکێشـــابوو. هەرگیـــز لە بیـــری نەدەچـــوونەوە، بەهـــار قوومێکی لە پیاڵە چایەکەی دا و گوتی:

- وا بزانم ئەگەر ئینسان بیەوێت هەر بۆ سەرسووڕمانیش ئەو چەشنە خەڵکانە لە بیر خۆی نەباتەوە و بگرە ئەگەر بۆشی بکرێت، بیانخاتە سەر کاغەز بۆ ئەوەی تێبگات کە چەند ڕەوشت و تەبیعەت و کردەوەی جۆراوجۆر هەیە لەم دونیایەدا، جا ئەمە من هەر لەم سنوورە بچووکەی ئەو مەکتەبە ئەوانەم دیوە. ئاخۆ لەم دونیا بەرین و گەورەیەدا چی هەبێت و چەند هەبێت و چەند خەڵکی باش هەبن و چەند خەڵکی جینایەتکار و دڕندە و بەدخووش هەبن؟

بەهار وەکو بیر بکاتەوە، تۆزێک خەیاڵی ڕۆیشت، دوایی ڕووی کردە پەخشان و پێکەنیی و گوتی:

- با لە ژنە سەرتاشراوەکەی ئەم کۆڵانەی تەنیشتمانەوە بۆت باس بکەم.

بەهار قوومێکی کەی لە چایەکەی دا و گوتی:

- ڕۆڵە ئەم ژنەی بۆت باس ئەکەم، تەمەنی هەر چل ساڵ ئەبوو، لە بالا و قەڵەوی و هەموو شتێکدا ناوەندی بوو. تاوەکو لە جوانییشدا ئەم ژنە پرچی هەر عەینی پیاو تاشراو بوو. ئەمە چەند ساڵ بوو دەمبینی، ئەم پرچەی هەر عەینی شکڵ بە زستان و بە هاوین و چوار فەسڵە و بە بەفر و سەهۆڵ کراسێکی کورت کورتی لە بەردایە، سەر ئەژنۆی و هەندێک جاریش سەر و ڕانی و یاخود شۆرتی لە پێ دەکرد و هەر یەک تۆز بە حاڵ دونیاش خۆشی بکردایە، پەڕۆیەکی بە سنگ و پشتی بە دوو پەتی تیلماسک ئەبەست. بە جۆرێک ئەگەر قەدەغە نەبوایە کە لێرە وەکو وڵاتانی تر نییە و ئەگەر خەڵک لە دیمەنی قانوونی لای دا پۆلیس بۆی هەیە بیگرێت. ئینجا ئەگەر تیپی قانوون و پۆلیس نەبوایە وا بزانم ئەم ژنە هەر ڕووتوقووت ئەسووڕایەوە و ئەوەندە شانازیی بەو لەشولارە نموونەییە ئەکرد.

بەهار دایە پرمەی پێکەنین و گوتی:

- به خوا وا بزانم ئەمشەو مۆتەکەی ئەم ژنانە دێنە خەوم، لە گوناهی ئەوەی وا باسیان ئەکەم، کە بە خوا درۆش ناکەم. هەر وەک هەیە و چۆنم دیون وا باسی ئەکەم.

پەخشان بە خۆشییەکەوە سەیرێکی کرد و بە پێکەنینێکەوە گوتی:

- تو خوا ئەم باسانەم بۆ بکە، حەز ئەکەیت با ئۆباڵیان بچێتە ملم، بەڵام خۆ تۆ بوختانیان پێ ناکەیت و هەر وا باس ئەکەیت.

بەهار گوتی:

- ئەی چی کچێ، بە خوا زۆریشم هەر لە بیر نەماوە، لەوەش خراپتر بوو.

ئینجا گوتی:

- ژنی دووەم سەرنجی ڕاکێشاوم، ژنێکی گەنجی ئێسکسووکی خۆشەویست بوو. کەڵەگەتێکی کاڵ بوو. ئەم ژنە دوو کچی هەبوو، لە تەمەنی ٧-٨ ساڵ بوو. هەردوو کچەکەی بە سکێک لە دایک بووبوون. یانی جمک بوون و هەر کتومت سێوێک بوون و لەگەڵ دایکیان کرابوون بە سێ کەرتەوە. لە ژیانمدا کەسم نەدیبوو دایک و کچ وا لە یەک بچن. ئینجا ئەم ژنە تێکرا پێش ئەوەی منالی مەکتەبەکە بەر ببن، لە دوورەوە سەری دەر دەکەوت و دەم ئەجوولایەوە و شتێکی ئەخوارد.

چەند جار گرەوم لەگەڵ خۆم ئەکرد کە بزانم ئیمڕۆش کە ئەو ژنە هات، دەمی ئەجوولێتەوە و شتی لە دەمدایە و ئەیخوات یان نا؟ بەڵام هەر ئەوەندەم دەزانی وا لە پێچەکە کە دوو-سێ دووکانی لێ بوو، وا سەری دەرکەوت بە دەمی پڕەوە تاوەکو ئەگەیشتە بەردەمم، کە لە ئۆتۆمبێلدا دەبوون ئەمبینی هەر عەینی وەکو هەموو ڕۆژێک سێ چوکلێتی گەورەی کڕیوە، یەکێکی وا خۆی ئەیخوات دوانەکەش بۆ کچەکەی. کە هەر عەینی خۆی بوون. ئینجا ئەچووە حەوشەی

مەکتەبەکە ڕائەوەستا و بە دەم مڵچەملَچ و چوکلێتخواردنەوە تاوەکو منالْ ئەهاتنە دەرەوە لە سنفەکانیان، ئینجا لەگەڵ کچەکانی پەلاماری یەکیان دەدا و یەکتریان تێر ماچ ئەکرد، دوایش چوکلێتێکی دەدانە دەست و هەر سێکیان قۆڵیان ئەکرد بە قۆڵی یەکتردا و ئەڕۆیشتن بەرەو ماڵەوە. بەیانیانیش هەر ئەو کچەکانی ئەهێنا بۆ مەکتەب بە سەرما و بە بەفر و بە تۆفان ئەو ژنە هەر وای ئەکرد و ئەو دوو کچەی یەک هەنگاو بەڕەلا نەئەکرد. تێکڕا دیمەنی خۆی و دەمە پڕەکەی و دوو کچەکەی زۆر خۆش و پێکەنیناوی بوون.

بەهار هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی:

- ژنی سێیەم، ئەویش ژنێکی چل ساڵ ئەبوو، بالا و قەد و قەڵەویی ناوەندی بوو. جلی باش و درێژ و بەڕێزانەی لەبەر ئەکرد. بەڵام پرچی کورت کورت بوو، ئەتگوت پیاوی سوور، ئەتگوت ڕەنگی خەنەیە، چوار ساڵ ئەم ژنە ئەم پرچەی نە درێژ بوو نە کورتتر بوو. وە نە ڕەنگیشێ گۆڕا، عەبووس و وشک دەموچاوی هەمیشە غەزەبی لێ ئەباری، هەندێک جار ئەمبینی لەگەڵ هەندێک ژن قسەی ئەکرد و ڕادەوەستا لەگەڵیان باسی ڕابواردن و گوزەرانی دەکرد، بەڵام قەت قەت لێوی نەدەپشکوت. هەمیشەش عەینەکی لە چاودا بوو. چاکەتەکانیشی بە زستان و هاوین سپی بوون. لەم ژنە زۆرم هەڵسا، دیمەنی دڵی خەڵکی ئەگرت...

بەهار باوێشکێکی دا و پێکەنیی و گوتی:

- هەستە با ئیتر بڕۆین بنووین. بەسە با ئەوانی تر بۆ شەوێکی تر بمێنن.

پەخشان کە خەریک بوو خەو دەیبردەوە لە تاو ئەو قسە گێڕانەوە خۆشانەی بەهار کە دەتگوت لای لایە و حیکایەتی پێش نووستنی بۆ دەکات. گوڕی دایە خۆی و گوتی:

- نه بە قوربانت بم، کێ ئەڵێت جارێکی تر ماوەی وامان دەست دەکەوێت، ئیمشەو وا ماوەمان هەیە شەوی داهاتوو تۆ ئەڵێیت کاک سەردار میوانی هەیە، کاکە حەسەنیش دێت و ئەبێت بڕۆمەوە، چونکە ئەبێت خۆمان کۆ بکەینەوە من و کاکە حەسەن بۆ گەڕانەوە جینی ئەمڕۆ تەلەفۆنی بۆ کردم، خۆی و منداڵەکانی جارێ نایەنەوە. تاوەکو هەر سێ مانگی وچانەکەی تەواو دەبێت، بەڵام کاکە حەسەن ئیش و کاری هەیە، منیش خەریکە تاقەتم ئەچێت و بیری لای خۆمان ئەکەم.

بەهار پێکەنیی و گوتی:

- ڕاست ئەکەیت ئەگەرچی زۆرم پێ ناخۆشە کە ئەگەڕێیتەوە، بەڵام بڵێم چی چار نییە، ئەترسم کاک حەسەن بتباتەوە، دوایی نارەحەت ئەبم و هەر لە دڵمدا دەمێنێتەوە و ئەڵێم بۆچی هەموویم بۆ نەگێڕایەوە. بۆیە هەر باسی دوانی ترت بۆ ئەکەم کە هەر لەبەر چاومن.

بەهار هەندێک کۆکی و قومێک ئاوی خواردەوە و گوتی:

- باشە باسی ئەم ژنەت بۆ بکەم کە هەرچەند ئەکەم ناتوانم پێی بڵێم ژن، چونکە بەڕاستی ئەو لە ژان ئەچوو وەکو لە ژن! ئەم ژنە ژانە ڕەزاگرانە باڵای هەر بەقەد کچێکی دە ساڵ ئەبوو، بەڵام قاچی ئەستوور بوون بۆ ئەوەی ئەو عەیب و کەمییەی داپۆشێت پێڵاوێکی پاژنە بەرزی وەک پەیژە ئەکردە پێ، هەمیشە سنگ و مەمکی ئەخستە ڕوو و نیوەیان بە دەرەوە بوون، چونکە هەندێک سنگ و مەمکی فرە جوان بوون، تێکرا کراس یان هەمیشە تەنوورەیەکی کورت کورتی "میکرۆجۆب"ی لەبەر ئەکرد، تەسک تەسک بە حاڵ ئەیتوانی هەنگاو هەڵبێنێت، ڕۆژێک پرچی سوور بوو، ڕۆژێک پرچی زەرد بوو، پەچی درێژ بوو بەسەر شانیدا ئەهاتە خوارەوە،

هەروەها لوولیشی کردبوو، ورد (کشمیش) ئەتگوت کەپرە بەسەر سەریەوە، تێکڕا یاری بە کلیلی ئۆتۆمبێلەکەی ئەکرد و ئەو کەسانەی ڕاشئەوەستا و قسە و باسی لەگەڵ ئەکردن، هەر ئەوانیش لە چرپنەکانی وەک خۆی بوون، بەڵام هەر کەس کەسی نەئەگەیشتە چرپنیی ئەو.

زۆر جار بیرم لەو منالّە جوانە فەقیرانە ئەکردەوە، ئەمگوت ئەبێت ئەم چرپنە تیاترۆیەوە چۆنیان بەخێو بکات و چۆن ئاگای لێیان بێت، وەرە منالّی بێگوناهی بەستەزمان بکەونە ژێر دەستی ئەم سەماکەرە هیچوپووچەوە. قەیناکە ئێرە شاری سەربەستی و بەرەڵاییە، بەڵام هێشتا کەسم نەدیبوو، بەتاییەتی لە ناو ئەو سەدەها دایکانەی لەو ناوە کۆمەڵ ئەبوون، کەسێک لەم ژنە ژانە بچوایە و یان هەر تۆزێکیش بە لایدا تێپەڕیایە، جگە لە بەیتە شەکەی کە یەکم کەس لێرە بۆم باس کردیت.

بەهار دایە پڕمەی پێکەنین و گوتی:

- ئەمیان گوناحیشە، بەڵام خۆی وای لە خۆی ئەکرد خەڵک لەجیاتی بەزەیی، ڕقی لێی هەستێت.

ئەمیان دیسان ژنێکی سەروو چل ساڵ بوو، خراپ نەبوو، هەندێک باڵای هەبوو، زیاتر لە زەعیف ئەچوو. وەک قەڵەو، جلی ڕێکوپێک بوو، بە حورمەت دیار بوو، بەڵام جارێکی دیکەش ئەم نەگبەتە هەر ڕاست سەری لوتی برینێکی لێ هاتبوو، یاخود سووتابوو، هەمیشە کرێم و دەرمان و پلاستەری پێوە بوو. پرچیشی کورت و زەرد و لوولی کردبوو. ڕەنگی پێست و دەموچاوی زۆر سپی نەبوو، هەر وەک سپییەک لەبەر هەتاو سووتا بێت، ئەم ژنە کە ئەڕۆیشت بە ڕێوە، وا خۆی با ئەدا بە لالووتەوە سەیری خەڵکی دەوروپشتی خۆی ئەکرد، هەر ڕاست ئەتگوت

مارلین مۆنرۆ مردووه و ئەمیان خستووەتە جێ و ئەو خەڵکەی ئەو ناوەش هەموو مەیموونن لەبەرچاو ئەودا، ئەوەندە بە فیز و دەعییە دەڕۆیشت بەڕێوە، منیش سەرم سوورِ ئەما، لەو حیکمەتە کە ئەم ژنە بۆ وا ئەڕوات و بۆ ئەوەندە بە فیزە.

بەهار گوڕی دایە خۆی و دەستی پەخشانی گرت و ڕای کێشا و گوتی:

- هەستە ئیتر با بڕۆین بنووین، ئەوانی تر کە هەوڵ دەدەم سبەینێ بەدەم ئیشەوە بۆت باس بکەم، بە خوا هەندێکیانم لە بیر چوونەتەوە و خەمت نەبێت هەموویانت بۆ باس ئەکەم.

شەو باسیان لە یەک کرد و هەر کەسەیان چووە ژوورەکەی و سەر جێگەکەی و هەر زوو خەویان لێ کەوت.

سبەینێ دوای ئیش و کار بەهار سوار بووەوە لەگەڵ پەخشان، بچن منداڵەکان بهێننەوە لە مەکتەب، هەر کە گەیشتنە بەر مەکتەبەکە، پەخشان زەردەخەنە گرتی و گوتی:

- ئەرێوەڵا بیرم کەوتەوە، ئەبێت دیسان باسی دایکە سەرنجڕاکێشاوەکانم بۆ بکەیت. ئەوە لە ماڵەوە بیرم نەبوو لێت بپرسم و لەبەر گڤەگڤی گسک و فڕەفڕی مەکینەی جلشتن و قاپشتن کەس گوێی لە قسە نەبوو.

بەهار بەدەم ئۆتۆمبێلڕاگرتنەوە گوتی:

- ئەی بۆچی باسی گرموهوڕی مەکینەی کفتەشێلانەکە ناکەیت، پەنا بە خوا... ئێستا هەموو شتێک هەر ئەو دەنگە ناخۆشانەیان لێ دێت و هەمووی هەر مێشکی خەڵک دەشێوێنێت و سەر گێژ دەکات، باشە تاوەکو مناڵەکان دێنە دەرەوە با باسی یەک-دوانی ترت بۆ بکەم.

بەهار دەستی پێ کرد و گوتی:

- پـێش ئەوەی باسـی ئەم ژنەت بـۆ بـکەم، ئەمەوێـت بڵـێم سوبحان الله ئەوە خەڵکی واش هەیە کە بە دەستی خۆی وا لـێ بکـات، وا خـۆی بکـات بە عیبـرەت، بەڕاسـتی زۆر جێـی سەرسووڕمانە!! نـازانم ئەو ژنە دینـی وا بـوو، مەزهەبـی وای پـێ دەگـوت کە وا لە خـۆی بکـات... هەرچۆنێک بێت هەمـوو جارێـک کە ئەمبینـی دەسـتم ئەخسـتە سـەر دەسـت و بە سەرسووڕمانەوە سەیرم دەکرد:

ژنەکە گەنـج بـوو، کـوڕە گەورەکەی دە سـاڵان بـوو. ئەوی تریـان بچووکتر، ژنەکە هەندێک ورد ئەندام بوو، بۆیەش وا یەکجار دیار بـوو، ڕەنگـی سـپی سـپی بـوو. دەموچـاوی بە باشـی نەتئەزانـی چـۆنە، هەر تێکـڕا دەموچـاوێکی سیسـی کـاڵ دیـار بـوو. سـەری تاشـرابوو. وەک عەسـکەری لای خۆمـان نمـرە سـفر. لەبەر ئەوە سەری بچووک و زەرد دەچووەوە، پانتۆڵێکی جینزی ئەکردە پێی لەگەڵ قەمسـەڵەیەکی عەسـکەری، کوڕەکانیشـی هەر وەک خـۆی، عەینەن وا سـەریان تاشـرابوو. لەبەر ئەوە ئەوانیش دوو سـەلکی بچـووک و زەرد ئەچـوونەوە. دوو قەمسـەڵەی وەکـو دایکیشـیان لەبەردا بـوو بەسـەر جلـی تـایبەتیی مەکـتەبەوە. دیـار بـوو قەمسـەڵەکانیان لە یەک شـوێن کڕیبـوو، بە سـێ ئەنـدازە گەورە: ناوەندی، بچووک... عەینی ڕەنگ.

زۆر جار کە ئەم ژنەم ئەبینی، دەمگوت ئێسـتا لـووتی بگریـت ڕۆحی دەرئەچێت، کەچی زۆر زیت و قیت و بەگوڕ بـوو. دەسـتی هەردوو کوڕەکەی ئەگرت و زۆر جاریش دەستیان ئەخسـتە ژێـر بـاڵی خـۆی و ئەڕۆیشـتن پـێکەوە. کـوڕە دە سـاڵەکەی هاوسـنفی سارا بـوو. جارێـک هـات بـۆ ماڵمـان، چونکە جەژنـی لەدایکبـوونی سـارا بـوو، لێـرە عـادەتە هەنـدێک جـار کە مناڵێـک جەژنـی لەدایکبوونی دەبێت سنفەکەی بانگ دەکات بۆ زەماوەندەکە. ئینجا کە ئەو کـوڕە هـات بـۆ ماڵمـان، ئەوەنـدەی نەمـابوو بـڕۆم، بە

ئەسپایی لێی پرسیم: ئەی کوڕەکە گیان، ئەوە دایکتان بۆ وایە؟ هەر ئەڵێیت برا گەورەکەتانە، چونکە لە دوورەوە کە ئەو ژنە و دوو کوڕەی ئەڕۆیشتن ئەتگوت سێ بران.

پەخشان بە دڵ پێکەنیی و گوتی:

- ئەرێ ماشەڵڵا ئەوە چۆن ئەوانەت لە بیر ماوە! بەڕاستی هونەرە، یاخوا هەر خۆش بیت.

بەهاریش پێکەنیی و گوتی:

- دە ڕاوەستە، با باسی ئەمەشیانت بۆ بکەم و ئیتر تەواو. ئینجا گوێ بگرە.

ئەمەیان ژنێکی قولەڕەش بوو، بەڵام ئێسکی سووک بوو، پرچی وەکو قولەڕەشەکان چڕ و پڕ بوو، دیار بوو داماو بووبوو بە دەستیەوە، بەستەزمانە حەزی ئەکرد ئەگەر ئەویش بیتوانیایە وەکو ئەو خەڵکانەی تری لێ بکات، بەڵام لەجیاتی ڕێکی بخات بە زیاتر بە قوڕی گرتبوو. چونکە چووبوو پرچی کردبوو بە سێ بەشەوە، ئەملا و ئەولای ڕەنگ کردبوو بە زەردێکی پرتەقاڵی و ناوەڕاستەکەشی هەر وا بە ڕەش بەجێ هێشتبوو. دیمەنی زۆر عەجایەب بوو! یەکەم جار کە دیم لە دوورەوە، وام زانی کڵاوی سێڕەنگی لە سەردایە. تاوەکو نزیکم بووەوە سەیرم کرد ئەمە پرچی خۆیەتی وای لێ کردووە! ئەڵێیت خوا کە غەزەب لە مێرووله ئەگرێت باڵی بۆ پەیدا ئەکات، ئەمە ئەم مەسەل و پەندە هەر ڕاست و لەو ژنە نەگبەتە ڕووی داوە. خۆی پرچی ڕەش و لوول و بژ، چوو بوو واشی لێ کردبوو بە دەستی خۆی کردبوو بە تەماشاچی ئەو هەموو خەڵکە.

خۆی و پەخشان دەستیان کرد بە پێکەنین بە باسی ئەو ژنانە. بەهار هەناسەیەکی هەڵمژی و گوتی:

- ئۆخەیش ئیتر ئەمڕۆ دوا ڕۆژی مەکتەبە و لە سبەینێوە وچان دەست پێ ئەکات و هەندێک پشوو دەدەین.

پەخشان بە سەرسووڕمانەوە گوتی:

- زۆر سەیرە لای ئێمە لە کەیەوە وچانی مەکتەب دەستی پێ کردووە. کەچی لێرەش هێشتا هەر مەکتەب هەیە.

بەهاریش وەرامی دایەوە و گوتی:

- تۆ ئەڵێیت چی، لە زۆری ئەورووپاش دەمێکە وچانی مەکتەب دەستی پێ کردووە و فەڕەنسا و سوید و شوێنی تر، هەر ئێرە نەبێت. ئێرە قانون و ڕەوشت و خووی کۆن زۆر ئەپارێزن، لێرە ئەگەر بیانەوێت چەند خاڵێک بگۆڕن، لە قانوون و یان لە شتێکی کۆنیان کە لەگەڵ ئەم کات و ڕۆژە ڕێ ناکەوێت و ئەوە هیی ئەوسای کۆن بووە، ئەوە هەر بە جارێک قیامەت هەڵئەسێت، ئیتر دەردی کوردی خۆمان گوتەنی، ئەبێت شفتە بگرینە سەرمان. ئەوەندە باسی ئەکرێت و شەو و ڕۆژ دەنگ و باس هەر ئەوە ئەبێت، تاوەکو ئاخیری یان ئەیگۆڕن، یان پەرلەمان ڕازی نابێت کە بگۆڕێت، هەر وەک خۆی دەمێنێتەوە. مناڵی فەقیریش تاقەتیان چووە، چاوت لێیانە هەندێکیان وا بێزارانە ئەڕۆن بەڕێوە، خۆی و جانتاکەی ئەڵێیت سەرخۆشن. ئێرە ئەگەر چی تێکڕا هەور و بارانە، بەڵام چونکە هاوینە کە خۆش ئەکات دونیا بە تەواوی گەرم گەرمە، چاوت لێ بوو ئەو ڕۆژانەی خۆش بوو، چەند گەرم بوو. لێرە ئەوەی ناخۆشە، کە خەڵک خۆیان ئامادە نەکردووە و وەکو لای خۆمان بۆ گەرما تاوەکو پانکەش تاکوتەرا هەیە، چونکە هەموو گەرما بخەیتە سەر یەک مانگ نابێت ئیتر ئەوی تر هەمووی سەرما و هەور و بارانە.

پەخشان هاتە قسە و گوتی:

- ئەوە بۆیە ئەم خەڵکە بەستەزمانە هەر کە ڕۆژەکەی خۆش ئەبێت هەموو خۆیان وا نیوە ڕووت ئەکەن و خۆیان لەبەر ئەو هەتاوە هەڵئەخەن و دڵیان وا خۆش ئەبێت، ئەوە ئەوەندە عەزرەتین.

دوو سێ ڕۆژێک بوو پەخشان گەڕابووەوە ماڵی دایکی جینی، جینی مات و دڵگیر دیار بوو، دیار بوو لەگەڵ حەسەنی مێردی کە حەز دەکەن ئەگەر بتوانێت حەسەن کارەکەی هەر لێرە بکات و نەگەڕێتەوە. هەرچەندە نەیانوێرابوو هەر ڕاستەوخۆ پێی بڵێن، بەڵام بە جۆرێک تێیانگەیاندبوو کە پێیان خۆشە ئەگەر وا بکات. حەسەنیش هەڵچووبوو و تێیانبەر بووبوو، پێی گوتبوون:

- مەگەر لە خەوتاندا ئەوە ببینن، من چۆن وا ئەکەم! من خواخوام بوو زوو خوێندنەکەم تەواو بکەم و بگەڕێمەوە، خۆیشتان ئەوە ئەزانن و پێش ژنهێنان و هەموو شتێکم تێگەیاندبوون و ئێوە نەک ڕازی بووبوون، منەتیشتان بردبوو. ئێستا ئەم مەکە و بچمەوبچمە چییە؟ یەک ڕۆژ لێرە ئیش ناکەم و ناگەڕێمەوە ئێرە و کێش دێتەوە با بێتەوە و کێش نایەتەوە کەیفی خۆیەتی.

حەسەن بە تەوسەوە پێکەنیبوو گوتبووی:

- سەیر ئەبێت نەگەڕێمەوە و بێم لێرە بە دیارتانەوە دابنیشم، من کە تەلەبە بووم، ناوی فلاتە بچکۆلەکەمیان نابوو سابوونکەران و دەرگەزێن.

لەبەر ئەوە حەسەن کەوتبووە دیاریکڕین بۆ ئاشنا و خزمانی لەگەڵ پەخشانی خوشکی، دەبوو دوو ڕۆژی دیکە بگەڕێنەوە بۆ وڵات. جینی لەوە ترسابوو، چونکە حەسەنی دەناسی چۆن کوڕێک بوو، کە چۆن لە قسەی تایەتە خوارەوە، هەروەها خۆشیشی دەویست و زۆر میهرەبان و کوڕی چاک بوو. بێجگە لەوەش حاڵ باش و گیرفانگەرم بوو، بۆیە لەسەر ئەوە ڕێک کەوتبوون کە ئەگەر حەسەن لێ نەگەڕێت تاوەکو وچانی مەکتەب تەواو دەبێت، ئەوسا ئەو نەیویستبوو هەموو دەرگایەک دابخات لەبەر منداڵەکانی، چونکە زۆر هۆگریان بوو، زۆری خۆش دەویستن، بەڵام لە دڵدا زۆر ڕقی لە جینی و دایکی هەستابوو، کە وا ئێستا خەریکن گێچەڵی پێ دەکەن و

فرسەت لەوە دەبینن کە حەسەن ناتوانێت لە منداڵەکانی جیا ببێتەوە و ئەم چەکە لە دژی بەکار دەهێنن تاوەکو بە قسەیان بکات.

ئاخری ڕێککەوتن لەسەر ئەو بڕیارە کە جینی و منداڵەکانی لێرە بمێننەوە تا کاتی کردنەوەی مەکتەب، کە هاتیش دایکی لەگەڵ خۆی بهێنێت، بەینێک لە لای بێت. جینی و دایکی ئەو تەگبیرەشیان کردبوو هەر وەک ئەوە بوو کە دایکی بێت و حاڵ و گوزەران و کەسوکار و ئەو وڵاتەی حەسەنیش ببینێت. حەسەن و پەخشان گەڕانەوە وڵات و گەیشتنە سلێمانی، چەند ڕۆژێک ئاتە خان هەر گریا و دڵگیر بووبوو، جنە و منداڵەکانی چەند جارێک بە نۆرە کردی بە قڕە و مەحکەمە، هەندێک جار لەگەڵ حەسەن بە قسەی ئەو دڵی ئارام نەدەبوو ئینجا کەوتە سوێندانی دایک و خوشکی چییان گوت و چییان کرد، ئەی منداڵەکان نەگرییان؟ خەفەتیان نەخوارد؟

ئاتە خان لە پەخشانیش دەبووەوە ئینجا ڕووی دەکردە مێردەکەی خۆی و تێکڕا لە ژوورەکەی خۆیان هەر مشتومڕی جنە و منداڵەکان بوو. جاری وا هەبوو لەگەڵ میرزا عەلی مێردی دەگەیشتە شەڕ و هەلا و جاری واش هەبوو دڵی دەسووتا و دەکەوتە دڵدانەوەی، کە قسەی چی دەکات و ئەو ژنە گوناحە بیری وڵاتەکەی و کەسوکاری دەکات، ئیش و کاری نییە لێرە، مەکتەب نەکراوەتەوە لێرە، لەبەر سۆزان، ئیتر بۆچی ئەوەندە خۆی سەغڵەت دەکات و بە خۆڕایی بیری منداڵ دەکات، منداڵەکان لە لەندەنی خۆ لە سەحرا و بیابان و ژێر گوللە تۆپدا نین.

ئەوەی ئەوەندەی تر ئاتە خانی سەغڵەت کردبوو، دیسانەوە پرس و پرسیاری خزم و ئاشنا و دەرودراوسێ کە دەبوو ئاتە خانی بەستەزمان ڕۆژی چەند جار ئەو قەوانە و شریتەی لێ دایەوە، بۆ هەر یەکەیان کە دەیانپرسی:

- ئەی ئەوە جنە بۆ نەهاتەوە لەگەڵ منالەکانی؟

ئاتە خانیش دەکەوتە بیانووگرتن، بەدەم زەردەخەنەوە کە گوایە دڵی خۆشە و هیچ نەبووە و هەر وا بۆ کەیف جنە حەزی کردووە بمێنێتەوە.

دیسانەوە دەکەوتە ئەو قسانە و چەندەها قسەی خۆشی منداڵەکانی بۆ دەگێڕانەوە کە لەویٚ لەگەڵ پەخشانیان کردووە و سیٚ ئەوەندەشی بۆ دەخستە سەر. هەر بۆ ئەوەی ئیتر بەرۆکی بەر بدەن و چیتر پرسیاری لیٚ نەکەن. کەچی بە پێچەوانەوە، ئەو خەڵکە کە بەیەک دەگەیشتن و فرسەتیان دەست دەکەوت، بگرە هێشتا لە ماڵەکەی ئاتە خاندا بوون، ڕوویان دەکردە یەک و دەستیان دەنایە پەنا دەمی خۆیان و دەکەوتنە چرپەچرپ لەگەڵ یەک:

- کچیٚ ئەڵێن لەویٚ پۆلیسی هێناوەتە سەر حەسەن و گوتوویەتی هەر ئێستا تەڵاقم دەدەیت و من نایەمەوە ئیتر بۆ وڵاتی ئێوە.

ئەوی دیکەیان دەیگوت:

- ئەڵێن وا میرزا عەلی و ئاتە خان ئەڕۆن بۆ لەندەن بەدوایدا.

یەکێک لەو لاوە هەڵی دەدایە و دەیگوت:

- کچیٚ دایکم، خوشکم، بەدواداچوونی چی؟! بۆ چوونە لەندەن قڕگەیە، ئەم قسانە چییە!؟ ژنەکە حەزی کردووە بەینێکی تر لە لای دایکی و ئەوان بمێنێتەوە و دوایی دێتەوە. ئەمە ئەم هەموو حیکایەت و قسانەتان لە کوێوە هێنا؟

ئەوی تریان لچی هەڵەقورتاند و دەیگوت:

- وەکو من بیستم لە باجی پیرۆزی نانکەر دەیگوت: گوایە جنە گوتوویەتی ماڵ و خانووبەرەی جیام دەوێت و من لەگەڵ دایکت و ئەوان دانانیشم.

ئیتر تاوەکو نزیک تەواوبوونی وچانی مەکتەب لەم بەیت و باڵۆرە و قسە و باسە تەواو نەبوو، هەر ئەم خەڵکە پێی ڕادەبوارد و ئاتە خانیشیان زۆر پیٚ سەغڵەت دەکرد، تاوەکو ئێوارەیەک ئۆتۆمبێل لە

بەردەرکی میرزا و ئاتە خان وەستا، جینی و دایکی و منداڵەکانی لێ دابەزین، لەگەڵ حەسەن کە چوو بوو بۆ بەغدا بە پیریانەوە، ئینجا ئەو قسە و قسەڵۆکە نەما، بەڵام ئیتر باسی تراکسود و پانتۆڵ و جگەرەکێشان و دانیشتن و ڕۆیشتنی دایکی جینی هاتە پێشەوە.

ئاتە خان لە خۆشیی گەڕانەوەی جنە و نەوەکانی خۆی، هەر خەریک بوو نەک ئەوان، بگرە دایکی جینییش بگرێتە کۆڵ. دەهات و دەچوو دەستی دەکردە ملیان و زوو زووش دەستە خرپنە سپییە بەبازن و گۆیەکانی ڕادەوەشاند و بە دایکی جینی دەگوت:

- یاخوا بە خێر بێیت و خێرت هێنابێت. دونیام لێ ڕوون بووەوە.ماڵەکەم پێشکەشت، مناڵەکانم خزمەتکارت.

دایکی جینییش دەتگوت گوێزی بۆ دەژمێرن. هەر نەیزانی ئەوە باسی چی دەکات.

هەندێک جاریش بە پەخشانی دەگوت:

- توخوا ڕۆڵە دە پێی بڵێ چیم گوت.

پەخشانیش پێدەکەنیی و دەکەوت بە گازی پشتدا و دەیگوت:

- وەڵا دایە گیان ئەو قسانەی تۆ ئەیڵێیت تەرجومەیان نییە. ئەوە ئەبێت قاموسێکی تایبەتییان بۆ دروست بکرێت. ئەورووپییش ئەو قسانە تێناگەن. یان ڕاستتر دوور لە تۆ، لەم درۆیانە تێناگەن، کە پێی بڵێیت ماڵەکەم پێشکەشت بێت، یانی بۆ خۆت بێت. وا ئەزانێت ڕاست ئەکەیت، یەکسەر پێت ئەڵێت: ئۆە زۆر سوپاس تۆ ژنێکی زۆر میهرەبانیت! بەڕاستی ماڵێکی خۆش و باشە، زۆر سوپاست دەکەم. ئیتر وا ئەزانێت کە تۆ خانووەکەت دا بەو و تەواو.

ئاتە خان بە حەپەساوییەوە دەستی دا بە سنگی خۆیدا و دەیگوت:

- ئەیەڕۆ! ئەمە چ قسەیەکە، ئەمە عادەتە لە کوردەواریدا، لە خۆشیدا بۆ "مجامەلە" خەڵک وا ئەڵێت.

پەخشان دیسانەوە پێدەکەنیی و دەیگوت:

- ئینگلیز و ئەورووپی ئەو عادەتانە نازانن، لەبەر ئەوە واز لەم قسانە بهێنە.

ڕیتای دایکی جینی، سەری لێ شێوابوو و دونیای لێ تێک چووبوو، ئەم جارە کچەکەی بوو بوو بە چاوساغی و شتی بۆ ڕوون دەکردەوە و خەڵکی دەوروبەری پێ دەناساند و ماڵ و خانوو و سەر و خواری پێ دەکرد، لەسەر سفرە چێشتی بۆ تێ دەکرد و پێی دەگوت کە ئەمە چییە و لە چی دروست کراوە، ئەم جارە جێی پەخشانی گرتبوو، کاتێک کە تازە هاتبوو، وەکو کەڕ و لاڵ بێزمان و ناشارەزا هەر سەیری ئەملا و ئەولای دەکرد، پەخشانیش بوو بە چاوساغی.

ژوورێکی خۆش و گەورە بە فەرش و قاڵی ڕازاوەی درابوویە، کە لێی بنوێت. لە خۆشییاندا بڕوای بە چاوی خۆی نەدەکرد. هەر زوو کەوتە چرپەچرپ لەگەڵ کچەکەی و گوتی:

- نەخەڵاتابیت ئەم خێر و بەرەکەتە واز لێ بهێنیت. ساڵی جارێک دێیت بۆ لامان، ساڵی جارێک دێم بۆ لات و ماوەیەکی زۆر لات دەمێنمەوە، ئیتر قسەمان نەما. ئەم جارە با خۆت و مناڵەکانیش بێن، هەموومان بە نۆرە دێین و دەڕۆین بۆ لایەک، ئیتر چییە، لەندەن هەمووی پێنج-شەش سەعاتێک لێرەوە دوورە، کوڕەکەش هیچ ڕێی لێ نەگرتووین و درێغیشی نەگرتووە.

ڕیتا بە ڕۆژ ئەبرایە بازاڕ و دەرەوە و گەڕان و سەر دەعوەت، هەروەها بە شەویش. یان میوانیان دەهات، لە سەروو مەجلیسەوە دادەنیشت و جاری واش هەیە لە تەنیشت میرزاوە و دەستی دەکرد بە قسە و پێکەنین نە ئەمان دەیانزانی چی دەڵێت، نە ئەو دەیزانی ئەوان چی دەڵێن، ئەگەر جینی بە نیوە کوردییە شکاوەکەی، یان پەخشان بیانتوانیایە فریا بکەون قسەکانیان بۆ یەکتر تەرجومە بکەن. ئەویش لە دە قسە، چوار قسەی، بەڵام نە ڕیتا گوێی لێ دەبوو، کە

تێدەگەن یان نا، هەر قسەکانی دەکرد و ئەمانیش پێیان لەوە دەنا کە تاوەکو بەیانی قسە بکەن خۆ ئەو نازانێت چی دەڵێن بە ئیشارەت نەبێت. زۆر جار ئاتە خان لە دڵی خۆیدا دەیگوت:

- تۆ بزانە ئێمە و ئەورووپی چەند جیاوازیمان هەیە، ئێستا ئەم ژنە چەند ڕۆژێکە هاتووە نەدیو و نەناس، کەچی چۆن پاڵ ئەداتەوە و شانبەشانی میرزا و ئەو پیاوانە دائەنیشێت و فیشەفیشی جگەرەیە و لنگ دەخاتە سەر لنگ. بە بیانووی قاچئێشانەوە جاری واش هەیە قاچی دەخاتە سەر تەپڵەکەکەی، لنگی دەخاتە بەر دەمی ئەو پیاوانە. دە ئەوە یەکی وەکو من بێت، بشمرم ڕووم نایە وا بکەم، هەرچەندە هەمیشەش لە ناو پیاودا دائەنیشم و هەموو دەورووبەرم خوا نەیبڕێت، هەر پیاوی خزم و ئاشنا و ناسیاوە. خوا زیادیان بکات. چاوت لێ بوو ئەو ڕۆژە لە ناو ئەو هەموو پیاوانە لە سەرچنار، چۆن پاڵ کەوت و گوێشی لە کەس نەبوو.

بەیانییەکیان وا ڕێک کەوت ئاتە خان و حەسەنی کوڕی بە تەنیا لە ژوورەوە بن، چونکە هەردووکیان زۆر زوو هەستان لە خەو، حەسەن ڕۆژباشی لە دایکی کرد و سەیرێکی کرد و بە زەردەخەنەوە لێی پرسی:

- دایە گیان دونیات چۆن دێتە پێش چاو.

حەسەن پێکەنیی و لەسەر قسەکەی ڕۆیشت و گوتی:

- ئەڵێیت چی دایکی جینی لێرە بدەین بە شوو، با ئەویش ئیتر نەگەڕێتەوە؟

ئاتە خان بەدەم چاتێکردنەوە و ئامادەکردنی بەرچاییەکەوە ئەویش دایە پڕمەی پێکەنین و گوتی:

- تۆ بڵێیت شوو بکاتەوە؟ ئەیەڕۆ قوڕبەسەرە چی پێوە ماوە، تاوەکو شوو بکاتەوە؟

حەسەن دانیشت لەسەر سفرەکە و خاولییەکەی چەند جارێک بە سەر و مل و دەموچاویدا هێنا و گوتی:

- ئۆە دایە ئەمە چۆن ئەناسیت؟ ئەمەنە دڵی تەڕە وای مەبینە، لەوێ پیاوێکی ئاشنای هەبوو، وەکو ئینگلیز گوتەنی: "بۆی فرێند"ی هەبوو. شەممە و یەکشەمموان لەگەڵی دەچووە دەرەوە و گەڕان.

حەسەن دایە قاقای پێکەنین و گوتی:

- ئەی چی، یەکێکی با بۆ پەیدا بکەین.

ئاتە خان دەستی دا لە سنگی خۆی و بە چرپەوە گوتی:

- کوڕە لە ڕێی خوا، با گوێی لێ نەبێت جنە عاجز دەبێت.

حەسەن قەپێکی لە پارووکەی دا و بە گوپی پڕەوە گوتی:

- گوێشی لێ بێت چوزانێت ئەڵێین چی.

حەسەن لەسەر قسەکەی ڕۆیشت و گوتی:

- نە قوڕ بەسەرە، شووی چی و حاڵی چی، ئەمە کاتی خۆی کە جینی و خوشکی مناڵ بوون، زۆر زۆر عەزێتی بە دەست مێردەکەیەوە دیوە و زۆری نەگبەتی دیوە. نابینیت دەستوپلی ئەڵێیت هیی حەماڵە، ئەوەندە ڕەنجی داوە و چەوساوەتەوە.

دایکی وەرامی دایەوە و گوتی:

- وەڵا خۆ زۆر ژنێکی ڕووخۆش و باشە، تێبگات و تێنەگات هەر پێئەکەنێت، بە پێچەوانەی جنە، مناڵەکانیشی زۆر خۆش ئەوێت، بەڵام ئەو ڕۆژە کە ڕۆحم دەربچێت ئالان کەوت بە دەمدا و دەمی پڕ بوو لە خوێن. ئەو هیچی نەکرد، لەوە زۆر ڕقم هەستا.

حەسەن وەرامی دایەوە و گوتی:

- ئاخر بزانە دایە فەرقی ئێمە و ئەوان ئەوەیە، ئەوان نایکەن بە هەرا و منداڵەکەیان کەوت و ... نایترسێنن و ئەڵێن هیچ نییە، قەیناکە دوو دەست ئەهێنن بە شانیدا و کەچی تۆش بەربوویتە سەر سنگت و هەر خۆتت نیوە مردوو کرد. چییە ئالانی سەگباب کەوت و لێوی خوێنی لێ هات، ئەوان ئەهێڵن منداڵەکە بڕوای بە خۆی بێت. منداڵەکانمان نازدار ئەکەین و کە منداڵەکە گەورە بوو، بڕوای بە خۆی نابێت و هەمیشە پشت بە دایکی ئەبەستێت، دوایش دەستەپاچە دەرئەچێت وەکو من.

حەسەن بە دڵ پێکەنیی و هەستا دەستێکی کردە ملی دایکی و گوتی:

- بیرتە هەندێک جار پەڕۆت تەڕ ئەکرد و لە ناو جێگەکە دەموچاوت دەشتم، کە هەڵتدەساندم بۆ مەکتەب و ئەتگوت: با سەرمات نەبێت. دوو ملپێچت لە ملم دەئالاند، تا دەگەیشتمە مەکتەب، خەریک بوو بخنکێم. پانتۆڵ و بیجامەشت لە ژێر پانتۆڵی مەکتەبەوە ئەکردە پێم. ئەتگوت دونیا زۆر سارده ڕۆڵە، بەڵام تۆ ئەزانیت ئەم ئینگلیز و ئەورووپییانە چی لە منداڵی خۆیان ئەکەن؟ بەو زستان و بەفر و سەهۆڵە لە مەکتەب پانتۆڵی کورت و فانیلەیەک ئەکەنە بەریان و ئەبێت ڕابکەن و ڕیازە بکەن؛ کە کەوتیشن ئەڵێن هەستە هیچ نییە، بەو بەفر و سەهۆڵە تەلەبەی بچووک دەبەن بۆ حەوزی مەلە. مەلەیان پێ ئەکەن و بە سەری تەڕەوە ئەیانهێننەوە بۆ مەکتەب.

حەسەن پێکەنیی و گوتی:

- ئەی چۆن وا باشە نەک وەک ئێمە.

***

خەریک دەبوو ببێت بە نزیک مانگێک، کە دایکی جینی و کچ و منداڵەکانی لە سلێمانی بەسەریان دەبرد. تا دەهات بۆڵە و خرتە و چرپەچرپی خوشک و کەسی نزیک ئاتە خان زیاتر بە جۆرێک کە خەریک بوو کار بکاتە ئاتە خان، خۆیشی کە هەموو چەند ڕۆژ لەوە و پێش خانوو و ماڵی پێشکەش کردبوو، کوڕ و کچی بە خزمتکار کردبوو.

بەهێی خوشکی دەستی دەخستە پەنا دەمی و سەیرێکی ئەملا و ئەو لای دەکرد و سەری دەبردە نزیک خوشکی و دەیگوت:

- ئەیەڕۆ ئاتەی خوشکم، خۆ ئەم ژنە غەیرەدین و ناپاکە، شەوان نیو قاپ شەراب ئەخواتەوە، کە ئەچێتە حەمام و دەست بەئاوگەیاندن وەکو ئێمە خۆی ناشوات و خۆی پاک ناکاتەوە، ئەوەتا دوێنێ لە پەخشانی ئەپرسی و وەکو پەخشان بۆی تەرجومە کردم: ئەرێ لەم شارەی ئێوە کەنیسە هەیە؟

پەخشانیش گوتی، پێم گوتووە:

- ئەی چۆن، لای ئێمە گاور زۆرە و زۆریان ڕەفیق و ئاشنامان و خۆشمان ئەوێن.

کەچی بە پەخشانی گوتبوو:

- دە بزانە ئەم یەکشەممەیە حەز ئەکەم منیش بچم بۆ کەنیسە.

ئەگەرچی ئاتە خان هەر چوو بە گژ خوشکیدا و لێی ڕاپەڕیی و گوتی:

- ئینجا هەر کەسە و دینی خۆی و هەر کەسە ئەچێتە قەبری خۆیەوە، ئەو ئەورووپاییە و فێری خواردنەوە و شتی وایە، ئینجا ئێستا ئەمە چۆن ئەکەیت بە تانە بۆ ئەو؟ خۆ ئێستا زۆری ژن و کچی لای ئێمە هەر ئەخۆنەوە و ئەوەش بە نیشانەی پێشکەوتن و ئەلمۆدەیی دائەنێن. ئەی بەوانە ئەڵێیت چی؟ بۆ چوونە حەمام و سەرئاویش خۆ ئینشەڵڵا ناچم

فێری بکەم، چۆن فێر بووە وا ئەکات. ژنەکە هاتووە دوو مانگێک لێرە ئەبێت، ئینشەڵڵا ناچین ڕەوشت و خوو و دینی بگۆڕین. خوا خۆی بە قوربانی بم، فەرموویەتی: "لا اکراه فی دین" و هەر کەسە دینی خۆی خۆش دەوێت. کچەکەی شووی بە کوردی ئێمە کردووە و بردوومانە بۆ مزگەوت و کردوومانە بە ئیسلام و خۆیشی حەزی کردووە و حەقی دایکیمان چییە؟

بەهێ بە شەیتانییەکەوە لچی هەڵقورتاند و دەیگوت:

- ئەوە عەمرم نەمێنێت بۆ خۆی و بوونە ئیسلامی، ئەوە نییە ماشەڵڵا سەری بچێت نوێژی ناچێت.

ئاتە خان هەڵدەچوو و بە توندییەوە وەرامی خوشکی دەدایەوە و دەیگوت:

- وەڵا خوا هەڵناگرێت کچەکانت کە ڕەگوڕیشەیان ئیسلامە نوێژی چاک ئەکەن، زۆری ئەو خزمانەی دەوروبەرمان سەریان بچێت نوێژیان ناچێت. لە دە کەسدا چوار-پێنج کەس نەبێت کەم سەریان ڕووتە و کەم دەموچاویان سواغ دراوە لە ئارایشت، ئەوە بۆچی باسی ئەوانە ناکەیت، هاتوویت لۆمە و تانە ئەگریتە ژنێکی ئینگلیزی، بە وڵات و هەموو شتێکمان بێگانەن، ئەوە ئێوە بۆچی ئەوەندە حەز لە قسە و قسەڵۆک و حەکایەت دروستکردن ئەکەن؟

لەگەڵ ئەوەشدا کە ئاتە خان ئەم قسانەی دەکرد و تێکڕا ئەچوو بە گژ ئەواندا، وەکو خوشکی ئەم قسانەیان ئەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا ئەویش خەریک بوو دڵی کرمێ دەبوو و زۆر جار کە دەچوون بۆ حەمام و سەرشتن دوو-سێ جام ئاوی پێدا دەکرد و هەندێک دوعای دەخوێندەوە، ئینجا دادەنیشت و سەری دەشت.

هەرچۆنێک بێت، زۆر جار لە دڵدا گلەیی لە کوڕەکەی دەکرد و دەیگوت:

- ئــــاخ كــــوڕم، تــــۆ ئەم ژنەت لەو وڵاتە بــــۆ هێنــــا؟ دە بــــا ڕاوەستایتایە تاوەکو ئەگەڕایتەوە و لێرە لە خۆمان ژنێکت ئەهێنــا و منیشــت تووشــی ئەم هەمــوو خەم و خەفەت و بەزەیــی و دوودڵــی و جوابدانەوەی پــرس و پرســیاری ئەم خەڵکە نەدەکرد؛ بەڵام تازە لە دەست دەرچوو... ئۆ بە خوا ئەوەی باسی جنە بە خراپی بکات، خۆم ئەزانم چی پێ ئەکەم.

**تەواو**

**١٩٨٥/٨/١٥**

**لەندەن**